هەرێمی کوردستانی عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

بۆ

پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

دانانی

لیژنەیەك لە وازەرەتی پەروەردە

پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردنی دووەم بۆ هەرچوار بەش

سادق ئەحمەد ڕوستایی | نەمام جەلال ڕەشید | ئەختەر صدیق حسین

سوزان علی محمد | محسن علی حسین | حسین صابر علی

چاپی هەشتەم | ٢٧١٥کوردی | ٢٠١٥زاینی

سەرپەرشتی زانستی

سادق ئەحمەد ڕوستایی

نەمام جەلال ڕەشید

سەرپەرشتی هونەری چاپ

عوسمان پیرداود کواز

خالد سلیم محمود

نەخشەسازی بەرگ

ئاری محسین ئەحمەد

جێبەجێکردنی بژاری هونەری

شیماء یاسین اکرم

پێشەکی

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق، لیژنەیەکی بۆ بژارکردنو پێداچوونەوەی زانستی پەرتوکی (زمانو ئەدەبی کوردی) بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێکهێنا. لیژنەکە دەستیکرد بە پێداچوونەوەی هەموو بەشەکانی پەرتوکەکەو بەپێی پێویست وشەو ڕستەی لە هەردوو زاری سەرەکی (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو)ی زمانی کوردی بۆ قوتابییان هێناوەتەوە. ئەمەش بەو مەبەستەیە، کە زمانی کوردی لە بنچینەدا یەك زمانەو ئەو جیاوازییەی لەنێوان زارەکانیدا هەیە ئەوە نییە، کە ببێتە جێی مەترسی.

پەرتوکەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە (ڕێزمان، ڕێنووس، ئەدەب، خوێندنەوە)، بەشی ڕێزمان لە (بیست) بابەتی جیاواز پێکهاتووە، داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین کە بایەخێکی زۆر بە چۆنییەتی گوتنەوەو خستنەڕووی ئەم بەشە بدەن، نمونە لە هەردوو زارە سەرەکییەکە بخەنە بەردەم قوتابییانو داوایان لێبکەن کە تەنیا پشت بە نمونەو ڕستەکانی ئەم پەرتوکە نەبەستن. مامۆستای بەڕێزیش بەپێی پێویست دەتوانێت چەند تێبینییەکی زیاتر لەسەر بابەتەکان بخاتەڕوو.

بەشی ئەدەب تایبەتە بە ژیانو بەرهەمی چەند شاعیرو نووسەرێك. داوا لە مامۆستایان دەکەین لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە بەپێی پێویست بابەتەکان بۆ قوتابییان ڕوونبکەنەوەو داوایان لێبکەن (سێ) دێڕ هۆنراوە، لە نمونەی هەر شاعیرێك ئەزبەر بکەن. نمونەی پەخشانیش دەخوێندرێتەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەزبەر ناکرێت.

لە بەشی خوێندنەوەدا بابەتەکان لەلایەن قوتابییان بخوێندرێتەوە، پاشان باس لە واتای وشەو دەستەواژەکان بکرێت. ئینجا لەنێوان مامۆستاو قوتابییان گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە ئەنجامبدرێت.

بێگومان هیچ کارێك بێ کەموکورتی نابێت، داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانیان لە کەموکورتی کتێبەکەو تێبینیو پێشنیازەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا.

لیژنەی بژارکردنو پێداچوونەوەی زانستی

٢٠١٥/٣/٣١

بەشی ڕێزمان

١. ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە
٢. نیشانە تایبەتییەکانی نێرو مێ
٣. ناوی نەناسراو و ناوی ناسراو
٤. ناوی تاك و ناوی کۆ
٥. ناوی بچووککراو
٦. جێناوی کەسی لکاو (ئـ- ب- پ)
٧. هاوەڵناو
٨. هاوەڵناوی چۆنییەتی
٩. جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی لە ڕووی دروستکردن
١٠. پلەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی
١١. هاوەڵناوی نیشانە
١٢. جێناوی نیشانە
١٣. جیاوازی نێوان هاوەڵناوی نیشانەو جێناوی نیشانە
١٤. هاوەڵکار
١٥. جۆرەکانی هاوەڵکار
١٦. گرێی ناوی
١٧. گرێی هاوەڵناوی
١٨. گرێی هاوەڵکاری
١٩. کاری تێنەپەڕو تێپەڕ
٢٠. بەرکار

(وانەی یەکەم)

ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە

مامۆستای وانەی جوگرافیا لە باسی (سامانی ئاژەڵ)دا گوتی:

(سامانی ئاژەڵ، هاوشان دگەل سامانی کشتوکاڵو چاندن، بەردی بناغەی ئابوری وڵات پێکدەهێنن لە کوردستاندا، دوو جۆرە سامانی ئاژەڵ هەیە، یەکیان ئەو ئاژەڵانەن، کە مرۆڤ بەخودانیان دەکاتو سوودیان لێوەردەگرێ، ئەوەی دیکەیان ئەو ئاژەڵانەن، کە لە دەشتودەرو شاخ و چیاکان دەژین و مرۆڤ خودانێ وان نییە، ئەوژی دبێژنێ ئاژەڵی کیڤی[1].

مەر، بزن، میهـ، پەز، توشتیر، بەلەندیر، گیسك، کاڤر، بەرخەنێر، بەرخەمێ، گا، مانگا، چێڵ، هەسپ، ماین و هێستر، هەروەها پەلەوەری وەك مریشكو کەڵەشێرو مراویو قازو گەلێکی دیکە جۆری یەکەم دەگرێتەوە. شڤانو گاوان بەشێك لەو ئاژەڵانە بە خودان دەکەن. مام پیرۆت شڤانو خاڵ سیامەند ژی گاوانێ گوندێ مەنە. نازدارا دایکا پوشۆی بێریڤانو شیردۆشە.

جۆری دووەم، ئاژەڵی کێوییە، وەك: بزنە کێوی، ئاسكو مامز، هرچ، ڕێوی، گورگ، یەکانەو مالۆس، پەزکیڤی، کەو، پۆرو قەتیو سوسکەو گەلێکی دیکە، پێویستە سامانی ئاژەڵ بایەخی پێبدرێت، چونکە گەشەکردنی ئەو سامانە مایەی بەرەوپێشچوونی باری ئابوری وڵاتە.

---

[1]- کیڤی: کێوی

خستنەڕوو:

لەم نووسینەدا، ژمارەیەك ناو هەیە، کە ئەگەر لێیان وردبینەوە، دەبینین لە ڕووی ڕەگەز جیاوازییان هەیە.

کۆمەڵێك لەو ناوانە تەنیا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێن‌و نکارین بە هیچ جۆرێك بۆ ڕەگەزی دیکە بەکاریان بهێنین، وەك: (گا، بەران، یەکانە، هەسپ، کەڵەشێر، پیرۆت، سیامەند، شقان، گاوان، باب، خال... هتد). ئەو جۆرە ناوانە پێیان دەگوترێ (ناوی نێر).

کۆمەڵێکی دیکەی ئەو ناوانە هەر بۆ ڕەگەزی مێ دهێنە بەکارهێنان‌و تایبەتن بەو ڕەگەزە، وەك: (مەر، توشتیر (چوشتیر)، بەلەندیر (بەردیل)، مالۆس، مانگا، چێلێ، بزن، نازدار، دایك، بێریڤان، مریشك) ئەو جۆرە ناوانە پێیان دەگوترێ (ناوی مێ).

هەر لەم نووسینەدا هەندێ ناومان بەرچاو دەکەوێت، کە لەیەك کاتدا دەتوانین بۆ نێرو مێ بەکاریان بهێنن، واتە ئەو ناوانە خودانی دوو ڕەگەزن، بۆیە پێیان دەگوترێ ناوی (دوو لایەن) وەك: (مرۆڤ، مراوی، بەرخ، کاور (کاڤر)، ئاسك (مامز)، هرچ، ڕێوی، گیسك، هێستر، کەو... هتد).

کۆمەڵێکی تری ناومان بەرچاو دەکەوێت، کە بەر هیچ یەك لەم ناوانەی پێشوو ناکەون‌و ڕەگەزیان نییە، لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێ (ناوی بێ لایەن) وەك:(بەرد، دەشت، شاخ، چیا، وڵات)و زۆری دیکە. ئەمە لە زاری کرمانجی خواروو، بەڵام لە زاری کرمانجی سەروودا ئەو ناوانەش بەر ناوی (نێر) یان (مێ) دەکەون.

زۆرجار دەتوانین هەندێك لەم ناوە دوو لایەنانە بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤێك، بکەین بە (نێر) یان (مێ). ئەم پەیڤانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن بریتین لە (نێر، مێ، ما، دێڵ، گۆڵ) وەك:

ناوی دوو لایەن	بۆ نێر	بۆ مێ
کەو	نێرە کەو	ماکەو، مێ کەو
ورچ (هرچ)	نێرە ورچ	دێڵە ورچ، (دەڵە ورچ)، هرچامێ
سەگ	گۆڵە سەگ	دێلە، (دەڵە) سەگ
گیسك	گیسکی نێر	گیسکامێ، گیسکە مێ
پڵنگ	پڵنگی نێر	پڵنگا مێ، پڵنگی مێ

دەستور:

ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە دەکرێ بە چوار جۆر:

1. **ناوی نێر: ئەو ناوەیە، کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت، ئەو جۆرە ناوە بۆ ئەم کۆمەڵانە دابەش دەبێت:**

ئـ- ناوی کەسانی نێرینە، وەك:(پیاو، کوڕ، مام، خاڵ، باوك، برا، پسمام)

ب- ناوی تایبەت بە کوڕان، وەك:(شێرکۆ، لەزگین، پیرۆت، سیامند)

پ- ناوی گیانداری نێر، وەك:(ئەسپ، کەڵەشێر، یەکانە، نێری، بەران)

ت- ناوی هەندێ پیشەی پیاوانە، وەك:(نانەوا، شڤان، گاوان، سەپان)

٢. **ناوی مێ:** ئەو ناوەیە، کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی مێ بەکارهاتبێت، ئەویش بۆ ئەم کۆمەڵە وشەو پەیڤانە دابەش دەبێت:

ئـ- **ناوی کەسانی مێیینە، وەك:** دایك، خوشك، کچ، دۆتمام، خەسوو، بوك.

ب- **ناوی تایبەتی کچان، وەك:** نازدار، شیرین، هێرۆ، پەروین.

پ- **ناوی گیانداری مێ، وەك:** ماین، بەلەندیر، مالۆس.

ت- **ناوی هەندێ پیشەی ژنانە، وەك:** نانکەر، بێریڤان، تەشیڕێس، مامان (داپیرك)، دایەن.

٣. **ناوی دوو لایەن:** ئەو ناوانەن، کە بۆ نێر و مێ بەکاردێن، وەك: قوتابی، مامۆستا، مرۆڤ، کۆتر، کەو، خزمەتکار.

دەتوانین بەشێك لەو ناوە دوولایەنانە بەهۆی پەیڤەکانی (نێر - مێ - ما - دێڵ - گۆڵ) بکەین بە ڕەگەزی نێر یا مێ.

٤. **ناوی بێلایەن:** ئەو ناوانەن کە سەر بە هیچ کام لەو دوو ڕەگەزە نینو هەر لەبنەڕەتدا ڕەگەزییان نییە. وەك: (شاخ، چیا، بەرد، دار، هەنار)، هەر چەندە لە زاری کوردی کرمانجی ژووروودا ئەم جۆرەش لە دانە پاڵدا بەر یەك لە دوو ڕەگەزی (نێر) یان (مێ) دەکەوێت.

ڕاهێنانی (١)

لەم ناوانە، ناوی نێرو مێ لێك جیابكەوەو بەرامبەر یەكیان دابنێ:

(ئەسپ، مریشك، نێری، چێڵ، برا، ماین، ئێكانە، خوشك، مـالۆس ، كەڵەشێر، بزن، گا)

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

كەو : (مێیە، نێرە، بێلایەنە، دوولایەنە)

سەگ : (بێلایەنە، دوولایەنە، مێیە، نێرە)

هرچ : (نێرە، مێیە، بێلایەنە، دوولایەنە)

ڕویڤی : (مێیە، نێرە، بێلایەنە، دوولایەنە)

گەماڵ : (دوولایەنە، نێرە، بێلایەنە، مێیە)

هەنگ : (بێلایەنە، مێیە، نێرە، دوولایەنە)

مانگا : (مێیە، بێلایەنە، نێرە، دوولایەنە)

ئاسك : (مێیە، نێرە، بێلایەنە، دوولایەنە)

شاخ : (دوولایەنە، نێرە، بێلایەنە، مێیە)

كاوڕ : (بێلایەنە، نێرە، دوولایەنە، مێیە)

یەكانە : (مێیە، بێلایەنە، نێرە، دوولایەنە)

بەرد : (دوولایەنە، بێلایەنە، نێرە، مێیە)

(وانەی دووەم)

نیشانە تایبەتییەكانی نێرو مێ

١. بابێ ئازادی ئەندازیارە.

٢. خوشكا سەرداری چوو خوێندگەهێ.

٣. خانییێ من گەلەك مەزن و تازەیە.

٤. زەڤییا بەرمالا بەراڤە.

٥. دۆستێ تە هات ژ دهۆكێ.

٦. دۆستا من گەلەك ڕندو جوانە.

٧. كوڕۆ، بخوێنن دا سەركەڤن.

٨. شرینێ، چێلێ بدۆشە.

٩. كوڕە، ئەم كارە مەكە.

كچێ، وانەكانت چاك بخوێنە.

١٠. كوڕینە (كچینە) ئەم كارە مەكەن.

١١. ڤی قەلەمی بۆ من بكرە.

ڤێ دەفتەرێ بۆمن بهینە.

وی كوڕی كەوەك گرت.

وێ كچێ كراسەك دووری.

١٢. سەرداری شیڤ خار

نازدارێ تەشی ڕێست

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانە بدەین، دەیبینین هەندێ لە ناوەکان نیشانەی وایان وەرگرتووە، کە دەتوانین بەهۆیانەوە ڕەگەزی ناوەکە بزانین:

١. لە ڕستەی یەکەمدا نیشانەی (ێ) خراوەتە سەر ناوی (باب) لە دۆخی دانە پاڵدا، چونکە ڕەگەزی باب نێرەو لەم دۆخەدا (ێ)ی دەخرێتە سەر.

٢. کەچی دەبینین لە ڕستەی دووەمدا نیشانەی (ا) خراوەتە سەر پەیڤی (خوشك)، چونکە ڕەگەزی پەیڤەکە (مێ)یەو لەم دۆخەدا نیشانەی (ا)ی دەدرێتە پاڵ.

٣. هەروەها لە ڕستەی سێیەمدا پەیڤی (خانی) واتە (خانوو)، چونکە لە ڕەگەزدا نێرە (لە زاری کرمانجی ژووروودا) بۆیە لە دۆخی دانەپاڵدا (ێ)ی وەرگرتووەو بووە بە (خانیێ من).

٤. کەچی لە ڕستەی چوارەمدا، چونکە پەیڤی (زەڤی– زەوی) لە ڕەگەزدا مێیە، بۆیە لە دۆخی دانەپاڵدا (ا)ی پێوە نووساوەو بووە بە (زەڤیا بەرمالا) واتە زەوی بەرماڵان.

٥. ئەگەر سەرنج لە ڕستەی پێنجەم و شەشەم بدەین، دەبینین وشەی (دۆست) دوو لایەنە، واتە بۆ نێرو مێ بەکاردێت، بەڵام بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگەزەکەی، لە دۆخی دانەپاڵدا بۆ نێر (ێ)ی دەخرێتە سەرو دەبێتە (دۆستێ سەرداری) واتە ڕەگەزی

دۆستەکە نێرە، بۆ (مێ) نیشانەی (ا)ی دەخرێتە سەرو دەبێتە (دۆستا من) واتە ڕەگەزی دۆستەکەی من مێیە.

٦. لە ڕستەی حەفتەمدا نیشانەی (ۆ) خراوەتە سەر و پەیڤی (کوڕ) لە دۆخی بانگکردندا، چونکە ڕەگەزی کوڕ نێرە.

٧. کەچی لە ڕستەی هەشتەمدا چونکە ڕەگەزی (کچ) مێیە، لەبەر ئەوە لە دۆخی بانگکردندا نیشانەی (ێ)ی دەخرێتە سەر.

٨. لە ڕستەی نۆیەمدا هەر پەیڤی (کوڕ) لە دۆخی بانگکردندا نیشانەی (ە)ی خراوەتە سەرو بووە بە (کوڕە)و وشەی کچیش هەر لەم دۆخەدا (ێ)ی پێوە نووساوەو بووە بە (کچێ). ئەم دوو نیشانەیە لە زاری کرمانجی خوارووا بەکاردێن.

٩. ئەگەر ناوە بانگکراوەکە (کۆ) بوو، نیشانەکە بۆ هەردوو ڕەگەز دەبێتە (ینە) وەکو ڕستەی دەیەم: (کوڕینە، کچینە، ئەم کارە مەکەن).

١٠. لە ڕستەکانی ژمارە (یازدە)دا هاوەڵناوی نیشانەی (ڤی... ی) بۆ تاکی ڕەگەز نێری نزیك بەکارهاتووە، لە ڕستەی (ڤی قەلەمی بۆمن بکڕە)، ئینجا (ڤێ... ێ) بۆ تاکی ڕەگەز مێی نزیك بەکارهاتووە، لە ڕستەی (ڤێ دەفتەرێ بۆ من بهینە) چونکە ڕەگەزی (دەفتەر) مێیە.

١١. بۆ تاکی نێری دووریش هاوەڵناوی نیشانەی (وی... ی) لە ڕستەی (وی کوڕی کەوەك گرت) بەکارهاتووە هاوەڵناوی

(وێ... ێ) بۆ تاکی مێی دوور، لە ڕستەی (وێ کچێ کراسەك دووری) بەکارهاتووە.

١٢.لە ڕستەی (سەرداری شیڤ خار)دا، چونکە کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕە، بۆیێ نیشانەی (ی) خراوەتە سەر ناوە نێرەکەو نیشانەی (ێ) لە ڕستەی (نازدارێ تەشی ڕێست)دا خراوەتە سەر ناوە مێیەکە، کە لەو ڕستەیەشدا کاری (ڕێست) ڕابردووی تێپەڕە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ناوی (کۆ) نیشانەی نێرو مێ وەرناگرێت.

دەستور:

لەزاری کوردی کرمانجی ژووروودا، چەند نیشانەیەك هەن دەخرێنە سەر ناو، بۆ جوداکردنەوەی ناوی نێرو ناوی مێ.

نیشانەکان بەم جۆرە بەکاردێن:

١. لە دۆخی دانەپاڵدا:

ئـ- نیشانەی (ێ- یێ)[١] بۆ نێر بەکاردێت، وەك: (برایێ من)، (هەڤالێ تە).

بـ- نیشانەی (ا – یا) بۆ مێ بەکاردێت، وەك: (کچا سەربەستی).

٢. لە دۆخی بانگکردندا بۆ نێر نیشانەی (ۆ) بەکاردێت، وەك: کورۆ- بابۆ. بۆ (مێ) نیشانەی (ێ) بەکاردێت، وەك: (کچێ، دەلالێ)

[١] –پیتی (یـ) کە لە نێوان (ێ،ا) و وشەکە دێت ناوبەندە، کە وشە کۆتایی بە بزوێن هات (یێ، یا) وەردەگرێت.

له زاری کرمانجی خوارووشدا نیشانەی (ە) بۆ نێر بەکاردێت وەك (کوڕە)، نیشانەی (ێ) بۆ مێ بەکاردێت وەك (کچێ). بۆ ناوی کۆی نێرو مێ (ینە) بەکاردێت وەك (کوڕینە، کچینە).

٣. هاوەڵناوی نیشانە بۆ نێرو مێ لە زاری کرمانجی ژووروودا بەم جۆرەیە:

ئـ (ڤی ... ی) بۆ تاکی نێری نزیك.

ب- (ڤێ ...ێ) بۆ تاکی مێی نزیك.

پ- (وی ... ی) بۆ تاکی نێری دوور.

ت- (وێ ... ێ) بۆ تاکی مێی دوور.

٤.

ئـ (ئەڤان ... ان) بۆ کۆی نزیکی نێرو مێ

ب- (وان ... ان) بۆ کۆی دووری نێرو مێ بەکاردێن.

٥. له ناوی تایبەت نیشانەی:

(ی) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ بەکاردێن، وەك:

ئـ. بۆ نێر : لەزگینی دەرس نڤیسی.

ب. بۆ مێ : شرینێ پەز دۆشی.

ڕاهێنانی (١)

ئـەم ناوانــە لــە دۆخــی دانەپاڵــدا لــە ڕســتە بەکاربهێنــە، پاشــان ڕەگەزەکانیان بنووسە:

(ئاڤ، ڕەز، چاڤ، ڕوبار، ماڵ)

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ناوانە لە دۆخی بانگکردندا لە ڕستە بەکاربهێنە:

(لاوان، ژن، کیژ، قوتابییان، خاڵ)

ڕاهێنانی (٣)

١. لە دۆخی دانەپاڵدا ناوی ڕەگەزی مێ چ نیشانەیەك وەردەگرێ؟

٢. لە دۆخی دانەپاڵدا ناوی ڕەگەزی نێر چ نیشانەیەك وەردەگرێ؟

٣. لە دۆخی بانگکردندا ئەگەر ناوەکە تاکی نێر بوو، لـە زاری کرمـانجی ژووروودا کام نیشانە وەردەگرێو لە کرمانجی خوارووشدا کامە؟

٤. جێناوی نیشانەی (ڤان) بۆچیو (وان) بۆچی بەکاردێن؟

ڕاهێنانی (٤)

(هاوەڵنـاوی نیشـانە)ی تـاکی نزیـكو دوور بـدە پـاڵ ئـەو ناوانـە لـە ڕستەدا، ئینجا ڕەگەزی ناوەکان بنووسە:

(دەرگە، کچ، جامێر، ماهین، گوند)

ڕاهێنانی (٥)

١. له دانه‌پاڵدا نیشانه‌ی نێرو مێ چین؟ نمونه‌ی ڕسته‌ییان بۆ بهێنه‌وه.
٢. ئه‌گه‌ر ناوه‌كه تایبه‌ت بێت، نیشانه‌كانی نێرو مێ كامانه‌ن، نمونه‌ی ڕسته‌ییان بۆ بهێنه‌وه.
٣. هاوه‌ڵناوی نیشانه بۆ تاكی مێی نزیك چییه؟ نمونه‌ی ڕسته‌یی بۆ بهێنه‌وه.
٤. هاوه‌ڵناوی نیشانه‌ی تاكی نێری دوور چییه؟ نمونه‌ی ڕسته‌یی بۆ بهێنه‌وه.

ڕاهێنانی (٦)

شلۆڤه‌كردن:

برایێ ئازادی هات.

برا : ناوه، تاكه، گشتییه، نه‌ناسراوه، بكه‌ره.
یێ : ئامرازی دانه‌پاڵه بۆ تاكی نێر.
ئازاد: ناوه، تاكه، تایبه‌تییه، ته‌واوكه‌ری ناوی برایه.
ی: نیشانه‌ی ڕه‌گه‌زی نێری تاكه.
هات: كاری ڕابردووی نزیكه، ساده‌یه، تێنه‌په‌ڕه.

ئه‌م ڕستانه شلۆڤه‌بكه:

١. ڤێ كچێ نان خار.
٢. كچینه وانه‌كه بخوێنن.

وانەی سێیەم

ناوی نەناسراو - ناوی ناسراو

ئـ- ناوی نەناسراو

١. کچێك دەرگای ماڵی ئێمەی کردەوەو هاتە ژوورەوە.

کچەکێ دەرگەهێ مالا مە ڤەکرو هات ژوورڤە.

٢. کە چاوم پێت کەوت تووشی دەریاییێك (دەریایەك، دەریایێ) خەفەتو پەژارە بووم.

چوونە دێیێك (دێیەك، دێیێ) لەبناری چیای قەندیل.

کانیێکی (کانیەکی، کانیێ) خۆش لە گوندەکەمان هەیە.

هەڵۆیێك (هەڵۆیەك، هەڵۆیێ) لە ئاسماندا نێچیرێکی گرتبوو.

پەنجەرەیێك (پەنجەرەیەك، پەنجەرەیێ) لە ژووری سەرەوە شکابوو.

٣. داربەڕوویێك (داربەڕووەك، داربەڕوویێ) لەو دارستانە وشکبووە.

٤. ڕۆژانێك (ڕۆژانەك، ڕۆژانێ) مرۆڤ لە ئەشکەوتان دەژیا.

خستنەڕوو:

ئەگەر ڕستەکان بە وردی بخوێنینەوە، دەبینین:

١. لەرستەی یەکەمدا کە ناوی (کچێك- کچەك- کچێ) دەهێنین، مەبەستمان تاکە کچێکەو ئەو کچەش نەناسراوەو تاکیشە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا کە دەبێژین (دەریاییێك، دەریایەك، دەریایێ) مەبەست ئەوەیە، دەریایەکە هەم تاکە هەم نەناسراویشە واتا هەردوو نیشانەی یا هەردوو سیفەتی تاکایەتیو نەناسراویی پێوەیە.

٣. هەر بەم جۆرە لە ڕستەکانی دیکە کۆمەڵە ناوێك دەبینین، کە بەڕیز بریتین لە:

دێییێك، دییێەك، دییێ

کانییێك، کانیەك،کانییێ

هەڵۆییێك، هەڵۆیەك، هەڵۆییێ

پەنجەرەییێك، پەنجەرەیەك، پەنجەرەییێ

ئەم ناوانە وەکو ئەوانی پێشوو هەموویان هەم تاکایەتیو هەم نەناسراویی پیشاندەدەن، ئەو پیشاندانەش بەهۆی نیشانەیەك کراوە کە بریتییە لە (ێك، ەك، ێ).

٤. لە ڕستەی ژمارە (٣)شدا، ناوی داربەڕوو، بووە بە (داربەڕووێك، داربەڕووەك، داربەڕووێ) کە هەر هەمان مەبەستی نە ناسراویی وتاکایەتی دەبەخشێ.

٥. لە ڕستەی ژمارە (٥) داناوی (ڕۆژانێك، ڕۆژانەك، ڕۆژانێ) ناوێکە نەناسراویی پیشان دەدا بەڵام تاك نییە، بەڵکو بەهۆی نیشانەی (ان) کۆکراوەتەوەو نیشانەکە خراوەتە دوای ناوەکە پێش نیشانەی (ێك) کە بۆ نەناسراوی بە کارهاتووە، کەواتە ئەم نیشانەیە دەخرێتە سەر ناوی کۆ هەروەکو چۆن لەگەڵ تاکیشدا بەکاردێت.

دەستور:

١. نیشانەی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا، جگە لە پیشاندانی نەناسراوی تاکایەتیش پیشاندەدات، هەرچەندە جاروبار دەخرێتە سەر ناوی (کۆ)ش.

٢. نیشانەکە یەك لەم شێوانە وەردەگرێ:

(ێك، ەك، ێ)، کە دەخرێتە سەر ناو و دەیکات بە ناوی نەناسراو بەم جۆرە:

ئـ- ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە پیتی نەبزوێن، یەکسەر نیشانەی (ێك، ەك، ێ) دەخرێتە سەر ناوەکە، وەك:

پیاو= پیاوێك، پیاوەك، پیاوێ

دار = دارێك، دارەك، دارێ

ب- ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە بزوێنەکانی (ا، ێ، ی، ۆ، ە) لە نێوان ناوەکەو نیشانەکە ناوبەندی (ی) پەیدا دەبێت، وەك:

چیا + ی+ نیشانەکە= چیاییێك، چیایەك، چیاییێ

زێ + ی+ نیشانەکە= زێییێك، زێیەك، زێییێ

ماسی+ ی+ نیشانەکە= ماسییێك، ماسییەك، ماسییێ

پەڕۆ+ ی + نیشانەکە = پەڕۆییێك، پەڕۆیەك، پەڕۆییێ

پەڕە+ ی + نیشانەکە = پەڕەییێك، پەڕەیەك، پەڕەییێ

پ- ئەگەر ناوەکە کۆتایی هاتبوو بە بزوێنی (وو)، ناوبەندی (و) لەنێوان ناوەکەو نیشانەکە دادەنرێ، بزوێنی (وو) ئەو کاتە لە دەربڕیندا کورتتر خۆی پیشاندەدات، وەك:

بەڕوو + و + نیشانەکە= بەڕووێك، بەڕووەك، بەڕووێ[1] .

٣. ناوی نەناسراو (ان)ی نیشانەی کۆکردنەوەی ناو وەردەگرێت و ئەو نیشانەیە دەکەوێتە نێوان ناوەکەو نیشانەی نەناسراویەوە، وەك:
کەس+ ان+ نیشانەکە= کەسانێك، کەسانەك، کەسانێ.

ب- ناوی ناسراو

(دارەکە زۆر بڵند بوو، کەس ژمە نەشیاین بچینە سەری، باخەوانەکە خۆی هەنارە شیرینەکەی بۆمان لێکردەوە، هەروەها لە دار هەرمێکە و لە هەڵووژەکە هەندێکی بۆ لێکردینەوە.
میوانەکانمان بردو چووینە سەر کانییەکە، ل وێرێ ڕوونیشتین و دەستمانکرد بە میوەخواردن، ئاوی کانییەکە گەلێك سارد بوو، تەنانەت بادیە دۆیەکەی لەناو ئاوەکە دانرابوو ساردو تەزیبوو.
جوتیاری برای باخەوانەکە لەژێر داربەڕووەکەدا بەرامبەر چیاکە پاڵ کەوتبوو و تەماشای ئێمەی دەکردو خۆزی ئەوەی دەخواست کە لەو ڕوونیشتنە لەگەڵمان بووایە، لەپڕ مارێکمان لێدەرکەوت، ویستمان بیکوژین، مارە بۆی دەرچوو، لەدەستمان ڕزگاری بوو).

---

(١) دەبوایە بەسێ واو بنووسری، بەلام کە ناو کۆتایی بە بزوێنی (وو)دێت، کە نیشانەی نەناسراوی وەردەگرێت (وو) خۆی کورت دەکاتەوە بۆ(و) ناوبەندی (و)ش دەچێتە نێوانیان.

خستنەڕوو:

لە خوێندنەوەی ئەم نووسینەدا، ژمارەیەك ناو دەبینین، کە هێلیان بە ژێردا کێشراوە، ناوەکان بۆیە هێلیان بەژێردا هاتووە، چونکە هەر یەکە نیشانەیەکی تایبەتی خراوەتە سەر بۆ ئەوەی مەبەستێك دەربڕێ.

بۆ نمونە ئەگەر تەماشای ناوەکانی:

(دارەکە، باخەوانەکە) بکەین لە بنەڕەتدا ئەم دوو ناوە لەشێوەی (دار، باخەوان)دا بوون، کە هەردووکیان بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان هاتووە، ئێمەش هاتووینو نیشانەی (ەکە)مان خستووتە سەریان بۆ ئەوەی بیانکەین بەناوێکی ناسراو، وەك: (دارەکە، باخەوانەکە).

دیارە جیاوازی لەنێوان (دار، دارەکە)و (باخەوان، باخەوانەکە)دا هەیە، لەوەدا کە (دار) ناوێکی گشتییەو بەسەر هەموو جۆرە دارێکدا دابڕاوەو جۆرە دارێکی دیارو ئاشکراو ناسراو دەستنیشان ناکات، بەڵام (دارەکە)، دارێك دەستنیشان دەکات کە لەمەوبەر لامان ئاشکراو دیارو ناسراو بووە، کە گوتمان (دارەکە) یەکسەر بیرو هۆشمان بۆ لای دارێك دەچێت کە لەمەو پێش ناسیومانەو دەزانین کامەیە، بۆیە نیشانەی (ەکە) ناوەکەی بۆ کردین بە ناوی ناسراو، هەروا (باخەوان، باخەوانەکە)ش.

ناوی (دارهەرمێکە) کە لە بنەڕەتدا (دارهەرمێ) کۆتایی بە بزوێنی (ێ) هاتووە، بەهۆی نیشانەی (ەکە)وە کردوومانە بە ناوێکی ناسراو، هەروەکو گوتمان چونکە ناوەکە کۆتایی بە بزوێن هاتووە، بۆیە (ە)ی سەرەتای نیشانەکە تێدەچێتو دەبێتە (هەرمێکە).

هەر بەم جۆرەش ناوەکانی:

دۆ، دۆیەکە

چیا ، چیاکە

هەر یەکەیان بەهۆی نیشانەی (ەکە)وە کراون بەناوی ناسراو، بەڵام چونکە ناوەکان لە بنەرتدا کۆتاییان بە بزوێن هاتووە، بۆیە (ە)ی سەرەتای نیشانەی (ەکە)، یان تێدەچێت.

هەر ناوێکیش، کە کۆتایی بە بزوێنی (ی) هاتبێت وەکو (کانی)، کە دەکرێ بە ناسراو و نیشانەی (ەکە)ی دەخرێتە سەر، نەبزوێنی (ی) پێویستە ببێت بە ناوبەند لە نێوان پیتی (ی) کۆتایی ناوەکە، کە بزوێنەو پیتی (ە)ی نیشانەکە دابنرێ، وەکو:

کانی دەبێتە (کانییەکە).

ماسی دەبێتە (ماسییەکە).

ناوی (هەڵوژەکە) کە لە بنەڕەتدا بریتیە لە (هەڵوژە) کۆتایی بە بزوێنی (ە) هاتووە، کە دەیکەین بە ناوێکی ناسراو بە هۆی نیشانەی (ەکە)، ئەوا نیشانە نەناسراوی(ە)ی تێدەچێت.

هەروەها ناوی (داربەڕووەکە)، ئەم ناوە لە بنەڕەتدا کۆتایی بە بزوێنی (وو) دێت، کاتێك، کە نیشانەی (ەکە)ی ناسراوی دەخرێتە سەر، ئەوا پیتی نەبزوێنی (و– W) لەنێوان ناوەکەو نیشانەکەدا پەیدا دەبێتو بزوێنی (وو) لەکاتی دەربڕیندا کەمێك لەباری ئاسایی خۆی کورتتر دێتە گۆتن.

هەر لە نووسراوەکەدا ڕستەیەك بەم جۆرە هاتووە (لە پڕ مارێکمان لێدەرکەوت، ویستمان بیکوژین، مارە بۆی دەرچوو).

لەم ڕستەیەدا ناوی (مارە) ناوێکی ناسراوەو بەهۆی نیشانەی (ە)، کە ئەویش نیشانەی ناسراوی ناوە، کراوە بەناوی ناسراو، لەوانەشە ئەم نیشانەیە کورتکراوەی نیشانەی (ەکە) بێت.

ناوی ناسراوی بەرجەستە هەر تاك نایێت، بەڵکو هەموو ناوێکی ناسراو بەهۆی نیشانەی (ان)ی کۆ، کۆدەکرێتەوە، نیشانەکە دەخرێتە دوای (ەکە)و ناوەکە دەبێتە ناسراوی کۆ، وەك لە ڕستەی (میوەکانمان بردو چووینە سەرکانییەکە)دا دەردەکەوێت.

هەندێ جار نیشانەی ناسراوی دەکەوێتە سەر هاوەڵناوەوە، بەڵام لەو بارەشدا ئەو ناوەی لەگەڵ هاوەڵناوەکەدا دێت، هەر بە ناوێکی ناسراو دادەنرێت، وەك (باخەوانەکە خۆی هەنارە شیرنەکەی بۆمان لێکردەوە) دا دەردەکەوێت. کە لێرەدا نیشانەی (ەکە)ی ناسراوی خراوەتە سەر هاوەڵناوی (شیرین) نەك ناوی (هەنار)، بەڵام ناوی هەناریش دەبێتە ناوێکی ناسراو، هەر چەندە نیشانەکە لەسەر هاوەڵناوەکەیە.

دەستور:

ناوی ناسراو، ناوێکە کە ماناو مەبەستی شتێك دەردەخات و بە ناسراوی دەیخاتە ڕوو، بە ئاسانی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیایدەکاتەوە، چونکە ناوێکی دیاریکراوی زانراو دەردەخات.

نیشانەی سەرەکی ناسراوی (ەکە)[1]یە بەم جۆرە بەکاردێت.

١. ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە نەبزوێن هاتبوو، یەکسەر نیشانەکەی دەخرێتە سەر.

٢. ئـ- ئەگەر ناوەکە بە بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ، ە) کۆتایی هاتبوو و لە یەك برگە پێکهاتبوو، ئەوە ناوبەندی (ی- y) وەردەگرێت.
ب- ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی (ا، ۆ، ێ، ە) هاتبوو و لە بڕگەیەك زیاتر بوو، بزوێنی (ە)ی کۆتایی نیشانەکە تێدەچێت .

٣. ئەگەر ناوەکە بە بزوێنی (ی) کۆتایی هاتبوو ، ئەوا لەنێوان ناوەکەو نیشانەکە (ی - y) نەبزوێن وەك ناوبەند دادەنرێت.

٤. ئەگەر ناوەکە بە بزوێنی (وو) کۆتایی هاتبوو، پیتی نەبزوێنی (و - W) وەکو ناوبەند دەخرێتە نێوان ناوەکەو نیشانەکە.

٥. زۆرجار نیشانەی (ە) بۆ ناسراوی بەکاردێت کە ڕەنگبێت کورتکردنەوەی (ەکە) بێت، وەك کوڕە هات - کچە دەرچوو.

[1]– *هەموو ناوێکی تایبەتی ناسراوە، وەك: کەرکوك، ئازاد، پەروین.

* هەر ناوێك لەگەڵ نیشانەی ناسراوی هات دەبێتە ناسراو، وەك: ئەم چیایە بڵندە، ئەڤ ڕوبارە درێژە، ئەو شارە خۆشە، وی کوری دەرس خاندییە، وێ کچێ دەرس خاندییە، ڤی زەلامی کارێ خۆ کرییە، ڤێ ژنێ تەشی ڕێسییە.

ناوەکانی (چیا، ڕوبار، شار، کور، کچ، زەلام، ژن) هەموویان ناسراون.

٦. ناوی ناسراو بە نیشانەی (ان) کۆدەکرێتەوە کە دەخرێنە، دوای نیشانەکەوە.

٧. ئەگەر هاوەڵناوێک بەدوای ناوەکە هات نیشانەی (ەکە) دەخرێتە سەر هاوەڵناوەکەو ناوەکەشی هەر دەبێت بە ناسراو.

٨. نیشانەی ناسراوی ناچێتە سەر ناوی تایبەتییەوە، لە بەر ئەوەی هەموو ناوێکی تایبەت لە بنەڕەتدا ناسراوەو کۆ ناکرێتەوە.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەدا ناوە نەناسراوەکان بگۆڕە بە ناوی ناسراو.

١. ئازاد دەرگایەکی کردەوە.

٢. کتێبێك بکڕە.

٣. دوێنێ مامۆستاییێك چیرۆکێکی بۆ قوتابییان خوێندەوە.

٤. پەریزاد سێوێکی خوارد.

٥. نەوزاد وانە دەخوێنێت.

٦. کوڕێکم دیت.

٧. قەلێك سەلکە پەنیرێکی بە دەنووك هەلگرتبوو.

٨. پار کچێك بە یەکەم دەرچوو.

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەدا ناوەکان لەتاکی نەناسراوەوە بکە بە کۆی ناسراو، هەر گۆڕانکارییەکی دی کە بەسەر ڕستەکاندا دێت ئەنجامیان بدە.

١. کراسێکی جوانم کـــــــڕی.

٢. برادەرێکم هاتو سەری لێدام.

٣. دێیێك ئاوەدان دەکەنەوە.

٤. کابرایەك ڕەزێکی کێڵا.

٥. ڕاوکەرێك کەوێکی گرت.

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

ڕاستەیەك : (تاکی ناسراوە، کۆی ناسراو، تاکی نەناسراوە)

کوڕە : (تاکی نەناسراوە، تاکی ناسراوە، کۆی نەناسراو)

ڕووبارەکان : (کۆی نەناسراوە، کۆی ناسراوە، تاکی ناسراو)

هەڵەبجە : (تاکی ناسراوە، تاکی نەناسراوە، کۆی ناسراو)

لادێکە : (تاکی ناسراوە، کۆی ناسراو، تاکی نەناسراوە)

لاوانێك : (کۆی ناسراوە، کۆی نەناسراوە، کۆی ناسراو)

پەنجەرەیەك: (کۆی نەناسراو، تاکی ناسراوە، تاکی نەناسراوە)

ڕاهێنانی (٤)

لەم ڕستانەدا هەر ناوێکی ناسراو هەیە بیکە بە نەناسراو و ڕستەکان بنووسەوە.

١. جانتاکەم دۆزییەوە.

٢. پەپوولەکە لەسەر گوڵەکە نیشتەوە.

٣. چاوم بە پیاوەکە کەوت.

٤. ڕێیەکەمان قیرتاوکرد.

٥. دارستانەکە سووتا.

ڕاهێنانی (٥)

نمونە:

ئـ- چێڵ   ب- چێڵێك   پ - چێڵەکە   ت- چێڵەکان

ئەم ناوانە وەك (ب، پ، ت) بنووسە:

(چرا، مانگ، ماسی، زانکۆ، ئاگر، شەپۆڵ)

ڕاهێنانی (٦)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. بێریڤانەکە مەڕەکانی دۆشی.

٢. فڕۆکەکە دەنیشێتەوە.

ڕاڤەکردنی پەیڤان

پەیڤ		واتاکەی
کەس ژمە	:	کەس لە ئێمە، کەس لەمە
نەشیاین	:	نەمانتوانی
ل وێرێ	:	لەوێ ، لەوێندەرێ
بادی	:	جام، کاسە
لەپڕ	:	لەناکاو، لەهێکەوە
سەلکە پەنیر	:	سەرکە پەنیر

(وانەی چوارەم)

ناوی تاكو ناوی كۆ

لەسەردەمی ئێستادا كوڕان و كچان ڕوو لە قوتابخانان دەكەن، ژنان و پیاوان خوێندەوارن، مرۆڤی خوێندەوار پتر خزمەتی وڵات دەكات، جوتیارانی كورد ئەگەر خوێندەوار بوونایە بەرهەم پتر دەبوو، هەر كەسێك كاری تایبەتی خۆی هەیە، ئەندازیاران ڕێیان دروستدەكەن، جوتیاران دار هەرمێیان، دار قەیسییان دەچێنن، دار بەڕووان ناچێنن، چونكە خۆیان لە دارستانان شیندەبن، ڕاوكەران لە ڕوباران ماسییان دەگرن، لە چیاكان بزن و نێرییان ڕاودەكەن، بەكێردو چەقۆیان وان ڤەدكوژن، ماسێیت دەریایان گەورەن، دارێن چیایان بلندن، ئەم ل دەڤەرا بەرواریان دژین، گوندێن ڤی دەڤەری گەلەك خۆشن، بەڵام لەزستاندا ساردن، بۆیە پێویستە قوتابییانی ئەوێ پەنجەران داخەن و دەرگایان پێوەدەن، تا سەرمایان نەبێت، ئاوی كانیانی ئەو دەڤەرە لە هاویندا تەزی و ساردن، باخاتی پڕ لە میوەجاتەو دیمەنی دێهاتی گەلەك جوانە، سەدەها جار لە دیمەنی گوندەكانی شوێنانی دی جوانترە، خەڵكی ڤان گوندا مەڕو پەزو گاگەل بەخێودەكەن، كوڕێد ڤێ دەڤەری هەمی دلسۆزن بۆ وەلاتێ خۆ.

خستنەڕوو:

١. ئەگەر بە وردی ئەم پارچە نووسینە بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە ژمارەیەك ناوی تێدایە، ئەم ناوانە لە یەکێك زیاتر پیشاندەدەن، وەك: (کوڕان– کچان– ژنان– پیاوان)، کە هەر یەك لەمانە ژمارەیەك پیشاندەدات، کە پتر بێت لە یەك، واتە کە گوتت (کوڕان) دیارە مەبەستت پتر لە یەك کوڕە، یان کە گوتت (کچان) دیسان مەبەستت پتر لە یەك کچە، دیاریشە کە نیشانەی کۆکردنەوەی ئەو جۆرە ناوانە (ان)ە، کە دەخرێتە سەر ناوی تاکی کۆتایی هاتوو بە پیتی نەبزوێن بۆ ئەوەی لە تاکەوە بیکات بە کۆ، ئەم نیشانەیە لە هەردوو شێوە زاری(کرمانجی خوارو و کرمانجی سەروو) نیشانەی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوە.

٢. هەر لەناو نووسینەکەدا جۆرە ناوێك هەن، کە تاکەکانیان کۆتاییان دێت بە چەند بزوێنێکی وەکو (ا - ێ - ی - ۆ).

ئەم جۆرە ناوانە ئەگەر بکرێن بە کۆ ئەوا لەنێوان ناوەکەو نیشانەکەدا (ی – y)ی نەبزوێن بەکاردێت، بۆ ئەوەی وەکو ناوبەندێك بکەوێتە نێوان دوو بزوێنەوە، بۆ نمونە هەر لەم پارچە نووسینەدا گەلێك ناوی تاك بەم شێوەیە کراون بە کۆ، وەك:

دار هەرمێ کراوە بەدار هەرمێیان

چیا کراوە بە چیایان

ماسی کراوە بە ماسییان

چەقۆ کراوە بە چەقۆیان

گەلێکی دیکەش.

٣. دیسان ئەگەر چاك لە نووسینەکە وردبینەوە، ناوی وامان بەرچاو دەکەوێت، کە تاکەکانیان بە بزوێنی (وو) کۆتاییان دێت، کە کۆمان کردووتەوە لەنێوان ناوەکەو بزوێنەکە، ناوبەندی (و– W) بەکارهاتووە، لە خوێندەوەشدا دەنگی بزوێنی (وو) کەمێك لە باری ئاسایی کورتتر دهێتە گۆتن، وەك:

(داربەڕوو) کە کۆدەکرێتەوە دەبێت بە (داربەڕووان).

(مازوو) کۆ دەکرێتەوە دەبێت بە (مازووان)

٤. ئەو ناوە تاکانەی کە کۆتاییان بە بزوێنی (ە) دێت، ئەگەر لە بڕگەیەك زیاتر بن، کە دەکرێنە کۆ نیشانەی (ان) بەکاردێتو بزوێنی (ە) تێدەچێت، وەك:

(پەنجەرە) کراوە بە (پەنجەران)

(قوتابخانە) کراوە بە (قوتابخانان)

بەڵام ئەگەر ناوەکە لە بڕگەیەك پێکهاتبوو ئەوا ناوبەندی (ی–y)

لە نێوان ناوەکەو نیشانەی کۆ وەك : شە ـ شەیان.

٥. لە دەقەکەدا هەندێ ناوی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت، کە لەکاتی کۆکردنەوەیاندا هەندێ نیشانەمان بەکارهێناوە بۆ کۆ، وەك: نیشانەکانی:

ئـ– (ات، هات، جات) لە پەیڤەکانی (باخ ← باخات) (دێ ← دێهات) (میوە ← میوەجات).

ب– ەها: وەك (جار– جارەها) (ساڵ– ساڵەها)

که دیاره ئه‌م نیشانانه زۆر که‌م به‌کاردێن.

پ- گه‌ل: که به‌زۆری ده‌خرێته سه‌ر ناوی گیانله‌به‌رو جانه‌وارانه‌وه، ده‌بن به کۆ، وه‌ك: (گا ← گاگه‌ل) (سه‌گ ← سه‌گ گه‌ل)

٦. هه‌ندێ ناوی دیکه له نووسینه‌که‌دا به‌رچاو ده‌که‌ون، که شێوه‌ی کۆیان به خۆوه گرتووه، بێ ئه‌وه‌ی نیشانه‌ی (ان) خرابێته سه‌ریان، به‌ڵکو نیشانه‌کانی (ێن- ێت- ێد) خراوه‌ته سه‌ریان بۆ ئه‌وه‌ی له دۆخی دانه‌پاڵدا شێوه‌ی ناوی کۆ پیشانبده‌ن، گه‌لێك وشه‌و په‌یڤی له‌و جۆره له نووسینه‌که‌دا به‌رچاو ده‌که‌وێت، وه‌ك:

دارێن چیایان

ماسیێت ده‌ریایان

کورێد ڤێ ده‌ڤه‌ری

هه‌ریه‌که‌یان شێوه‌ی کۆی ناوه‌که پیشانده‌ده‌ن له دۆخی دانه‌پاڵدا. ئه‌م نیشانانه تایبه‌تن به زاری کوردی کرمانجی ژووروو.

٧. هه‌ندێ جار بۆ مه‌به‌ستی ئاسانی ده‌ربڕین، که ناوه‌که به نیشانه‌ی (ان) کۆ ده‌کرێته‌وه، پیتی (ن) له قسه‌کردندا ناهێته گۆتن و له نووسیندا ناهێته نڤیسین، وه‌ك ئه‌و ڕسته‌ی که له نووسینه‌که‌دا هاتووه(خه‌ڵکی ڤان گوندا مه‌ڕو په‌زو گاگه‌ل به‌خێوده‌که‌ن) که ده‌بووایه (گوندان) بنووسرێت نه‌ك (گوندا).

دەستور:

١. ناوی کۆ، ناوێکە لە کەسێك یان شتێك پتر پیشاندەدات، نیشانەی سەرەکی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردی (ان)ە، کە دەخرێتە دوایی ئەو ناوە تاکانەی کە پیتی کۆتاییان نەبزوێنە.

٢. ئەگەر ناوە تاکەکە کۆتایی هاتبوو بە بزوێنەکانی (ا- ۆ- ێ- ی)، بۆ کۆکردنەوەی بە نیشانەی (ان)، پیتی (ی- y)ی نەبزوێن دەخەینە نێوان ناوەکەو نیشانەکە وەکو ناوبەندێك لەنێوان دوو بزوێندا.

٣. ئەو ناوە تاکانەی کۆتایان بە بزوێنی (وو) هاتووە لەکاتی کۆکردنەوەدا بە نیشانەی (ان)، پیتی نەبزوێنی (و- W) دەخەینە نێوان ناوەکەو نیشانەکە.

٤. ناوی تاکی کۆتایی هاتوو بە بزوێنی (ە) کە بە نیشانەی (ان) کۆ دەکرێتەوە، بزوێنەکە لادەبەین. بەڵام ئەگەر یەك برگە بوو، ناوبەندی (یـ) لە نێوان ناوەکەو نیشانەی کۆ دادەنێین. نموونە

(شە+یـ+ان)

شەیان

٥. جگە لە نیشانەی (ان)، هەندێ نیشانەی دیکە هەن کە ناوی کۆ دروستدەکەن بە تایبەتی لە زاری کوردی کرمانجی خواروو، وەك:(ات، هات، جات، مها)

٦. لە شێوە زاری کرمانجی ژووروودا، لە دۆخی دانەپاڵدا بۆ ناوی کۆ نیشانەکانی (ێن- ێت- ێد) بەکاردێن.

ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانە لە تاکەوە بگۆڕە بۆ کۆ:

١. ئەو کەوە باش دەخوێنێت.

٢. تە برایێ من ل بازێڕێ ئامێدیێ دیت.

٣. ددانت جوان بشۆ.

٤. دارڤانی دار بڕی.

٥. بە هاوین قوتابی ناچێتە قوتابخانە.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ناوە تاکانە بکە بە ناوی کۆ:

(هرچ، دەرزی، دۆتمام، پەڕۆ، کەوا، باخ، چاڤ، چرۆ، دێ)

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان لە هەر ڕستەیەکدا ناوە (کۆ)یەکە دەربهێنە تاکەکەشی بەرامبەر بنووسە.

١. کوڕێت گوندان چەلەنگن.

٢. ل شوێنا شێرا، ڕویڤی لێ دکەن گێرا.

٣. میوەجات لە هاویناندا زۆرن.

٤. داوەتا میرا، گڕ لە فەقیرا.

٥. ئەم خوێندکارانە بە یەکەم دەرچوون.

٦. تێرم خواردووە لە کاکلان، نۆرەی توێکلانە.

ڕاهێنانی (٤)

ڕاستی و چەوتی ئەمانەی خوارەوە دیاربکەو چەوتەکان ڕاستبکەوە:

١. لە زمانی کوردی یەك نیشانەی (کۆ)مان هەیە.

٢. ئەگەر ناوێك کۆتایی بە بزوێنی(ە) هاتبوو، کە نیشانەی کۆ وەردەگرێت ناوبەندی (ی) دەچێتە نێوان ناوەکەو نیشانەکە.

٣. ناوی تایبەتی کۆناکرێتەوە.

٤. ئەگەر ناوێك کۆتایی بە بزوێنی(وو_Û) هاتبوو، کە کۆدەکرێت بزوێنەکە خۆی کورتدەکاتەوە بۆ(و_u) و ناوبەندی(و_ W) وەردەگرێت.

٥. لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو، لە هەموو دۆخێکدا بۆ کۆکردن نیشانەکانی (ێن، ێت، ێد) بەکاردێن.

ڕاهێنانی (٥)

ئەم ناوانە لە دۆخی دانەپاڵدا بەشێوەی کۆ لە ڕستەدا بەکاربهێنە، نیشانەی (ێن) بەکاربهێنە:

(چاڤ، دار، ڕوبار، چیا، کچ)

ناوی بچووککراو

ناو	پاشگر	ناوی بچووککراو
کەپر، بزن	ۆکە	کەپرۆکە، بزنۆکە
گۆزە، دیزە	ڵە	گۆزەڵە، دیزەڵە
کیژ، چنگ	ۆڵە	کیژۆڵە، چنگۆڵە
ئاسك، کرم	ۆڵ	ئاسکۆڵ، کرمۆڵ
کار	یلە	کاریلە
بەرخ، مێشك	ۆڵە	بەرخۆڵە، مێشکۆڵە
مێش، دان	وولە	مێشوولە، دانوولە
داس، جام	ولکە	داسولکە، جامولکە
باخ، دەریا	چە	باخچە، دەریاچە
ڕێ، پێ، گوێ	چکە	ڕێچکە، پێچکە، گوێچکە.
منداڵ	ۆچکە	منداڵۆچکە.
کوڕ، کچ	ك	کوڕك، کچك
گرد	ۆلکە	گردۆلکە
گوند، مەنجەڵ	ۆك	گوندۆك، مەنجەڵۆك
زەلام، کەنگر، ڕوبیار	ۆشك	زەلامۆشك، کەنگرۆشك، ڕووبیارۆشك
برا	لە	برالە
جام	یلکە	جامیلکە

خستنەڕوو:

زۆرجار ناوی گشتی یان تایبەتی، لەکاتی ئاخافتنو نووسیندا، لەشێوەی ناوی بچوککراودا بەکاردەهێنرێن، لەبەر:

١. یان خۆیان ناوی بچوکن.

٢. یان لەبەر نازو خۆشەویستی.

٣. یان بۆ شکاندنیانو کەمکردنەوەی نرخیان.

ئەم ناوانەی کە بمانەوێت لە گەورەکانیان جودایان بکەینەوە، بەهۆی یەکێك لەو پاشگرانەی کە بەکارمان هێناون، بچوکیان دەکەینەوە.

ئەو پاشگرانەی کە ئەم ناوە گشتییانە بچوکدەکەنەوە، بریتین لەم پیتانەی کە لە پەیڤی (چکۆڵە)دا دەبینرێن (چ، ك، ۆ، ڵ، ە).

بۆ بچوککردنەوەی ناوێك، پیتێك یان زیاتری ئەو وشەیە لەگەڵ بزوێنێکدا، کە بگونجێت لەگەڵیدا، بەکاردەهێنین، جار جاریش بزوێنەکان بەپێی پەیڤە تازەکە دەگۆڕین، ئەم بچوککردنەوەش، دەستورو بنەمایێکی تایبەتی لە ناوە تایبەتییەکاندا نییە ، بۆیە پێویست بە باسکردنی ناکات.

هەندێ جار پیتی (چ) دەبێتە (ژ) وەك لە وشەی (مژە – موژە) کە لە بنەڕەتدا (مووچە)یە، واتە مووی بچوك.

دەستور:

١- ناوی بچووککراو، ناوێکە کە بچوکی، وردیی شتێك ڕادەگەنێت وەك: ناوی گشتی بەهۆی ئەم پاشگرانە بچوك دەکرێنەوە (ۆکە، ڵە، ۆڵە، ۆڵ، یلە، ۆلە، ولە، ولکە، چە، چکە، ۆچکە، ك، ۆلکە، ۆشك، لە، یلکە)، مەرجیش نییە هەموو ناوێکی گشتی بچوك بکرێتەوە.

٢- بۆ ناوی تایبەتی هیچ دەستوور و بنەماییێکی جێگیر نییە، کە پێی بچوك بکرێتەوە، ئەم بچوککردنەوەیە بەپێی ناوچەو شێوە زمان دەگۆڕێت.

ڕاهێنانی (١)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

خانوو : (خانووەکە، خانووچکە، خانوولکە)

جام : (جامێك، جامە، جامولکە)

باخ : (باخچە، باخەکە، باخۆك)

ئاسك : (ئاسکێك، ئاسکۆڵ، ئاسکیلە)

کەپر : (کەپرەك، کەپرۆلە، کەپرۆکە)

قاڵی : (قالیچە، قالییەك، قالیلکە)

نازدار : (نازناز، نازێ، ناز)

مەحمود: (حەمە، حەمەد، خولە)

ڕاهێنانی (٢)

ئەم پاشگرانە بۆ بچوککردنەوەی ناوی گشتی بەکاردێن، بۆ هەر یەکەیان دوو ناوی گشتی بهێنەو پێیان بچوك بکەرەوە:

(چە، ۆلکە، ۆکە، ۆڵە)

(وانەی شەشەم)

جێناوی کەسیی لکاو

- ئـ -

١. عەزیزم بۆچی تـۆراوی لە خـۆڕا؟
چ قەوماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا؟
ئەتۆ وا زوو لەبیرت کردم ئەمما
فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا.

٢. دەچێتە سـەر داریَ لـە ڕۆژی ئیـنـتیـقام و تـۆڵـەدا
ئەو کەسەی کوشتی بە ناهەق پێشەواو سەرداری کورد
نـایـەڵـن ئـادار بەسـەر پـاداری ئـەو دەربـارەوە
چونکە دەیگوت نایەڵم ئاداری کورد، پاداری کورد

٣. قەت واتێـنەگەن چاومان شکـاوە
کوشتـن و بڕیـن دائیـم بۆ پیـاوە
لەناو دۆشەکا کەی هەق سەنراوە؟

٤. بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەمـوو ئـان و زەمانیَ عەینی قەلغان و سوپەرتـانە

٥. هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنینەوە
دایـکی وەتەن دە هەڵسە سـڵاویـان بسێنەوە

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ئەم نمونە هۆنراوانە بکەین، دەبینین، لە هەموویاندا جۆرە جێناوێکمان بەکارهێناوە، کە یەکسەر بە هەندێ لە وشەکانەوە نووساون، ئەو جێناوانە، لەجیاتی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان بەکارهاتوون.

لە کۆپلە هۆنراوەی یەکەمدا هەردوو جێناوی (م- ت)ی لکاو بەکارهاتوون، کە یەکەمیان لە شوێنی جێناوی سەربەخۆی (من)ی کەسی یەکەمی تاکو دووەمیشان لەجیاتی جێناوی سەربەخۆی (تۆ)ی کەسی دووەمی تاک بەکارهاتووە، شاعیر، کە دەڵێت (لەبیرت کردم) مەبەستی ئەوەیە بڵێت (تۆ منت لەبیرکرد) واتە جێناوی لکاوی (ت) شوێنی (تۆ)ی گرتووە، هەروەها جێناوی لکاوی (م) شوێنی (من)ی گرتووەتەوە، کە هەردووکیان لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی (لەبیرت کردم)دا بەکارهاتوون.

٢. لە کۆپلە هۆنراوەی دووەمدا جێناوی لکاوی (ی) کە بەهەردوو کاری ڕابردووی تێپەڕی (کوشتی- دەیگوت)ەوە لکاوە، جێی ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لەباری یەکەمدا کوشتنەکەی جێبەجێکردووەو لە باری دووەمیشدا گوتنەکەی ئەنجامداوە. ئەو کەسەی ئامادەنییە پێیدەگوترێت کەسی سێیەمی تاک.

لە جێناوە کەسییە سەربەخۆکانیش بە (ئەو) دهێتە دەستنیشانکردن.

٣. لـه كۆپلـەی سـێیەمدا جێنـاوی لکـاوی (مـان) لـه جیـاتی (ئێمـه) بـەکارهاتووەو خراوەتـه سـەر نـاوی (چـاو) و بـووه بـه (چـاومان) کـه مەبەست چاوی ئێمەیە، واتا (مان) که هەر خۆی شـێوەی کـۆی جێنـاوی لکاوی (م)ی کەسی یەکەمی تاکه، بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکارهاتووه.

٤. لـه دێـره هـۆنراوەی ژمـاره (٤)، دووجـار جێنـاوی لکـاوی (تـان) بـەکارهاتووه، لـه هـەردوو جاریشـدا بەناوێکـەوه لکـاوه، (دوژمنتـان، سوپەرتانه)، ئەم جێناوه دەگەڕێتەوه بۆ کەسی دووەمـی کـۆو لـه جێـی (ئێوه) بەکارهاتووه، دیاره ئەمەشیان کۆی جێناوی لکاوی (ت)ی کەسی دووەمی تاکه.

٥. هەروەها له دێره هۆنراوەی دواییشدا جێناوی (یان) خراوەته سەر ناوی (سڵاو)و بووه به (سڵاویان) که مەبەست پێی سـڵاوی ئەوانـه، واتـه لـەجیاتی جێنـاوی کەسـی سـەربەخۆی (ئـەوان) بـەکارمان هێنـاوه، کـه کەسی سێیەمی کۆیه.

دەستور:

جێنـاوه لکاوەکـان ئەوانـەن، کـه لـه جیـاتی نـاوی کەسـێك یـان شـتێك بەکاردێن و هەمیشـه بـه وشـه دەلکێن، ئـەو جێناوانـەش بـه تـەنیا هـیچ مەبەستێك بەدەستەوه نادەن، بەڵام که لکان ئـەوا مەبەسـت دەپـێکن، لـه ڕووی بەکارهێنانەوەش دەکرێن به سێ کۆمەڵە(١،٢،٣):

جێناوه کەسییه لکاوەکانی کۆمەڵەی(یەکەم): ئەوانه بوون باسمـانکردن و بەکورتی بریتین له:

١. م جێی (من)ی کەسی یەکەمی تاك دەگرێتەوە.

٢. مان جێی (ئێمە)ی کەسی یەکەمی کۆ دەگرێتەوە.

٣. ت جێی (تۆ)ی کەسی دووەمی تاك دەگرێتەوە.

٤. تان جێی (ئێوە)ی کەسی دووەمی کۆ دەگرێتەوە.

٥. ی جێی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاك دەگرێتەوە.

٦. یان جێی (ئەوان)ی کەسی سێیەمی کۆ دەگرێتەوە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
تۆراوی	:	زیزبووی، سل بووی
لە خۆڕا	:	بەبێ هیچ هۆیەك
فەرامۆشت نەکەم	:	لەبیرت نەکەم، تە ژبیر نەکەم
ئادارو پادار	:	دارو پەردوو، کەرەستەی بیناسازی
دەربار	:	کۆشكو بالاخانەی پاشا

جێناوی کەسی لکاو

- ب -

ژمارەیەك هەڤاڵ‌و دۆست چووین بۆ ڕاوەماسی، من یەکەم جارم بوو دەچووم بۆ ئەو جۆرە ڕاوە، هەڤاڵێکم پێی گوتم: تۆ مەلە دەزانیت؟ ئەو کەسەی مەلەکردن دەزانێت لەو جۆرە ڕاوەدا پەکی ناکەوێت، کە ماسی دەگرن، ئاگاداری خۆتان بن، چونکە ڕوبار ئاوی زۆرە. جارێکیان لەگەڵ دەستەیەك برادەرو هەڤاڵ لە ڕاوەماسیدا بەشداریمکرد، ئەوان هەموو ساڵێك دەهاتن بۆ ئەو شوێنەی ئێستا ئێوە بۆی دەچن، هەمووشیان مەلەوانی چاك بوون بەتایبەتی ئاراسی هەڤاڵم کە باسکەمەلەی چاك دەکات، ئەو لەگەڵ هەڤاڵانی چوو بۆ ڕاوەکە، هیوام وایە ئێوەش لەو ڕاوەدا سەرکەوتووبن.

خستنەڕوو:

لە خوێندنەوەی ئەم نووسینەدا، ئەوە تێدەگەین کە قسەکەر نەك بەتەنیا، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێك هەڤاڵ‌و دۆست ڕاوە ماسییان دەکرد، کە جۆرە وەرزشێکی سود بەخشەو پێویستە بەپێی توانا بایەخی پێبدرێت‌و شێوازی ئەنجامدانی ڕێکبخرێت، لە ڕستەکاندا ژمارەیەك جێناو هەن، کە لەگەڵ ژمارەیەك کاری جۆراو جۆر بەکارهاتوون:

١. له ڕسته‌ی (ژماره‌یه‌ك هه‌ڤاڵو دۆست چووین بۆ ڕاوه‌ماسی) جێناوی لکاوی (ین) له‌گه‌ڵ کاری (چوو)ی ڕابردووی تێنه‌په‌ڕ به‌کارهاتووه‌و جێی (ئێمه‌)ی که‌سی یه‌که‌می کۆی گرتووه‌ته‌وه‌.

٢. له ڕسته‌ی (من یه‌که‌م جارم بوو ده‌چووم بۆ ڕاوه‌ماسی)، جێناوی که‌سیی لکاوی (م) بۆ که‌سی یه‌که‌می تاك به‌کارهاتووه‌و خراوه‌ته سه‌ر کاری ڕابردووی تێنه‌په‌ڕی (چوو).

٣. به‌ڵام ئه‌گه‌ر سه‌رنجی ڕسته‌ی پرسیاری، تۆ مه‌له ده‌زانیت؟ بده‌ین، ده‌بینین، جێناوی که‌سی لکاوی (یت) له‌گه‌ڵ کاری ڕانه‌بردووی تێپه‌ڕی (ده‌زانیت) به‌کارهاتووه‌و جێی که‌سی دووه‌می تاکی گرتووه‌.

٤. هه‌روا له ڕسته‌ی (ئه‌و که‌سه‌ی مه‌له‌کردن ده‌زانێت له‌و جۆره ڕاوه‌دا په‌کی ناکه‌وێت) ده‌بینین جێناوی که‌سی (ێت) خراوه‌ته سه‌ر هه‌ردووکاری ڕانه‌بردووی تێپه‌ڕی (ده‌زانێت)و (په‌کی ناکه‌وێت)و جێی که‌سی سێیه‌می تاکی گرتووه‌.

٥. ئینجا له سه‌رنجدانی ڕسته‌ی (ئه‌وان هه‌موو ساڵێك ده‌هاتن بۆ ئه‌و شوێنه‌ی ئێستا ئێوه بۆی ده‌چن).

ده‌بینین دووجار له‌گه‌ڵ دووکاردا جێناوی که‌سی لکاوی (ن) به‌کارهاتووه‌، جارێك له‌گه‌ڵ کاری ڕابردووی تێنه‌په‌ڕی (ده‌هاتن) جارێکیش له‌گه‌ڵ کاری ڕانه‌بردووی تێنه‌په‌ڕی (ده‌چن). له جاری یه‌که‌مدا (ن) له‌گه‌ڵ کاری (ده‌هاتن) وه‌کو جێناوێکی لکاو جێی که‌سی سێیه‌می کۆ ده‌گرێته‌وه‌، که (ئه‌وان)ن‌و له جاری دووه‌میشدا

لەگەڵ کاری (دەچن) هەر ئەو جێناوە لکاوە شوێنی کەسی دووەمی کۆ دەگرێتەوە کە (ئێوە)ن.

٦. هەر بەم شێوەیە ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەی (هەمووشیان مەلەوانی چاك بوون، بەتایبەتی ئاراسی هەڤاڵم، کە باسکەمەلەی چاك دەکات، ئەو لەگەڵ هەڤالانی چوو بۆ ڕاوەکە).

دەبینین لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕی (دەکات)دا جێناوی کەسی لکاوی (ات) بەکارهاتووە کە جێی کەسی سێیەمی تاك دەگرێتەوە، واتە لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە هەندێ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ، ئەوانەی لەو بەشەیان دا، کە دەکەوێتە پێش جێناوە لکاوەکان کۆتاییان بە بزوێنی، (ە، ۆ) دێت لەگەڵ کەسی سێیەمی تاك جێناوی لکاوی (ات) وەردەگرن، وەك: (دەخوات، دەکات، دەڕوات، دەبات)

کەچی دەبینین لە کاری (چوو) کە ڕابردووی تێنەپەڕە لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا جێناوی لکاو دەرناکەوێت.

جێناوی کەسی سەربەخۆ	کۆمەڵەی یەکەم	کۆمەڵەی دووەم	کۆمەڵەی سێیەم
من	م	م	م
ئێمە	مان	ین	ین
تۆ	ت	یت	یت
ئێوە	تان	ن	ن
ئەو	ی	∅	(ێت – ات)[١]
ئەوان	یان	ن	ن

دەستور:

کۆمەڵەی (دووەم) لە جێناوە لکاوەکان وەك کۆمەڵەی (یەکەم) چالاك نین، بەڵام بەشێکی گرنگی ڕستە پێکدەهێنن. ئەم کۆمەڵە بریتییە لە:

١. م : بۆ کەسی یەکەمی تاك.

٢. ین : بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

٣. یت: بۆ کەسی دووەمی تاك.

٤. ن : بۆ کەسی دووەمی کۆ.

٥. (∅): بۆ کەسی سێیەمی تاکە.

٦. ن : بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

[١] – ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بەبزوێنی (ۆ–ە) هات ئەوە (ات) وەردەگرێت، ئەگینا (ێت) وەردەگرێت.

کۆمەڵەی(سێیەم) لە جێناوە لکاوەکان، لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ بەکاردێت، کە ئەم جێناوانە دەگرێتەوە:

١. م : بۆ کەسی یەکەمی تاك.

٢. ین : بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

٣. یت: بۆ کەسی دووەمی تاك.

٤. ن : بۆ کەسی دووەمی کۆ.

٥. (ات – ێت): بۆ کەسی سێیەمی تاك.

٦. ن : بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

جێناوی کەسیی لکاو

- پ -

(ئـ)

١. ئەز شەڤێ دی ل سەربانی نڤستم.

٢. ئەم هاڤینێ ل سەربانا دنڤین.

٣. تو ڕێزمانا کوردی دخوینی.

٤. هوین ڕابوون و کەلا زۆرداریێ هەرفاند.

٥. ئەو گەلەك نامان بۆ هەڤاڵێن خۆ دنڤیسی(دنڤیسیە).

٦. ئەو دوهی هاتنە ڤێرێ.

(ب)

١. تە ئەز دیتم

٢. من تو دیتی.

٣. ئەوی ئەو دیت.

٤. تە ئەم دیتین.

٥. من هوین دیتن.

٦. ئەوی ئەو دیتن.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکان دەبینین، لە کۆمەڵە ڕستەی (ئـ)دا ئـەو جێنـاوە کەسـییە سـەربەخۆیانەی کـە بـەکارهاتوون، وەك: (ئـەز، ئەم... هتد) هـەموویان ئـەرکی (بکـەر)دەبیـنن و هەریەکـەیان جێنـاوێکی کەسیی لکاوی لەگەڵدا بەکارهاتووە، کە بەکارەکەوە نووسـاوەو هـەمان ئەرك دەبینێت.

ئـەوەتا لـە ڕسـتەی یەکەمـدا جێنـاوی کەسـیی لکـاوی (م) بـەکاری ڕابردووی تێنەپەڕی (نڤست)ەوە نووسـاوەو شـوێنی (ئـەز)ی بکـەری لـە ڕستەدا گرتووە، کە کەسی یەکەمی تاکە.

لە ڕستەی دووەمیشدا جێناوی (یـن) بـەکاری ڕانـەبردووی تێنەپـەڕی (دنڤین)ەوە نووساوەو شوێنی (ئـەم)ی بکـەری گرتـووە، کـە بـۆ کەسـی یەکەمی کۆیە.

لە ڕستەی سێیەمدا جێناوی کەسیی لکاوی (ی) بـەکاری ڕانـەبردووی تێپەڕی (دخوینی)یەوە نووساوەو جێی (تۆ)ی بکەری گرتووە، بۆ کەسی دووەمی تاك.

لە ڕستەی چوارەمدا جێناوی کەسیی لکاوی (ن) خراوەتە سەر کـاری ڕابردووی تێنەپەڕی (ڕابوو)، جێی (هوین)ی جێناوی کەسیی سەربەخۆی گرتۆتەوە کە بۆ کەسی دووەمی کۆیە.

لە ڕستەی پێنجەمدا جێنـاوی (ی) خراوەتـە سـەر کـاری ڕانـەبردووی تێپەڕی (دنڤیسی)و شوێنی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاك دەگرێتەوە، کـە

بکەرە لە هەندێ باریشدا لە جیاتی(ی) جێناوی (ە) وەردەگرێت و بە کارەکەوە دەلکێت، وەکو لە ڕستەکەدا دیارەو نووسراوە (دنقیسە).

لە ڕستەی شەشەمدا جێناوی کەسیی لکاوی (ن) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕی (هات) بەکارهاتووەو لە ئەرکی (بکەر) دایەو جێی کەسی سێیەمی کۆ دەگرێتەوە.

لە کۆمەڵە ڕستەی (ب) دوو کۆمەڵە جێناوی کەسیی سەربەخۆ بەکارهاتووە. جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەمیان لە ئەرکی (بکەر) دان و ئەوانەی کۆمەڵەی دووەم خۆیان و جێناوە کەسییە لکاوەکانی سەر بەوان لە ئەرکی (بەرکاردان)و ئەو جێناوە لکاوانەش هەر ئەوانەی پێشووترن.

لە ڕستەی (تە ئەز دیتم)دا، جێناوی کەسیی سەربەخۆی (تە) لە ئەرکی (بکەر) دایەو جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئەز) لە ئەرکی بەرکاردایەو جێناوە کەسییە (لکاو)ەکە بەکاری (دیت)ی ڕابردووی تێپەڕەوە نووساوەو ئەویش لە ئەرکی (بەرکار)دایە.

هەر بە هەمان شێوە لە ڕستەکانی تریش یەك لەدوای یەك جێناوە کەسییە لکاوەکانی (ی، ین، ن، ن) لە ئەرکی (بەرکار)دا بەکارهاتوون.

دەستور:

ئەو جێناوە کەسییە لکاوانەی کە لەشێوە زاری کرمانجی ژووروودا بەکاردێن، هەر ئەوانەن کە کۆمەڵەی دووەمی جێناوە کەسییە لکاوەکانی شێوە زاری کوردی کرمانجی خواروو بەکاریان دەهێنێت، لەگەڵ کەمێك

جیاوازی لەشێوەی هەندێکیان، لەم شێوە زارەدا بە زۆری جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە ڕستەدا ناودەبرێن.

ئەو جێناوە کەسییە لکاوانەش لە (دوو ئەرك)دا بەکاردێن:

١. لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕو ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ کە ئەرکی (بکەر) دەبینن، وەك نمونەکانی بەشی(ئـ).

٢. لەگـەڵ کـاری ڕابـردووی تێپـەڕ لـەم بارەشـدا ئـەرکی (بـەرکار) دەبینن، وەکو نمونەکانی بەشی (ب).

ژمارە	کەس	جێناوی لکاو
تـاك	یەکەم	م
	دووەم	ی
	سێیەم	ی، ە
کـۆ	یەکەم	ن (ین)
	دووەم	ن
	سێیەم	ن

ڕاهێنانی (١)

ئەم کارانە لەگەڵ جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (پ) بەکاربێنە:

(هات، گرت)

ڕاهێنانی (٢)

ئەم جێناوە کەسییە سەربەخۆیانە بە جێناوی کەسیی لکاو بگۆڕە، وەك نمونەی (ب):

ئـ- تۆ (هاتن) بۆ قوتابخانە.

ب- هاتیت بۆ قوتابخانە.

١. من (چوون) بۆ دهۆك.

٢. ئێمە (خواردن) خوارد.

٣. ئێوە هەموو ڕۆژێك (جل شتن).

٤. تۆ چیرۆکەکە (خوێندنەوە).

٥. ئەوان هەمیشە بە ڕۆژ (نووستن).

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

(تان)جێناوی لکاوە بۆ کەسی:(یەکەمی تاك، دووەمی کۆ، سێیەمی تاك)

(یت)جێناوی لکاوە بۆ کەسی:(دووەمی کۆ، سێیەمی تاك، دووەمی تاك)

(ین)جێناوی لکاوە بۆ کەسی:(یەکەمی کۆ، دووەمی کۆ، سێیەمی کۆ)

(یان)جێناوی لکاوە بۆ کەسی:(دووەمی کۆ، یەکەمی کۆ، سێیەمی کۆ)

(ن)جێناوی لکاوە بۆ کەسی:(دووەمی تاك، یەکەمی کۆ، سێیەمی کۆ)

(ێت)جێناوی لکاوە بۆ کەسی:(دووەمی تاك، سێیەمی تاك، سێیەمی کۆ)

ڕاهێنانی (٤)

ئـەم ڕسـتـەیەی خـوارەوە بگـۆڕە، لەگـەڵ گـۆڕینی جێنـاوە کەسـییە لکاوەکان بۆ:

١. کەسی یەکەمی کۆ.

٢. کەسی دووەمی تاك.

٣. کەسی سێیەمی کۆ.

٤. کەسی دووەمی کۆ.

(من زۆر بەخێرایی باری ژیانم دەگۆڕم)

ڕاهێنانی (٥)

ئەم ڕستانە بۆ ئەو جێناوانەی بەرامبەریان بگۆڕە:

١.ئەو دەیەوێت کوردستان لە ڕووی پیشەسازییەوە پێش بخات. (ئێمە)

٢.تۆ گەلێك شتی سەیرو بە کەڵکت داهێناوە. (ئێوە)

٣.زۆرم پێخۆشە بێیت بۆ لام. (ئەوان)

٤.دوێنێ چاوم بە هاوڕێکەم کەوت. (تۆ)

ڕاهێنانی (٦)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. ئەوان سێو دەخۆن.

٢. من دەستێ وی گرت.

٣. تە ئەز بردم.

(وانەی حەوتەم)

هاوەڵـناو

١. کۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە.
٢. کوردستان بە ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەوێت.
٣. سەیرانەکەمان خۆش بوو.
٤. ئەسپی چاك ئاوزەنگی ناوێت.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین دەبینین:

١. لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (سپی) وەسفی ناوی (کۆتر)ی کردووە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی)یەوە بووەتە دیارخەری ناوەکە، بۆی ڕوونکردووینەوە، کە (کۆترێك)ی چۆنمان مەبەستە، لەبەر ئەوە بە وشەی (سپی) دەوترێت (هاوەڵناو).

٢. لە ڕستەی دووەمدا وشەی (تێکۆشەر) وەسفی جێناوی (ئێوە)ی کردووە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) بووەتە دیارخەری جێناوەکە، بۆی ڕوونکردووینەوە، کە بە (کێ) کوردستان سەردەکەوێت، لەبەر ئەوە بە وشەی (تێکۆشەر) دەوترێت (هاوەڵناو).

٣. لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (خۆش) واتای کاری ناتەواوی (بوو)ی تەواوکردووە، بووە بە تەواوکەری کارە ناتەواوەکە بەبێ

یاریدەری ئامرازی دانەپاڵ، لەبەر ئەوە بە وشەی (خۆش) دەوترێت (هاوەڵناو).

٤. لە ڕستەی چوارەمدا بە هەمان شێوەی ڕستەی یەکەم وشەی (چاك) وەسفی ناوی (ئەسپ)ی کردووە، بووە بە دیارخەری ناوەکە، بە یاریدەی ئامرازی دانەپاڵی (ی)یەوە بۆی ڕوونکردووینەوە کە چ ئەسپێك ئاوزەنگی ناوێت، لەبەر ئەوە بە وشەی (چاك) دەوترێت (هاوەڵناو).

دەستور:

هاوەڵناو وشەیەکە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە هەروەها هاوەڵناو دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواویش.

(وانەی هەشتەم)

هاوەڵناوی چۆنییەتی

١. مرۆڤی باش سەردەکەوێت.

٢. ترێی ڕەش بکڕە.

٣. ماسیی گەورە لە ڕووبارەکەدا هەیە.

٤. شیرین نازدارە.

٥. خانووەکە کۆن بوو.

٦. مرۆڤی نیشتمانپەروەر سەرفراز دەبێت.

٧. ئێوەی زیرەك بە ئامانج دەگەن.

٨. گۆتنا خۆش بهارا دلانە.

٩. باشترین چیرۆکم خوێندەوە.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکان، دەبینین ئەو وشانەی هێڵیان بە ژێردا کێشراوە، وەك {باش، ڕەش، گەورە، نازدار، کۆن، نیشتمانپەروەر، سەرفراز، زیرەك، خۆش} هەموویان هاوەڵناوی چۆنین، چونکە هەر یەکەیان وەسفی ناوێك یا جێناوێکی کردووە، واتە بووە بە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە، یاخود بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواو، وەکو:

١. لە ڕستەی یەکەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (باش) وەسفی ناوی (مرۆڤ)ی کردووەو بووەتە دیارخەری ناوی (مرۆڤ).

٢. لە ڕستەی دووەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (ڕەش) وەسفی ناوی (ترێ)ی کردووەو بووەتە دیارخەری ناوی ترێ.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (گەورە) وەسفی ناوی (ماسی)ی کردووەو بووەتە دیارخەری ناوی (ماسی).

٤. لە ڕستەی چوارەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (نازدار) بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (کۆن) بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواوی (بوو).

٦. لە ڕستەی شەشەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (نیشتمانپەروەر) وەسفی ناوی (مرۆڤ)ی کردووەو بووەتە دیارخەری ناوەکە. هەروەها هاوەڵناوی چۆنییەتی (سەرفراز) بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواوی (دەبێت).

٧. لە ڕستەی حەوتەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (زیرەك) وەسفی جێناوی (ئێوە)ی کردووەو بووەتە دیارخەری جێناوی (ئێوە).

٨. لە ڕستەی هەشتەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (خۆش) وەسفی چاوگی[١] (گۆتن)ی کردووەو بووەتە دیارخەری چاوگەکە.

٩. لە ڕستەی نۆیەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی (باشترین) وەسفی جێناوی (چیرۆکی)ی کردووەو بووەتە دیارخەری.

---

[١] – هەموو چاوگێك ناوی واتاییە، لەڕستەدا ئەرکی ناو دەبینێت.

دەستور:

هاوەڵناوی چۆنییەتی: ئەو هاوەڵناوەیە کە لە ڕستەدا وەسفی ناوێك یا جێناوێك دەکاتو دەبێتە دیارخەری ناوەکە یا جێناوەکە، یاخود دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

ئەگەر ببێتە دیارخەری ناو بە دوو شێوە دەبێت:

١. لە شێوە زاری کرمانجی خواروو (ی-ە) بەکاردەهێنرێ.

٢. لە شێوە زاری کرمانجی ژووروو بەم شێوەیە:

ئـ- ئەگەر ناوەکە نێری تاك بوو (ێ) بەکار دەهێنرێ.

ب- ئەگەر ناوکە مێی تاك بوو (ا) بەکار دەهێنرێ.

پ- ئەگەر ناوەکە کۆ بوو نێر یا مێ {ێت- ێد- ێن} بەکاردەهێنرێ.

ئامرازی دانە پاڵ دەخرێتە نێوانیان ئەگەر هاوەڵناوی چۆنییەتی لە دوای ناوەکە یا جێناوەکە بێت. بەڵام ئەگەر هاوەڵناوی چۆنییەتی کەوتە پێش ناوەکە ئامرازی دانە پاڵی پێویست نییە.

هاوەڵناو ئەگەر بکەوێتە پێش ناو پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی نییە.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەر هاوەڵناوێکی چۆنییەتی هەیە دەرییبهێنەو ئەرکەکەی دیاربکە.

١. پیّ لە تەختەی چروك مەنیّ.

٢. مە چاڤێن بەلەك دیتن.

٣. هەنار میوەیەکیّ خۆشە.

٤. یارمەتیی مرۆڤی هەژار بدەن.

٥. پرچا بەفرینیّ زەرە.

٦. ڕێزی مرۆڤی مەزن بگرن.

٧. شێرکۆ کوڕەکی ئازایە.

٨. چیاییێن کوردستانیّ بلندن.

٩. ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون.

ڕاهێنانی (٢)

شەش ڕستە بهێنەرەوە، کە هاوەڵناوی چۆنییەتی تێدا بێت.

سێیانیان دیارخەری ناو بن، دووانیان دیارخەری جێناو بن، یەکێکیان تەواوکەری کاری ناتەواو بێت.

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. دارستانێکی چڕ لە نزیك دێیەکەمان هەیە. (هاوەڵناوی چۆنی، ناو، جێناو)

٢. جوان پیشانگاکەی ڕازاندەوە.(جێناوە، هاوەڵناوی چۆنییە، ناوە)

٣. ماسی گەورە لە تاڤگەدا ناگیرێ.(ناوە، هاوەڵناوی چۆنییە، جێناوە)

٤. ئێوە هیوای دوارۆژن. (هاوەڵناوی چۆنییە، ناوە، جێناوە)

٥. ڕاگرتنی پاکوخاوێنیی شار ئەرکێکی نیشتمانییە. (ناوە، هاوەڵناوی چۆنییە، جێناوە)

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤەبکە:

١. دراوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە.

٢. سێوی باش بکڕە.

٣. دەستماڵا نەسرینێ جوانە.

(وانەی نۆیەم)

جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی

(لەڕووی دروستکردنییەوە)

ئـ/

١. گوڵی جوان بچێنە.

٢. ئاوی کانی پاکە.

٣. تۆی زیرەك دەردەچیت.

٤. چەند چیا بلند بن نهال[1] کویر[2] دبن.

٥. درەختی سەوز جوانە.

ب/

١. بهارا کوردستانێ گەلەکا ڕەنگینە.

٢. کتێبی بەسوود بخوێنەوە.

٣. مرۆڤێ دەشتەکی بەهێزە.

٤. مرۆڤێ بێ ورە سەرناکەوێت.

٥. گەلێن هشیار پێش دکەڤن.

٦. منداڵی نابینا هەستیارە.

پ/

١. یارمەتیی مرۆڤی دڵسووتاو بدەن.

٢. لە مرۆڤێ زارخۆشی زگڕەش دویر کەڤە.

٣. گولیزار کچەکا ڕووخۆشە.

٤. موحەمەد عارفێ سترانبێژ هونەرمەندەکێ مەزن بوو.

٥. پیاوی دەستبڕ لەناو دەچێت.

---

[1] نهال : دۆڵ

[2] کویر : قوڵ

خستنەڕوو:

ئـ- کاتێ سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەکەین، دەبینین پەیڤەکانی (جوان، پاك، زیرەك). هەموویان هاوەڵناوی چۆنیەتین‌و بوونەتە دیارخەری ناوێك یا جێناوێك یاخود تەواوکەری کاری ناتەواو. بەڵام ئەگەر لە ڕووی دروست بوونیانەوە سەیریان بکەین، دەبینین کە هەر یەکەیان تەنها لە یەك وشەی واتادار پێکهاتووە، لەبەر ئەمە پێیان دەگوترێ هاوەڵناوی سادە.

ب- ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین وشەکانی (ڕەنگین، بەسوود، دەشتەکی، بێ ورە، هشیار (هوشیار)، نابینا، هەستیار). هەموویان هاوەڵناوی چۆنیەتین‌و بوونەتە دیارخەری ناوێك یا تەواوکەری کاری ناتەواو. بەڵام لە ڕووی دروست بوونیانەوە هەر یەکەیان لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یا لەگەڵ پاشگرێك پێکهاتووە، لەبەر ئەمە پێیان دەگوترێ هاوەڵناوی داڕێژراو. وەکو:

١. لە ڕستەی یەکەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو (ڕەنگین) لە وشەی ڕەنگ لەگەڵ پاشگری (ین) پێکهاتووە.
٢. لە ڕستەی دووەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو (بەسوود) لە پێشگری (بە) وشەی (سوود) پێکهاتووە.
٣. لە ڕستەی سێیەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو (دەشتەکی) لە وشەی (دەشت)و پاشگری (ەکی) پێکهاتووە. هەروەها

هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو (بەهێز) لە پێشگری (بە) لەگەڵ وشەی (هێز) پێکهاتووە.

٤. لە ڕستەی چوارەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو (بێ وره) لە پێشگری (بێ) لەگەڵ وشەی (وره) پێکهاتووە.

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو (هشیار، هوشیار) لە وشەی (هش) (هۆش) لەگەڵ پاشگری (یار) پێکهاتوون.

پ- دیسان ئەگەر سەیری ڕستەکانی (پ) بکەین، دەبینین وشەکانی (دڵسووتاو، زارخۆش، زگڕەش، ڕووخۆش، سترانبێژ، دەستبڕ) هەموویان هاوەڵناوی چۆنیەتیین، بەڵام لە ڕووی دروست بوونیانەوە هەریەکەیان لە دوو وشەی واتادار یا پتر پێکهاتووە، لەبەر ئەمە پێیان دەگوترێ هاوەڵناوی لێکدراو. وەکو:

١. لە ڕستەی یەکەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی لێکدراو (دڵسووتاو) لە دوو وشەی واتادار (دڵ+سووتا) لەگەڵ پاشگری (و) پێکهاتووە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی لێکدراو (زارخۆش) لە دوو وشەی واتادار (زار+خۆش) پێکهاتووە. هەروەها هاوەڵناوی چۆنییەتیی لێکدراو (زگڕەش) لە دوو وشەی واتادار (زگ+ ڕەش) پێکهاتووە.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی لێکدراو (ڕووخۆش) لە دوو وشەی واتادار (ڕوو+خۆش) پێکهاتووە.

٤. لە ڕستەی چوارەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی لێکدراو (سترانبێژ) لە دووشەی واتادار (ستران+ بێژ) پێکهاتووە.

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا هاوەڵناوی چۆنییەتی لێکدراو (دەستبڕ) لە دوو وشەی واتادار (دەست+بڕ) پێکهاتووە.

دەستور:

هاوەڵناوی چۆنییەتی لە ڕووی دروستکردنییەوە دەکرێت بە دوو جۆر:

١- هاوەڵناوی سادە: وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە.

٢- هاوەڵناوی ناسادە:

ئـ- لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پاشگرێك یان پێشگرێك یان هەردووکیان پێکهاتووە.

ب- هاوڵناوی لێکدراو: لە دوو وشەی واتادار یا پتر پێکهاتووە.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هاوەڵناوی چۆنییەتی دەربهێنەو جۆرەکەی دیاربخە:

١. باخێ مە یێ جوانە.

٢. مرۆڤی دەستکورت هەیە.

٣. ئاوی کانی سازگارە.

٤. گوڵناز کچەکا بەژن زراڤە.

٥. کاری ناڕێك سەرناگرێت.

٦. گوندێ وان یێ دویرە.

ڕاهێنانی (٢)

جیاوازی لەنێوان هاوەڵناوی داڕێژراو و لێکدراودا چییە؟ بە نمونە ڕوونی بکەرەوە.

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

فڕۆکەوان : (سادەیە، داڕێژراوە، لێکدراوە)

خوێندەوار : (لێکدراوە، سادەیە، داڕێژراوە)

دوودڵ : (داڕێژراوە، لێکدراوە، سادەیە)

نەمر : (داڕێژراوە، سادەیە، لێکدراوە)

سوێر : (لێکدراوە، سادەیە، داڕێژراوە)

چین چین: (سادەیە، داڕێژراوە، لێکدراوە)

ورد : (داڕێژراوە، لێکدراوە، سادەیە)

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. گەلی ژێردەست تێدەکۆشێت.

٢. مە زنجیرا ستویر پساند.

٣. کۆمپیوتەر ئامێرێکی بەسوودە.

(وانەی دەیەم)

پلەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی

ئـ/

١. ئاروی ناسك بكرە.

٢. گولێن مه گەش بوون.

٣. ئێوەی تێگەیشتوو سەردەکەون.

٤. ئاڤا شیرین ڤەخۆ.

ب

١. ئازاد لە نەوزاد ژیرترە.

٢. ئەڤ گوڵە ژ گولا دی سۆرترە.

٣. کتێبا من ژ کتێبا تە کەڤنتربوو.

پ/

١. هەڵگود بڵندترین چیایە لە کوردستانی باشووردا.

٢. بەختیار قوتابیی هەرە زیرەکی ئەم قوتابخانەیە.

٣. دلۆڤان ژ هەمیا مەزنترە.

٤. ئازاد لە گشت خوێندکاران باشترە.

٥. نەرمین لە هەموو خوێندکاران هێمنترە.

خستنەڕوو:

ئـ- کاتێ سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەکەین، دەبینین وشەکانی هێڵیان بەژێرەوەیە {ناسك، گەش، تێگەیشتوو، شیرین} هەموویان هاوەڵناوی چۆنیەتین‌و هەر یەکەیان بۆ وەسفی ناوێك یان جێناوێك، یاخود بۆ تەواوکردنی کاری ناتەواو بەکارهێنراون، لێرەدا هاوەڵناوەکە لە پلەی چەسپاودایە.

ب- ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین وشەکانی هێلیان بەژێرەوەیە (ژیرتر، سۆرتر، کەڤنتر). هەموویان هاوەڵناوی چۆنییەتین‌و لە پلەی بەراورددان، چونکە هەریەکەیان بۆ بەراوردکردن لەنێوان دوو ناوی وەسفکراو بەکارهێنراون، کە هەردووکیان لە سیفەتەکە هاوبەشن، بەلام پلەی یەکێکیان پترە لەوی تر. بە دانانی نیشانەی (تر) لە کۆتایی هاوەڵناوی چۆنییەتی دروستدەکرێت‌و ئامرازی پەیوەندی (لە، ژ) دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوەکە.

پ- کاتێ سەیری ڕستەکانی بەشی (پ) دەکەین، دەبینین وشەکانی هێلیان بە ژێرەوەیە (بڵندترین، هەرە زیرەك، ژ هەمیا مەزنتر، لە گشت خوێندکاران باشتر، لە هەموو خوێندکاران هێمنتر). هاوەڵناوی چۆنییەتین‌و لە پلەی بالادان، چونکە هەر یەکەیان پلەی بالایی ناوێك پیشاندەدات لەنێوان ئەو ناوانەی کە هەموویان لە سیفەتەکە هاوبەشن، بەلام پلەی یەکێکیان لە هەموویان پترە. بە دانانی نیشانەی (ترین) لە کۆتایی هاوەڵناوی چۆنییەتی دروستدەکرێت.

هەروەها دەتوانرێ بەهۆی وشەی (هەرە) یا (ژهەمیا) یـا (لـە گشـت) یا (لە هەموو) پلەی باڵا دروست بکرێ، کە دەخرێتە پێش هاوەڵناوی پلەی بەراورد یا چەسپاو.

دەستور:

هاوەڵناوی چۆنییەتی سێ پلەی هەیە:

ئـ- پلەی چەسپاو: ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ وەسفی ناوێك یا جێناوێك بەکاردەهێنرێ.

ب- پلەی بەراورد: ئەو هاوەڵناوەیە کە بۆ بەراوردکردن لەنێوان دوو ناوی وەسفکراو بەکاردەهێنرێ، کە هەردووکیان لە سیفەتەکە هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لەوی تر پترە. نیشانەی (تر) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوی چۆنییەتیو ئامرازی پەیوەندی (لە، ژ) دەخرێتە نێوان هەردوو ناوی بەراوردکراو.

پ- پلەی باڵا: ئەو هاوەڵناوەیە کە پلەی باڵایی ناوێك پیشاندەدات لەنێوان کۆمەڵە ناوێك، کە هەموویان لە سیفەتەکە هاوبەشن ، بەڵام پلەی یەکێکیان لە هەموویان زیاترە.

١. بە دانانی نیشانەی (ترین) لە کۆتایی هاوەڵناوی چۆنییەتی دروست دەکرێ.

٢. دەتوانرێ بەهۆی وشەی (هەرە) کە دەخرێتە پێش هاوەڵناوی پلەی چەسپاو دروست بکرێ.

٣. دەتوانرێ بە یارمەتی وشەی (ژ هەمیا، لە گشت، لە هەموو، ژ تەڤ) کە دەخرێتە پێش هاوەڵناوی پلەی بەراورد دروست بکرێ.

راهێنانی (١)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. جۆ لە گەنم هەرزانترە. (پلەی باڵا، پلەی بەراورد، پلەی چەسپاو)

٢. نێرگز جوانترین گوڵی بەهارە.(پلەی باڵا، پلەی بەراورد، پلەی چەسپاو)

٣. ئاوی کانییەکە سارد بوو. (پلەی باڵا، پلەی بەراورد، پلەی چەسپاو)

٤. شاخی هەڵگورد لە شاخی سەفین بەرزترە.(پلەی چەسپاو، پلەی باڵا، پلەی بەراورد)

٥. ئەم ئەسپە خێرایە.(پلەی باڵا، پلەی بەراورد، پلەی چەسپاو)

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هاوەڵناوی چۆنییەتی دەربهێنەو پلەکانیان دیار بخە:

١. پیاوی ئازا چاونەترسە.

٢. سەردار ژ نەوزادی خۆشمێرترە.

٣. شاسوار لەم پۆلەدا باشترین قوتابییە.

٤. ئەڤ گولە ژ هەمیا جوانترە.

٥. ئەڤین لە گشت قوتابییان زیرەکترە.

٦. شێرۆ ژ میرانی مەزنتر بوو.

ڕاهێنانی (٣)

چۆن هاوەڵناوی پلەی بەراورد لە هاوەڵناوی پلەی باڵا جیا دەکەیتەوە؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە.

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. زەریا لە دەریا قوڵترە.

٢. هاوین گەرمترین وەرزی ساڵە.

(وانەی یازدەهەم)

هـاوەڵـناوی نـیشانە

ئـ-

١. ئەم گوڵە جوانە.

٢. ئەو گوڵە جوانە.

٣. ئەم دارانە بەرزن.

٤. ئەو دارانە بەرزن.

٥. ئەڤ کورەییێ زیرەکە.

٦. ڤی خورتی سەریێ مە بلندکر.

٧. ڤێ کچێ هۆزانەك ڤەهاند.

٨. وی جامێری هاریکاریا مە کر.

٩. وێ گۆتنێ دلێ مە خۆشکر.

١٠. ئەڤان مرۆڤان نان خار.

١١. وان جوتیاران زەڤیێن خۆ کێلان.

ب-

١. ئەم دێیە گەورەیە.

٢. ئەو دێیانە گەورەن.

٣. ئەم کەیبانووە خاوێنە.

٤. ئەو کەیبانووانە خاوێنن.

خستنەڕوو:

ئـ- کـاتێ سـەیری ڕسـتەکان دەکـەین، دەبیـنین وشـەکانی (ئـەم...ە، ئـــەو... ە، ئـــەڤ ... ە ، ڤـــی ... ی، ڤـــێ ... ێ، وی... ی، وێ... ێ، ئـەڤان... ان، وان ...ان) هـەموویان هاوەڵنـاوی نیشـانەن، چـــونکە هەریەکـــەیان وەســـفی نـــاوێکی کـــردووە، بـــەهۆی دەستنیشانکردنەوە لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیایکردووەتەوە.

١. لـە ڕسـتەی یەکەمـدا هاوەڵنـاوی نیشـانەی (ئـەم... ە) بـۆ نزیـك بەکاردێت، وشەی (گـوڵ)ی دەستنیشـانکردووە، وەکـو سـیفەتێك توانیویـەتی لـە هاوچەشـنەکانی خۆیـدا جیـای بکاتـەوەو بووەتـە دیارخەری ناوی (گوڵ).

٢. لـە ڕسـتەی دووەمـدا هاوەڵنـاوی نیشـانەی (ئـەو...ە) بـۆ دوور بەکاردێت، وشەی (گـوڵ)ی دەستنیشـانکردووە، وەکـو سـیفەتێك توانیویـەتی لـە هاوچەشـنەکانی خۆیـدا جیـای بکاتـەوەو بووەتـە دیارخەری ناوی (گوڵ).

٣. لە ڕسـتەی سـێیەمدا هاوەڵنـاوی نیشـانەی (ئـەم... ە) بـۆ نزیـك بەکاردێتو وشەی (داران)ی دەستنیشانکردووە، وەکـو سـیفەتێك توانیویـەتی لـە هاوچەشـنەکانی خۆیـدا جیـای بکاتـەوەو بووەتـە دیارخەری ناوی (داران).

٤. لـە ڕسـتەی چـوارەمدا هاوەڵنـاوی نیشـانەی (ئـەو... ە) بـۆ دوور بەکاردێتو وشەی (داران)ی دەستنیشانکردووە، وەکـو سـیفەتێك

توانیویەتی لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای بکاتەوەو بووەتە دیارخەری ناوی (داران).

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا هاوەڵناوی نیشانەی (ئەڤ ... ە) بۆ نزیك بەکاردێت، وشەی (کوڕ)ی دەستنیشانکردووە، وەکو سیفەتێك توانیویەتی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیای بکاتەوەو بووەتە دیارخەری ناوی (کوڕ).

٦. لە ڕستەی شەشەمدا هاوەڵناوی نیشانەی (ڤی... ی) بۆ ناوی نێری تاکی نزیك بەکاردێتو وشەی (خورت)ی دەستنیشانکردووە، وەکو سیفەتێك توانیویەتی لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای بکاتەوەو بووەتە دیارخەری ناوی (خورت).

٧. لە ڕستەی حەوتەمدا هاوەڵناوی نیشانەی (ڤێ... ێ) بۆ ناوی مێی تاکی نزیك بەکاردێت، وشەی (کچ)ی دەستنیشانکردووە، وەکو سیفەتێك توانیویەتی لە هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای بکاتەوەو بووەتە دیارخەری ناوی (کچ).

٨. لە ڕستەی هەشتەمدا هاوەڵناوی نیشانەی (وی... ی) بۆ ناوی نێری تاکی دوور بەکاردێت. وشەی (جامێر)ی دەستنیشانکردووە، وەکو سیفەتێك توانیویەتی لەناو هاوچەشنەکانی خۆیدا جیای بکاتەوەو بووەتە دیارخەری ناوی (جامێر).

٩. لە ڕستەی نۆیەمدا هاوەڵناوی نیشانەی (وێ... ێ) بۆ ناوی مێی تاکی دوور بەکاردێت، وشەی (گۆتن)ی دەستنیشانکردووە، وەکو

سـيفەتێك توانيويـەتى لـەناو هاوچەشـنەكانى خۆيـدا، جيـاى بكاتەوەو بووەتە ديارخەرى وشەى (گۆتن).

١٠. لە ڕستەى دەيەمدا هاوەڵناوى نيشانەى (ئـەڤان... ان) بـۆ نـاوى نێـرو مێـى كـۆى نزيـك بـەكاردێت، وشـەى (مـرۆڤ)ى دەستنيشانكردووە وەكو سيفەتێك توانيويەتى لە هاوچەشـنەكانى خۆيدا جياى بكاتەوەو بووەتە ديارخەرى ناوى (مرۆڤ).

١١. لە ڕستەى يازدەهەمدا هاوەڵنـاوى نيشـانەى (وان... ان) بـۆ نـاوى نێـرو مـێى كـۆى دوور بـەكاردێت. وشـەى (جوتيـار)ى دەستنيشـانكردووە، وەكـو سـيفەتێك توانيويـەتى لـەناو هاوچەشنەكانى خۆيدا جيـاى بكاتـەوەو بووەتـە ديارخـەرى نـاوى (جوتيار).

ب- لە ڕستەكانى (ب)دا وشەكانى (دێ، كەيبانوو) دوو ناون بە پيتى بزوێنى (ێ، وو) كۆتاييان هاتووە، هەروەها هاوەڵنـاوى نيشـانەكەش (ئەم... ە) و (ئەو... ە) بە پيتى بزوێنـى (ە) كۆتـايى هـاتووە، بـۆ ئـەوەى دوو بـزوێن بـە دواى يەكـدا نەيـەن، ئـەوا ناوبەنـدى گونجـاو دەخەينە نێوانيانەوە، ئەو كاتە بەپێى مەبەست بەكاريان دێنين:

(ئەم + دێ + يـ + ە)

(ئەو + كەيبانوو[١] + و+ ە)

١ - (وو-û) خۆى كورتدەكاتەوە بۆ (و-u) Keybanuwe

دەستور:

هاوەڵناوی نیشـانە: ئـەو هاوەڵناوەیـە کـە وەسـفی ناوێـك دەکـاتو بـە ئاسـانی لـە هاوچەشـنەکانی خـۆی جیـای دەکاتـەوەو دەبێتـە دیارخـەری ناوەکە، هەمیشە ناوە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشی هاوەڵناوەکەوە.

هاوەڵناوەکانی نیشانە لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

١. ئەم .... ە	٢. ئەو... ە	٣. ئەڤ ... ە
٤. ڤی... ی	٥. ڤێ ... ێ	٦. وی ... ی
٧. وێ... ێ	٨. ئەڤان... ان	٩. وان ... ان



ڕاهێنانی (١)

نموونە:

١. مندالّ (هەژار). ئەم مندالّە هەژارە پێویستی بە یارمەتی هەیە.

٢. دۆ (شیرین). ئەم دۆیە زۆر شیرینە.

ئەمانەی خوارەوە لەگەلّ هاوەلّناوی نیشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

{ دەرگا (پان)، پەنیر (بەتام)، ئاو (سارد)، دەریا (قوولّ)، ئاگر (خۆش)، درەخت (بەرز)، بەڕوو (شیرین)، پیاو (ئازا)، کەو (گەردن بە خالّ)}

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هاوەلّناوی نیشانە دەربهێنە:

١. ئەو گۆڤارانە بهێنە.

٢. ڤێ دەفتەرێ بکرە.

٣. ئەم نەمامەم چاندووە.

٤. وی هەڤالی فراڤین خار.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم هاوەلّناوە نیشانانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(وان... ان، ئەڤان ...ان، وێ... ێ، ئەم...ە، ئەو... ە)

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. ئەم خانووە خۆشە.

٢. ئەو وێنانە ڕەنگدەکەم.

٣. وێ کابانێ مالەکا مەزن بڕێڤەبر.

جێناوی نـیشانە

١. **ئەمە** بنووسەوە.

٢. **ئەوە** زیرەکە.

٣. **ئەمانە** چالاکانە کاردەکەن.

٤. **ئەوانە** دەناسم.

٥. **ئەڤە** هەڤالێ منە.

٦. **ڤی** نان خاریيە.

٧. **ڤێ** نان خاریيە.

٨. **وی** چیرۆك نڤیسییە.

٩. **وێ** چیرۆك نڤیسییە.

١٠. **ئەڤان** (**ڤان**) گۆڤەندەکا خۆش گرێدا.

١١. (**ئەوان**) ڕەشبەلەك گرێدا.

١٢. **وان** بترسینە داکو بەس کارێ خراپ بکەن.

خستنەڕوو:

کـاتێ سـەیری ڕسـتەکان دەکـەین، دەبیـنین وشـەکانی هێلیـان بەژێرەوەیە {ئەمـە، ئـەوە، ئەمانـە، ئەوانـە، ئەڤـە، ڤـی، ڤـێ، وی، وێ، ئـەڤان (ڤـان)، ئـەوان (وان)} هـەموویان جێنـاوی نیشـانەن، چـونکە هەریەکـەیان جێـی نـاوێکی گرتۆتـەوەو لـەبری ئـەو بـەکار هـاتووەو دەستنیشانی کردووە.

١. لـه ڕسـتـەی یەکەمـدا جێنـاوی نیشـانە (ئەمـە) بـۆ تـاکی نزیـك بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردووە.
٢. لـە ڕسـتـەی دووەمـدا جێنـاوی نیشـانە (ئـەوە) بـۆ تـاکی دوور بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردووە.
٣. لـە ڕسـتـەی سـێیەمدا جێنـاوی نیشـانە (ئەمانـە) بـۆ کـۆی نزیـك بەکارهاتووە، جێی چەند ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردوون.
٤. لـە ڕسـتـەی چـوارەمدا جێنـاوی نیشـانە (ئەوانـە) بـۆ کـۆی دوور بەکارهاتووە، جێی چەند ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردوون.
٥. لـە ڕسـتـەی پێنجەمـدا جێنـاوی نیشـانە (ئەڤـە) بـۆ تـاکی نزیـك بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردووە.
٦. لە ڕستەی شەشەمدا جێناوی نیشانەی (ڤی) بۆ نێری تـاکی نزیـك بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردووە.
٧. لە ڕستەی حەوتەمدا جێناوی (ڤێ) بۆ مێی تاکی نزیك بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانیکردووە.
٨. لە ڕسـتـەی هەشـتـەمدا جێنـاوی نیشـانە (وی) بـۆ نێـری تـاکی دوور بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردووە.
٩. لـە ڕسـتـەی نۆیەمـدا جێنـاوی نیشـانە (وێ) بـۆ مێـی تـاکی دوور بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردووە.
١٠. لە ڕستەی دەیەمدا جێناوی نیشانە (ئەڤان، ڤان) بۆ نێرو مێی کـۆی نزیك بـەکارهاتووە، جێـی چـەند نـاوێکی گرتۆتـەوەو دەستنیشـانی کردوون.

١١.لە ڕستەی یانزەیەمدا جێناوی نیشانە (ئەوان، وان) بۆ نێرو مێی کۆی دوور بەکارهاتووە، جێی ناوێکی گرتۆتەوەو دەستنیشانی کردوون.

دەستور:

جێناوی نیشانە وشەیەکە جێی ناوێك دەگرێتو لە بری ئەو بەکاردێتو دەستنیشانی دەکات و لە ڕستەدا هەمان ئەرکی ڕێزمانی ناوەکە دەبینێت. زۆربەی جێناوە نیشانەکان ئەمانەن: (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە، ئەڤە، ڤی، ڤێ، وێ، ئەڤان، وان).



ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا جێناوی نیشانە دەربهێنە:

١. ئەوەیان هەڵبژاردووە.

٢. ئەمەم بۆ بهێنە.

٣. ئەڤە سەیدایێ مەیە.

٤. ئەوانە زیرەکن.

٥. ڤی نڤیسییە.

٦. ڤان زەڤیێن خۆ کێلان.

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١.ئەم زەوییە بەپیتە.

(جێناوی نیشانەیە، هاوەڵناوی نیشانەیە، جێناوی کەسی سەربەخۆییە)

٢. ئەوە شاخی قەندیلە.

(هاوەڵناوی نیشانەیە، جێناوی نیشانەیە، جێناوی کەسی سەربەخۆییە)

٣. ئەو بەرگری لە خاکەکەی دەکات.

(هاوەڵناوی نیشانەیە، جێناوی نیشانەیە، جێناوی کەسی سەربەخۆییە)

٤.ئەمانە نەوەی دوارۆژن.

(جێناوی کەسی سەربەخۆییە، جێناوی نیشانەیە، هاوەڵناوی نیشانەیە)

٥.ئەڤ خورتە چەلەنگە.

(جێناوی نیشانەیە، جێناوی کەسی سەربەخۆییە، هاوەڵناوی نیشانەیە)

ڕاهێنانی (٣)

شەش ڕستە بهێنەوە، کە جێناوی نیشانەی تێدا بێت، سێیانیان بۆ نزیکو سێیانیان بۆ دوور بێت.

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤەبکە:

١. ئەمە بۆ قوتابخانە هاتبوو.

٢. ڤی گەنم چاندییە.

٣. ئەڤان ستران گۆتنو وان لێ ڤەگێرا.

٤. ئەڤە تاڵە، ئەڤانە شرینن.

(وانەی سێزدەهەم)

جیاوازی
هاوەڵناوی نیشانەو جێناوی نیشانە

ئـ/

١. ئەم قوتابییە هۆنراوەکەی ئەزبەرکردووە.

٢. ئەڤ ڕەزە یێ مەیە.

٣. ئەو نەمامانە بچێنە.

٤. ڤێ زەڤیێ بەرهەمەك باش هەیە.

٥. ئەڤان گولان بچینە.

٦. وی ڕەزڤانی ڕەزێ خۆ فرۆت.

٧. ڤێ قوتابیێ وانە باش خاند.

ب/

١. ئەمە کتێبەکەی هێنا.

٢. ئەوانە کارەکەیان تەواوکرد.

٣. ئەڤە بوو شەڤێ دی هاتە مالا وە.

٤. ڤی گول چاندییە.

٥. ڤێ کراسەك کڕییە.

٦. ئەڤان پارە وەرگرت.

٧. وان فراڤین خواردبوو.

خستنەڕوو:

ئـ- پێشتر زانیمان، کە هاوەڵناوی نیشانە وشـەیەکە ناوێـك دەستنیشـان دەکـات و وەك سـیفەتێك دەبێتـە دیارخـەری ناوەکـە. ئـەمجا ئەگـەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین، دەبینین کە هاوەڵناوی نیشـانە (ئەم...ە، ئەڤ ... ە، ئەو... ە، ڤێ... ێ، وی... ی، ئـەڤان... ان). هـەر یەکـەیان نـاوێکی دەستنیشـان کـردووەو بووەتـە دیارخـەری ناوەکـە. نـاوە دیارخراوەکـە (دەستنیشـان کـراو) کەوتۆتـە نێـوان هەردوو کەرتی هاوەڵناوی نیشانە.

ب- لەمەو پـێش زانیمـان، کـە جێنـاوی نیشـانە وشـەیەکە جێـی ناوێـك دەگرێـتو ناوەکـەش دەستنیشـان دەکـات. ئینجـا ئەگـەر سـەیری ڕسـتەکانی بەشـی (ب) بکـەین، دەبیـنین جێنـاوی نیشـانە (ئەمـە، ئەوانە، ئەڤە، ئەڤە، ڤی، ڤێ، ئەڤان، وان) هەر یەکەیان جێی نـاوێکی گرتووەو لەبری ئەو بەکارهاتووەو دەستنیشانی کردووە.

دەستور:

جیاکردنـەوەی هاوەڵنـاوی نیشـانەو جێنـاوی نیشـانە لـە یـەکتری بـەم شێوە دەبێت.

1. **هاوەڵناوی نیشانە وشەیەکە دوو کەرتە، ناوێك دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام جێناوی نیشانە وشەیەکە شوێنی ناوێك دەگرێتەوە.**

٢. ناوی دەستنیشانکراو لە هاوەڵناوی نیشانە باسدەکرێتو دەکەوێتە نێوان هەردوو کەرتییەوە، بەڵام لە جێناوی نیشانەدا ناوی دەست نیشانکراو باس ناکرێت.

٣. هاوەڵناوی نیشانە لە پاڵ ناوێك دێتو دەبێتە دیارخەری، بەڵام جێناوی نیشانە جێی ناوێك دەگرێتو لە بری ئەو بەکاردێت.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەدا هاوەڵناوی نیشانەو جێناوی نیشانە دیاربخە.

١. ئەڤە وارێ مەیە.

٢. ئەم کتێبەم خوێندووەتەوە.

٣. ئەوانە مێوانەکانن.

٤. ڤی خەباتکەری خەلات بکە.

٥. کولیکێن ناڤ وان ڕەزا، جانن.

٦. کەی ئەمە تەواو دەکەیت؟

٧. ڤان شڤانان پەزێ خۆ ئاڤدا.

٨. ڤێ زەڤی فرۆتییە.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك جارێك هاوەڵناوی نیشانەبنو جارێك جێناوی نیشانە بن.

(وی، وان، ڤان، وێ، ڤی)

ڕاهێنانی (٣)

چۆن هاوەڵناوی نیشانە لە جێناوی نیشانە جیادەکەیتەوە؟ بە نموونە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤەبکە:

١. وێ پەرتوکێ بکرە.

٢. ئەوە کاغەزەکەی هێنا.

٣. ئەڤان چیرۆکنڤیسان چیرۆك نڤیسی.

٤. ئەوانە بۆ من دابنێ.

(وانەی چواردەهەم)

هـاوەڵـکار

۱. دوهی بەفر باری.

۲. دەرسەکەمان خێرا تەواوبوو.

۳. ئازادی کەو د ناڤ هێلینێدا گرت.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین و لە کارەکانیان باش وردببینەوە دەبینین:

- لە ڕستەی یەکەمدا دەمانتوانی بڵێین (بەفر باری) بەڵام بۆ ئەوەی سنورێك بۆ دەمی ڕوودانی کاری ڕستەکە دابنێین هاوەڵکاری (دوهی)مان بەکارهێناوە، بەهۆیەوە توانیمان کاتی ڕوودانی کارەکە ئاشکرا بکەین.
- لە ڕستەی دووەمدا مەڤیا چەوانییا وێ تەواوبوونێ دەربخەین لەبەر ئەوە هاوەڵکاری (خێرا)مان بەکارهێناوەو سنورێکمان بۆ واتای کارەکە دانا.
- لە ڕستەی سێیەمدا ویستومانە شوێنی ڕوودانی کارەکە، کە گرتنەکەیە پیشانبدەین بۆیە هاتووین هاوەڵکاری (دناڤ هێلینێ)مان بەکارهێناوە، کە بەهۆیەوە سنورێکمان بۆ شوێنی ڕوودانی کارەکە داناوە.

دەستور:

هاوەڵکار/ پەیڤەکە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستە دەربارەی (چۆنییەتی ئەو ڕوودانە، کاتی، شوێنی) کاری ڕستەکە دەردەخاتو لەم ڕووەوە سنورێك بۆ تەواوکردنی واتاکەی دادەنێت و دەبێتە تەواوکەری کارەکە لە ڕستەدا.

جۆرەکانی هاوەڵکار

١) هاوەڵکاری کاتی

١. دوهی جوتیاری گەنم جەنجەر[١]کرد.

٢. ئەمڕۆ گەلانی جیهان بۆ ئاشتی تێدەکۆشن.

٣.ساڵەکا دی پەیمان دێ چێتە زانکۆ.

٤. ئەوان ئێستا نانەکەیان دەخۆن.

٥. بەزستان پینەو پەڕۆ، بەهاوینان وردورد بڕۆ.

٢) هاوەڵکاری شوێنی

١. منداڵەکە لەسەربان نوست.

٢. مەلەڤان دناڤ ئاڤێدا بوو.

٣. پشیلەکە لە قوژبنی ژوورەکەدا هەڵتووتابوو.

٤. قوتابییەکە لەبن داری دخوێنیت.

٥. ئاکام لەتەنیشت منەوە وەستابوو.

٣) هاوەڵکاری چۆنییەتی

١. پیاوەکە دەرگاکەی توند پێوەدا.

٢. ڕووداوەکەی لەسەرخۆ گێڕایەوە.

٣. نازدار بلەز چوو قوتابخانێ.

٤. مامۆستا بەپێکەنینەوە هاتە ژوورەوە.

٥. فراڤینێ ب گەرمی بخۆ.

٦. ڕۆژنامەکەی بەخۆڕایی هێناوە.

---

[١] جەنجەرکرد : گێرەکرد

خستنەڕوو:

١. لە زنجیرە ڕستەکانی بەشی (١)دا هاوەڵکاری (دوهی، ئەمڕۆ، ساڵەکا دی، ئێستا، بەزستان، بەهاوینان) هەریەکەیان سنورێك بۆ ڕوودانی کارەکەیان دادەنێن و لەم ڕووەوە دەبنە تەواوکەری کارەکان، جا بەو وشەیەی کە کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و واتاکەشی تەواو دەکات دەگوترێت (هاوەڵکاری کاتی).

٢. لە زنجیرە ڕستەکانی بەشی (٢)دا هاوەڵکاری (لەسەربان، دناڤ ئاڤێدا، لەقوژبنی ژوورەکەدا، لەبن داریّ، لەتەنیشت) هەر یەکەیان سنوورێك بۆ ڕوودانی واتای کارەکان دادەنێن و لەم ڕووەوە دەبنە تەواوکەری کارەکان، جا ئەو وشەیەی کە شوێنی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و واتاکەشی تەواودەکات، پێدەگوترێت (هاوەڵکاری شوێنی).

٣. لە زنجیرە ڕستەکانی بەشی (٣)دا هاوەڵکاری (توند، لەسەرخۆ، بلەز، بەپێکەنینەوە، ب گەرمی، بەخۆرایی) هەر یەکەیان سنورێك بۆ ڕوودانی واتای کارەکان دادەنێن و لەم ڕووەوە دەبنە تەواوکەری کارەکان، جا بەو وشەیە، کە چۆنییەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و واتاکەشی تەواودەکات، دەگوترێت (هاوەڵکاری چۆنییەتی).

دەستور:

١. **هاوەڵکاری کاتی**: وشەیەکە (یان چەند وشەیەکە) کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخاتو دەبێتە تەواوکەری کارەکە بۆ نمونە ئەمانەی خوارەوە هاوەڵکاری کاتین.

(دوێنێ، پێرێ، ڕۆژی هەینی، مانگی گوڵان، نەو (ئێستا)، لەمەوپێش، پارشێو، ئێوارە، ئەمساڵ...).

٢. **هاوەڵکاری شوێنی**: وشەیەکە (یان چەند وشەیەکە) شوێنی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخاتو دەبێتە تەواوکەری کارەکە. بۆ نمونە ئەمانەی خوارەوە هاوەڵکاری شوێنین.

(خوار، تەنیشت، لەژێر، بەردەم، ڕاست، چەپ...).

٣. هاوەڵکاری چۆنییەتی: وشەیەکە (یا چەند وشەیەکە) چۆنییەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخاتو دەبێتە تەواوکەری کارەکە، بۆ نمونە ئەمانەی خوارەوە هاوەڵکاری چۆنییەتین.

(خێرا، هێدی، بەگوڕ، توند، لەسەرخۆ، بەژیری، بەچاکی، بەپەلە، بەنازداری، بەهێمنی، ب ساردی، ب خۆشی....).

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنییەتی) دیار بکە:

١. لەمێژە گەلی کورد دژی داگیرکەر وەستاوە.

٢. خوناڤ ب سەرفرازی ژ ئەزمونێ دەرباز بوو.

٣. کتێبەکەم لەناو جانتاکەدا دانا.

٤. بەهاوین زۆربەی خەڵك ل سەربان دنڤن.

٥. ئەڤرۆ دڤێت کوردستان ژ هەموو لایاڤە پێش بکەڤیت.

٦. ڕۆژانی هەینی دەچن بۆ سەیران.

٧. کچەکەیان بە هێمنی کارەکانی ڕادەپەڕێنێت.

٨. باران بەخوڕ دەبارێت.

٩. دوێنێ هاتم بۆ لات، لە ماڵ نەبوویت.

١٠. ئۆتۆمبیلەکە بەگوڕ بە لاماندا تێپەڕی.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە چ جۆرێکن، لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:

(لەناو باخەکەدا، پار، بەجوانی، هەفتەی داهاتوو، باش، بەربانگ، پیاوانە، لەژێر درەختەکە).

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. بەدڵ و بەگیان کوردستان دەپارێزین.(هـ.شوێن، هـ.کات، هـ.چۆنییەتی)

٢. گوندەکە لەسەر گردەکە بوو. (هـ.شوێن، هـ.چۆنییەتی، هـ.کاتی)

٣. بەیانی زوو کەڵەشێرەکە دەیخوێند. (هـ.کات، هـ.شوێن، هـ.چۆنییەتی)

٤. لەمەودوا کاری خراپ ناکەین. (هـ.چۆنییەتی، هـ.شوێن، هـ.کاتی)

٥. بەجوانی وەڵام بدەرەوە. (هـ.کات، هـ.شوێن، هـ.چۆنییەتی)

٦. کیسەڵەکە لەسەرخۆ دەڕوات. (هـ.چۆنییەتی، هـ.کاتی، هـ.شوێن)

ڕاهێنانی (٤)

١. شلۆڤەکردن:

ڕۆژنامەکەم بە پاڵکەوتنەوە خوێندووەتەوە.

ڕۆژنامەکە: ناوە، تاکە، گشتییە، ناسراوە، بەرکارە.

م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک بکەرە.

بەپاڵکەوتنەوە: هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

خوێندووەتەوە : کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئـ- گەلی کوردستان لە پێنجی ئاداردا شێرانە ڕاپەری.

ب - دوێنی چووم بۆماڵی هاوڕێکەم.

(وانەی شازدەهەم)

گرێی ناوی

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١- **چرای ژوورەکە داگیرسا.**	(بکەر)
٢- **چرای ژوورەکە ڕوناکە.**	(نیهاد)
٣- **چرای ژوورەکەم داگیرساند.**	(بەرکار)
٤- **ڕوناکی لە چرای ژوورەکە دێت.**	(تەواوکەری بەیاریدە)
٥- **ئەوە چرای ژوورەکەیە.**	(تەواوکەری کاری ناتەواو)
٦- **تیشکی چرای ژوورەکە ڕوناکە.**	(دیارخەری ناو)
٧- **چرای ژوورەکە کزکرا.**	(جێگری بکەر)

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین دەبینین ئەو گرێیانەی کە هێڵیان بە ژێرداهاتووە پێکهاتەیەکی دیاریکراویان هەیە و هەریەکێکیان ئەرکێکی جیاوازی وەرگرتووە.

لە ڕستەی یەکەمدا (**چرای ژوورەکە داگیرسا**)، (چرای ژوورەکە)، گرێیەکی ناوییە، چونکە لە هەردوو ناوی (چرا) و (ژوورەکە) بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتووە. ئەرکی (بکەر)یشی بینیوە، چونکە کاری (داگیرسان)ی ئەنجامداوە، واتە کارێکی ئەنجامداوەو کارەکەش تەواوە.

لە ڕستەی دووەمدا (**چرای ژوورەکە ڕوناکە**) بە هەمان شێوە (چرای ژوورەکە) گرێیەکی ناوییە، ئەرکی (نیهاد)ی بینیوە، چونکە سیفەتێکی دراوەتەپاڵ و کارەکەی ناتەواوە.

لە ڕستەی سێیەمدا (**چرای ژوورەکەم داگیرساند**) گرێی ناویی (چرای ژوورەکە) ئەرکی (بەرکار)ی بینیوە، چونکە کاری (داگیرساند)ی بەسەر داهاتووە. واتە کاریگەری کارەکەی کەوتووەتە سەر.

لە ڕستەی چوارەمدا (ڕوناکی لە چرای ژوورەکە دێت) گرێی ناویی(چرای ژوورەکە) ئەرکی (تەواوکەری بەیاریدە)ی بینیوە، چونکە بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی (لە) واتای کارەکەی تەواوکردووە.

لە ڕستەی پێنجەمدا (ئەوە چرای ژوورەکەیە) گرێی ناویی(چرای ژوورەکە) ئەرکی (تەواوکەری کاری ناتەواو)ی بینیوە، چونکە واتای کاری ناتەواوی (ە)ی بۆ کاتی ئێستا تەواوکردووە.

لە ڕستەی شەشەمدا (تیشکی چرای ژوورەکە ڕوناکە)، گرێی ناویی (چرای ژوورەکە) لە ئەرکی (دیارخەری ناو)دایەو بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵی (ی) بووەتە دیارخەری ناوی (تیشك).

لە ڕستەی حەوتەمدا (چرای ژوورەکە کزکرا)، گرێی ناویی (چرای ژوورەکە) لە ئەرکی (جێگری بکەر)دایە، چونکە لە شوێنی بکەر دانراوەو کارەکەشی بکەرنادیارە.

دەستور:

گرێی ناوی، کۆمەڵێك پەیڤن، بەسەر یەکەوەن، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینین، هەر لەبەر ئەمەش پێیدەگوترێت گرێی ناوی.

دروستکردنی گرێی ناوی

گرێی ناوی بە چەند ڕێگایەك دروستدەکرێت، گرنگترینیان ئەمانەن :

١. دەکرێ گرێی ناوی لە دوو ناو پێکبێت بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ دەخرێنە پاڵ یەکتر، وەك:
شاری هەولێر، گوڵی باخەکە، دارا هەنارێ، درەختی دارستانەکە، گۆپاڵێ گاڤانی.

٢. دەکرێ لە ناوێك و جێناوێکی سەربەخۆ بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ پێکبێت، وەك:
برای تۆ ، کتێبی ئەوان ، خانووی ئێمە

٣- دەکرێت لە ناوێك و هاوەڵناوێك بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتبێت، وەك:
هەناری ترش، سێوی سوور، گۆڤاری نوێ، قوتابییە زیرەکەکان

ڕاهێنانی (١)

لەم پارچەیەدا گرێی ناوی دەربهێنە:

شەوی زستان ناخۆشترین کات بوو لەلای ئەم دایکە هەژارە، خۆیو منداڵێکی ساوا لە ئامێزی تەنیایی شەوگاردا، سەرگەردان تا بەرەبەیان، ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش چاوی بچووایە خەو، خەونی بە گوندە ڕووخاوەکەیانو چیا بڵندەکانو بەفری کوێستانو گوڵە ژاڵەکەوە دەبینی.

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەدا گرێ ناوییەکان دەستنیشان بکەو ئەرکەکەیان دیاری بکە:

١. قوتابیی زیرەك خۆشەویستە.

٢. تەختەی ڕەش دەستمان پیسدەکات.

٣. ئەوان خانووە خۆشەکەیان فرۆشت.

٤. ترێ وشکەکە فرۆشرا.

٥. دەنگی کەوی کوێستان خۆشە.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم بۆشاییانە بە گرێی ناوی پڕ بکەرەوە:

١. .... ترسناکە.

٢. .... نە خواردەوە.

٣. نامەیەکم بە .... ڕەوانەکرد.

٤. .... لە هیچ سڵ ناکاتەوە.

٥. .... بە یەکەم دەرچوو.

(وانەی حەڤدەهەم)

گـریّی هاوەڵناوی

ئەم ڕستانە بخوێنەوە:

١. شاری زۆر گەورەم بینی.

٢. ئێوەی گەلێك زیرەك سەردەکەون.

٣. تابلۆکە هەندێك جوانە.

٤. کورە زۆر ئازاکە هات.

٥. پردێکی جوان و پتەویان دروستکرد.

خستنەڕوو:

گرێی هاوەڵناوی دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی هاوەڵناو ببینێت، بەڵام ئـەوەی جیایـان دەکاتـەوە، تـەنیا شـێوەی پێکهاتنیانـە، کـە گرێـی هاوەڵناوی فراوانترەو لە ڕووی دروسـتبوونییەوە جیـاوازە لـە هاوەڵنـاوی دارِژاوو لێکدراو.

ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین، دەبینین:

١. لـە ڕسـتەی یەکەمـدا (شـاری زۆر گـەورەم بینـی)، (زۆر گـەورە) گرێیەکی هاوەڵناوییە، لە هاوەڵنـاوی نادیـاری (زۆر)و هاوەڵنـاوی چۆنیەتی(گەورە) دروستبووە، ئـەرکی دیارخـەری نـاوی (شـار)ی بینیوە، چونکە وەسفی ناوەکەی کردووە.

٢. له ڕستەی دووەمدا (ئێوەی گەلێك زیرەك سەردەکەون)، (گەلێك زیرەك) گرێیەکی هاوەڵناوییە، لە هاوەڵناوی نادیاری (گەلێك)و هاوەڵناوی چۆنیەتی (زیرەك) پێکهاتووە. ئەرکی دیارخەری جێناوی سەربەخۆی (ئێوە)ی بینیوە، چونکە وەسفی جێناوەکەی کردووە.

٣. له ڕستەی سێیەمدا (تابلۆکە هەندێك جوانە)، (هەندێك جوان) گرێیەکی هاوەڵناوییە، لە هاوەڵناوی نادیاری (هەندێك)و هاوەڵناوی چۆنیەتی (جوان) پێکهاتووە. ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواوی (ە)ی بینیوە، چونکە واتای کارە ناتەواوەکەی تەواوکردووە.

٤. له ڕستەی چوارەمدا (کوڕە زۆر ئازاکە هات)، (زۆر ئازا) گرێیەکی هاوەڵناوییە، لە هاوەڵناوی نادیاری (زۆر)و هاوەڵناوی چۆنیەتی(ئازا) دروستبووە، ئەرکی دیارخەری ناوی (کوڕ)ی بینیوە، چونکە وەسفی ناوەکەی کردووە.

٥. لە ڕستەی پێنجەمدا (پردێکی جوانو پتەویان دروستکرد)، (جوانو پتەو) گرێیەکی هاوەڵناوییە لە هەردوو هاوەڵناوی چۆنیەتی (جوان ، پتەو) بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (و) دروستبووە. ئەرکی دیارخەری ناوی (پرد)ی بینیوە.

دەستور:

گرێی هاوەڵناوی کۆمەڵە پەیڤێك بەسەریەکەوە کە لە ڕستەدا ئـەرکی هاوەڵناو دەبینێتو وەسفی نـاو یـان جێنـاو دەکـات و لـە ڕسـتەدا دەبێتـە دیارخەری ناو و جێناو، هەروەها دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

بەم شێوانە دروستدەکرێن:

١- { هاوەڵناوی نادیار[1] + هاوەڵناوی چۆنییەتی }

وەك: زۆرجوان، هەندێك خێرا، کەمێك بەپەلە .....

٢- { هاوەڵناوی چۆنیەتی+ئامرازی لێکدەر(و)+هاوەڵناوی چۆنییەتی}

وەك: زیرەكو لێهاتوو، خۆشو بەتام ، جوانو نوێ ....

ڕاهێنانی (١)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە گرێیەکی هاوەڵناوی پڕبکەرەوە:

١. مرۆڤی .... بە ئاوات دەگات.

٢. لەگەڵ هاوڕێی .... هەڵسوکەوت بکە.

٣. خاتوو میتران بە دۆستێکی .... کورد دادەنرێت.

٤. میوەی .... بخۆ.

[1] هاوەڵناوی نادیار : هەموو ، زۆر ، هەندێك ...)

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانە بە گرێیەکی گونجاو پڕبکەرەوەو جۆرەکەشی بنووسە:

١. .... ناخۆشە.

٢. کورە .... ئامۆزامە.

٣. .... دەکرم.

٤. کاغەز .... دروست دەکرێت.

٥. دەبێت قوتابی ....ت خۆش بوێت.

٦. .... نووسی.

ڕاهێنانی (٣)

بۆ هەر گرێیەکی (ناوی، هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری) دوو ڕستە بهێنەرەوە.

ڕاهێنانی (٤)

چۆن گرێی ناویو هاوەڵناویو هاوەڵکاری لێك جیادەکەیتەوە؟ بە نمونە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنانی (٥)

لەم گرێیانەی خوارەوە جۆری گرێیەکە دیاربکەو لە ڕستەدا بەکاری بهێنە.

(زۆر خۆش، دوێنێ شەو، درەختی چیاکە، ، داری سێو، هەفتەی داهاتوو)

ڕاهێنانی (٦)

جیاوازیی نێوان ئەمانەی خوارەوە ئاشکرا بکە:

١. ئـ- تەختە ڕەشەکەم سڕییەوە. ب- تەختەڕەش دەستمان پیسدەکات.

٢. ئـ- منداڵەکە زیرەکە. ب- منداڵە زیرەکەکە، چاودێری پۆلە.

٣. ئـ- هەرمێ لاسوورە ب- هەرمێی لاسوور

ڕاهێنانی (٧)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤەبکە:

١. کرێکارەکان دوێنێ ئێوارە لە کارگەی مافور گەڕانەوە.

٢. کچا گەلەك ژێر خارن ئامادەدکر.

گرێی هاوەڵکاری

١- ڕۆژی هەینی دەگەڕێینەوە.

٢- لەنزیك قەڵا كاوەم دیت.

٣- پاریزانەكە زۆر خێرا هات.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ڕستەكان بكەین، دەبینین هەر یەكێكیان گرێیەكی هاوەڵكاری تێدایە.

١. لە ڕستەی (ڕۆژی هەینی دەگەڕێینەوە)، (ڕۆژی هەینی)، گرێیەكی هاوەڵكاری كاتییە، چونكە كاتی ڕوودانی كاری ڕستەكە دەستنیشان دەكات، لە ڕووی دروستبوونەوە لە هەردوو ناوی (ڕۆژ) و (هەینی) بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵی (ی) پێكهاتووە، هەمووشیان بەسەر یەكەوە گرێیەكی هاوەڵكاری كاتییان دروستكردووە و بووەتە تەواوكەری كاری ڕستەكە.

٢. لە ڕستەی (لەنزیك قەڵا كاوەم دیت)، (لەنزیك قەڵا)، گرێیەكی هاوەڵكاری شوێنییە، چونكە شوێنی ڕوودانی كاری ڕستەكە دیاری دەكات، لە ڕووی پێكهاتنەوە لە هاوەڵكاری (لەنزیك) و ناوی (قەڵا) دروستبووە، هەردووكیان بەیەكەوە گرێیەكی

هاوەڵکاری شوێنییان دروستکردووەو بووەتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

٣. لە ڕستەی (یاریزانەکە زۆر خێرا هات)، (زۆر خێرا) گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتییە، چونکە چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەخاتەڕوو. لە ڕووی دروستبوونەوە لە هەردوو هاوەڵکاری (زۆر) و (خێرا) پێکهاتووە، هەردووکیان بەیەکەوە گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتییان دروستکردووە، کەبووەتە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

دەستور:

گرێی هاوەڵکاری: کۆمەڵێك پەیفی بەسەر یەکەوەن، بە تەنیا واتای تەواو نابەخشن، لە ڕستەدا لە ڕووی کاتی و شوێنی و چۆنیەتییەوە وەسفی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەکەن و دەبنە تەواوکەری کارەکە.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانە گرێی هاوەڵکاری دەربهێنە و جۆرەکەیان دیاریبکە:

١. بەیانی زوو سواری ئۆتومبێل دەبن.

٢. ئێمە لەناودۆڵەکە دانیشتین.

٣. لەمانگی جۆزەرداندا تاقیکردنەوە دەستپێدەکات.

٤. بایەکە کەمێك توند هەڵیکرد.

٥. بە کاتژمێرو نیوێك دەگەینە کەرکوك.

٦. منداڵەکە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانە بە گرێی هاوەڵکاری پڕ بکەرەوە:

١. .... سەفەر مەکە.

٢. دارا .... نووستووە.

٣. ئەو ئەسپەم .... کڕی.

٤. .... بەهار دێت.

٥. .... دامەنیشە.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. هەڵۆکە لەسەر بەردەکەوە نیشتبووەوە.

٢. باران گەلێك بەخوڕ دەبارێت.

٣. هەفتەی پێشوو ڕۆمانەکەمان خوێندەوە.

(وانەی نۆزدەهەم)

کاری تێنەپەڕو کاری تێپەڕ

ئـ/

١. دلێر نقست.

٢. کۆترەکە دەفڕێت.

ب/

١. پێشمەرگە وەلاتی دپارێزیت.

٢. نەوزاد چیرۆکی نووسی.

خستنەڕوو:

١. ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەبینین:

- کاری (نقست- دەفڕێت) هەر یەك ژوان خراونەتە پاڵ کەسێك یان شتێك واتە هەر یەك ژوان کارێکی هەیە.
- لە ڕستەی یەکەمدا کاری (نقست) کارێکی ڕابردووەو بە تەنیا شیایە واتای ڕستەکە تەواو بکاتو مەبەستی ڕستەکەش بدات بە دەستەوە.
- لە لایەکی ترەوە دەبینین ئەرکی کارەکە (نقست) لە (بکەر)کەوە (دلێر) تێناپەڕێتە سەر کەسێك یا شتێکی تر.

- له ڕستەی دووەمیشدا ئەرکی کاری (دەفڕێت) له بکەری ڕستەکە تێناپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر.

جار هەر کارێك کە بەتەنیا واتای ڕستەکە تەواو بکاتو ئەرکی لە (بکەر)ی کارەکەوە تێنەپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر دبێژنێ (کاری تێنەپەڕ).

٢. ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین:

لە ڕستەی یەکەمدا پەیڤی (دپارێزیت) کارەو بکەرەکەی (پێشمەرگە)یە. ئەگەر گوتبامان (پێشمەرگە دپارێزیت) نەمان دەزانی چی دپارێزێت؟

جا بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە، کارەکە پێویستی بە تەواوکەرێك هەیە بۆ ئەوەی واتای ڕستەکە تەواو ئاشکرا بکات کە لەمەولا بەم تەواوکەرە دەبێژین (بەرکار).

هەروەها لە ڕستەی دووەمدا کاری (نووسی) پێویستی بە وشەیەکی تر هەیە تاکو واتای ڕستەکە تەواو ئاشکرا بکات، چونکە ئەگەر گوتبامان (نەوزاد نووسی) نەمان دەزانی چی نووسی؟ لەبەر ئەمە پەیڤی (چیرۆك) دەبێت بە بەرکار.

- لەلایەکی ترەوە دەبینین ئەرکی کارەکە کە (بکەر)ەکە ئەنجامی دەدات لە خۆیەوە تێدەپەرێتو دەکەوێتە سەر (بەرکار)ەکە.
- جا هەر کارێك بە تەنیا لەگەڵ بکەرەکەی نەتوانێت واتای ڕستەیەك تەواو ئاشکرا بکاتو پێویستی بە پەیڤێکی تر بێت بۆ ئەم تەواوکردنە، پێیدەڵێین کاری (تێپەڕ).

دەستور:

١. **کاری تێنە پەڕ:** ئەو کارەیە کە بە تەنیا دەتوانێت واتای ڕستەیەك تەواو بکاتو ئەرکی لە بکەری کارەکە تێناپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر.

٢. **کاری تێنە پەڕ بە هیچ ڕەنگێك (بەرکار)** وەرناگرێت بەڵام دەتوانێت (تەواوکەری بەیاریدە) وەربگرێت وەکو: نیوار چوو بۆ هەولێر.

٣. **کاری تێپەڕ:** ئەو کارەیە بە تەنیا لەگەڵ بکەرەکەی نەشێت واتای ڕستەیەك تەواو ئاشکرا بکات بەڵکو پێویستی بە پەیڤێکی تر هەیە بۆ ئەم تەواوکردنە، ئەم پەیڤەش ئەرکی کارەکەی دەکەوێتە سەرو دەبێتە (بەرکار). یان کاری تێپەڕ: ئەو کارەیە کە ئەرکی لە (بکەر)ی کارەکەوە تێدەپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی ترو دەبێتە تەواوکەری کارەکەو دبێژنێ (بەرکار).

٤. **کاری تێپەڕ:** ئەم کارە دەشێت (بەرکار)و (تەواوکەری بەیاریدە) وەربگرێت وەکو: جوتیار زەوی بە هەوجاڕ دەکێڵێت. لەم ڕستەیەدا پەیڤی (زەوی) بەرکارەو (هەوجاڕ) تەواوکەری بەیاریدەیە بۆ کاری (دەکێڵێت).


کار
لە ڕووی دروستکردن
سادە
ناسادە
داڕژاو
لێکدراو
هێز
تێپەڕ
تێنەپەڕ
واتا
تەواو
ناتەواو
کات
ڕابردوو
ڕانەبردوو
داخوازی

ڕاهێنانی (١)

ئەم بۆشاییانە بە کارێکی تێپەڕ پڕبکەوە:

١. سێوەکەم ....

٢. ئەو پیاوە خانوو دروست ....

٣. تە چەند کەو ....؟

٤. ئاڤان یا جلکا ....

٥. دارا سێوەکە ....

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانە بە کارێکی تێنەپەڕ پڕبکەوە:

١. مللەت ب خاندنێ ....

٢. گیا لەسەر بنجی خۆی ....

٣. کۆترا شێردلی ....

٤. لە هەموو هەورێك باران ....

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. دەکرین. (تێنەپەڕە، تێپەڕە)

٢. هات. (تێپەڕە، تێنەپەڕە)

٣. تەواودەکەم. (تێپەڕە، تێنەپەڕە)

٤. هەڵدەواسێت. (تێنەپەڕە، تێپەڕە)

٥. ڕایکرد. (تێپەڕە، تێنەپەڕە)

ڕاهێنانی (٤)

ئەم کارانە چ جۆرێکن؟ لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە:

(نووست، کەفت، دەبارێت، بخۆ، چاند، دەنووسین، ڕزی، هات).

ڕاهێنانی (٥)

شیکردنەوە

١. ئێمە گۆرانییەکەمان بیست.

ئێمە: جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەرە.

گۆرانییەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە ، بەرکارە.

مان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

بیست: کاری ڕابردووی نزیکە، تێپەڕە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئـ – خشتەکە شکابوو.

ب– شڤانی پەز چەراند.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
پێویست	:	پێتقی
کاری تێنەپەڕ	:	کارێ دەرباز نەبووی
کاری تێپەڕ	:	کارێ دەرباز بووی
کاڵەک	:	گندۆر
گۆرانی	:	ستران
بیست	:	بیهست، گوهـ لێبوو
خشت	:	کەلپیچ، کەرپوچ،لگبن
شیا	:	توانی
پەیڤ	:	وشە
بنێرینە	:	سەرنج بدەینە، تەماشا بکەین، بنۆرینە
ژوان	:	لەوان
بەرکار	:	تەواوکەری ڕاستەوخۆ
پێی دبێژن	:	پێی دەگۆترێت، پێی دەڵێن
بینێتە دی	:	بجه بینیت
سەخت	:	دژوار، ب زەحمەت
بنج	:	بنجو بناوان، بنەما، ڕەگ، ڕهـ

(وانەی بیستەم)

بەرکار

١. پشیلەکە <u>گۆشت</u> دەخوات.

٢. دارا <u>خشت</u> دەبڕێت.

٣. فەرهاد <u>نووسراوەکەی</u> خوێندەوە.

٤. نازدار <u>نێرگز</u> دەڕوێنێت.

خستنەڕوو:

ڕستە لە دوو بنچینەی سەرەکی پێکدێت کە یەکێکیان بکەرەو ئەویتریان کارە، هەرچی لەوان زیاتر بێت پێیدەوترێت (دیارخەر)و (تەواوکەر). دیارخەر بەشی ناو تەواودەکات، تەواوکەریش بەشی کار تەواودەکات. بەرکار یەکێکە لە تەواوکەرەکانی کار.

ئەگەر سەرنجی ڕستەکانی سەرەوە بدەین، دەبینین وشەی (پشیلەکە، دارا، فەرهاد، نازدار) هەر یەکەیان لەو شوێنەدا بکەرە، هەروەها وشەی (دەخوات، دەبڕێت، خوێندەوە، دەڕوێنێت) هەموویان کارن.

لەم ڕستانەدا هەندێك وشەی دیکە دەمێننەوە، کە نە بکەرن و نە کارن، بەڵکو واتای کارەکانیان تەواوکردووەو ئەرکی کارەکانیشیان کەوتووەتە سەرو پێیاندەوترێت (بەرکار)، ئەو وشانەش بە پێی ڕستەکانی سەرەوە لەم خاڵانەدا دەرکەوتوون:

١. وشـەی (گۆشـت) واتـای (دەخـوات)ی پـێ تـەواوکراوەو ئـەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر، پێیدەوترێت (بەرکار).

٢. وشـەی (خشـت) واتـای (دەبڕێـت)ی پـێ تـەواوکراوەو ئـەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر، پێیدەوترێت (بەرکار).

٣. وشـەی (نووسـراوەکە) واتـای (خوێنـدەوە)ی پـێ تـەواوکراوەو ئەرکی کارەکەشی کەوتووەتە سەر، پێیدەوترێت (بەرکار).

٤. وشـەی (نێرگـز) واتـای (دەڕوێنێـت)ی پـێ تـەواوکراوەو ئـەرکی کارەکەشی کەوتووتە سەر، پێیدەوترێت (بەرکار).

دەستور:

بەرکار: وشـەیەکە، کـە لەرسـتەدا بەشـی کـار تـەواو دەکـاتو ئـەرکی کارەکەشی دەکەوێتـە سـەرو هەمیشـە لـە ڕسـتەیەکدا هەیـە کـە کارەکـەی تێپەڕ بێت.

ڕاهێنانی (١)

بەرکار لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەربهێنە:

١. گوڵەکانم ئاودا.

٢. زەوییەکە ئاوەکە هەڵدەمژێت.

٣. کۆترەکەت فڕاند.

٤. ئەسپەکەمان بۆ نارد.

٥. خانووەکەیان بۆ ئازاد دانابوو.

٦. گورگەکەتان گرت؟

ڕاهێنانی (٢)

ئەم وشانەی خوارەوە بە (بەرکار) لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

زەوی، جل، مەڕەکە، ئێوە، خۆمان، سێو، پوش، پەپولە، شیر.

ڕاهێنانی (٣)

ئـ - شیکردنەوە:

هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێت.

هەنگ: ناوە، بکەرە.

شیلە: ناوە، دیارخراوە.

ی : ئامرازی دانەپاڵە.

گوڵ: ناوە، دیارخەری ناوی (شیلە)یە.

شیلەی گوڵ: گرێی ناوییە، بەرکارە.

دەمژێت: کاری ڕانەبردووە، تێپەڕە.

ێت : جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

ب- ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. ئاسك گیا دەخوات.

٢. شێرەکەمان لە دارستانەکە بینی.

بەشی ئەدەب

١. موفتی پێنجوینی
٢. مارف بەرزنجی
٣. قەدری جان
٤. بێکەس
٥. ئەمین زەکی بەگ
٦. ئەسیری
٧. دڵدار
٨. ساڵح یوسفی
٩. دکتور کامیران بەدرخان
١٠. کاردۆخی
١١. سادق بەهائەدین
١٢. سوارەی ئێلخانی زادە
١٣. ئەحمەد دڵزار

موفتی پێنجوینی
١٨٨١-١٩٥٢ز

ناوی مـەلا (عەبـدوڵڵا کـەریم)ە، لـە سـاڵی (١٨٨١)ز لەدێی بێستانە لە ناوچەی پێنجوین لەدایکبووە، لە تەمەنی منداڵیدا چووەتە بـەر خوێنـدنی حـوجرە، لەسـەرەتادا لای بـاوکی خوێندوویـەتی، ئینجـا بـەدوای خوێندنـدا کەوتۆتە گەڕان بەناو شـارەکانی کوردسـتاندا وەك: (پێنجـوین، مـەریوان، بانـە، سـەقز، بۆکـان، مـەهاباد، سـەراو، سەروچاوە، بیارە).

لـە کاتێکـدا کـە دوا قۆنـاغی خوێنـدنی لـە بیـارە دەبێـت، بـەهۆی زیرەکیو قسـەڕەوانییەوە، مـەلای گـەورەی ئـەو کاتـەی بیـارە مامۆسـتا (مەلا عەبدولقادر) نازناوی موفتی پێبەخشیوە، چـونکە هـەر لـەو کاتـەدا موفتی شاری سنە ناوی (مەلا عەبدوڵڵای مـوفتی) بـوو ئـەمیش بەهـەمان یادەوە ئەم نازناوەی پـێ دەبەخشـرێ. لـە سـاڵی (١٩٤٦)ز کـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مـەهاباد دامـەزرا، هـەر چـەندە نـەخۆش بـوو، بـەڵام خۆشەویسـتی ئـەم سـەربەخۆییەی کۆمـاری کوردسـتان، گەیاندییـە نـاو جەرگەی ئەم کۆمارە، تا بە چاوی خـۆی ئـاواتی چـەند سـاڵەی ببینێـت، لـەوێ چـەند پارچـە هـۆنراوەی بـۆ کۆمـاری کوردسـتان نووسـیوەو لـە گۆڤـاری (هەڵاڵـە) بـڵاوی کردۆتـەوە. لـە ڕۆژی ١٩٥٢/٦/١٥ز کۆچـی

دواییکـردووەو لـە گۆڕسـتانی (حـاجی شـێخ)دا لـە پێنجـوین بـەخاك سپێردراوە. موفتی لە کاتێکدا ئەو دیمەنە جوانانـەی کوردستانی دیوەو بەناو گوڵو گوڵستانەکاندا گەڕاوەو ئیلهامی شیعری پێبەخشیوە.

هۆنراوەی موفتی، زادەی بیرێکـی خۆمـاڵیو ئـێشو ئـازاری تێکـڕای نەتەوەکەی بووە. چـاوی لـە ئاسـۆی ڕزگـاری کـوردو پێشـکەوتنی بـاری ژیانو دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان بوو. وەکو نیشـتمانپەروەرێك بـڕوای بـە ڕاپـەرینو سـەرکەوتنی گەلەکـەی بـووە. لـە هۆنراوەکانیـدا هـانی ئیشـکردنی داوە، جوتیـارو ڕەنجبـەرانی کـوردی لاواندووەتـەوە، بـە گـژ زۆردارانـدا چووە، ڕەخنەی لە دەرەبەگایەتی گرتووە. لە بواری بڕوابـوون بە سەربەستیو توانای ئافرەتو هێنانە کۆڕی ئیشکردنی سیاسیو پشت بەستن بە توانای ئـافرەت، هەمیشـە ئـافرەتی بـۆ ئیشـکردنو بـاوەڕ بـە خۆکردن هانـداوە، سەربەسـتی ئـافرەتی بـە بـەردی بناغـەی گۆڕانکـاری کۆمەڵ دانـاوە، لـە ڕووی ڕوخسـارەوە هۆنراوەکـانی سـادەو ڕەوانو بـێ گرێن، خوێندەوارو نەخوێندەوار تێیدەگەن.

لە ساڵی (١٩٥٩)ز بەشێك لە هۆنراوەکانی بەناوی (سـۆزی نیشـتمان) چـاپکراوە. لـە سـاڵی (١٩٩٠)ز سـەرجەم هۆنراوەکـانی بـەناوی (دیـوانی موفتی پێنجوینی) چاپکراوە. ئەمەش نمونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

گــەورەیەك

گەورەیەك بۆ كەس نەبێ سێبەری
خۆم بۆ بگێڕم لە دەوری سەری؟
بە وشكی بۆچی ببمە مەیتەری
وەختێ دەركەوێ هەستم لەبەری
هەر خۆی دایما هەوڵی ژیانی بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ
گەورەیەك چاوی لە فەقیر نەبێ
دەربەست ژیانی جوانو پیر نەبێ
مێمل بە ماڵو دوژمن بە جان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ
گەورەیەك ساتێ لەژێر دەستی ئەو
ئارامم نەبێ بێ خۆراكو خەو
پاسەوانی بم بە ڕۆژو بە شەو
جوێنو شەقیش بێ بەراتەكەی ئەو
ئەگەر شۆرەتی وەك سلێمان بێ
یاخوا ئەو گەورە بەشی نەمان بێ

(سێ دێر بۆ ئەزبەركردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
مەیتەر	:	ئەو کەسەی ولاخ بەخێودەکات
شۆرەت	:	ناوبانگ
مێمل	:	دوژمنی مەرگبڕی شت
جان	:	گیان
ساتێ	:	کاتێ، گاڤەکی
سلێمان	:	مەبەستی (سلێمان) پێغەمبەرە
بەراتەکەی ئەو	:	چاکەی ئەو، خەلاتا وی
دەربەست نەبێ	:	بە تەنگییەوە نەبێ، گوهێ خۆ پێنەدات
جوان	:	لاو، جحێل، گەنج
ئارامم نەبێ	:	سەبرم نەبێ، سرەوتم نەبێ

مارف بەرزنجی
١٩٢١-١٩٦٣ز

ناوی (مارف عەبدولکەریم)ە، لە بنەماڵەی شێخ حەسەنی (قەرە چێوارین)ە. لە مانگی شوباتی (١٩٢١)ز لە دێی قادرکەرەم لەدایکبووە، لە تەمەنی منداڵیدا چووەتە قوتابخانە، پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە قادرکەرەم خوێندووە، پاشان هاتۆتە کەرکوک، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە کەرکوک تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٤– ١٩٤٥)ز لە کۆلیجی ماف وەرگیراوەو لە ساڵی (١٩٤٨)ز تەواویکردووەو بووە بە پارێزەر.

تێکۆشەرێکی ئازاو فیداکارو لەخۆبردوو بوو، لە زۆربەی راپەرینو خۆپیشدانەکانی ساڵانی (١٩٤٨– ١٩٥٢– ١٩٥٦)ز بەشداریکردووە. لە ماوەی ژیانیدا دووچاری دەربەدەریو گرتن بووە.

لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨)ز بە سکرتێری ئاشتیخوازانی شاری کەرکوک هەڵبژێردراوە. لەسەر داخوازی جەماوەر بە سەرۆکی شارەوانی شاری کەرکوک دامەزرێنرا، پاش مانگو نیوێک بەهۆی ئاژاوەو هەراکەی کەرکوکەوە لە ساڵی (١٩٥٩)ز کە لە ڕۆژی ئاهەنگی یادی یەکەمی شۆڕشی چواردەی تەموزەوە ڕوویدا، گیراو درا بە

دادگـای عـورفیو بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو. دوای کۆدەتـای هەشتی شوباتی(١٩٦٣)ز، لە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٣ز لە سێدارەدراو گیانی بەخاك سپارد.

بەرهەمە ئەدەبییەکانی شێخ مارفی شاعیرو نووسـەرو ڕۆژنامـەنووس بریتین لەمانە:

١. **هۆنراوە:** وەك شاعیرێکی ناسراو لە سـەردەمی دەرچـوونی گۆڤـاری (هیـوا، شـەفەق، ڕوونـاهی)و دواتـریش ڕۆژنامـەی (ئـازادی) دەرکەوتووەو هۆنراوەکانی بڵاوکردووتەوە.

٢. **وتار:** دوو جۆرە وتاری نووسیوە:

ئـ- وتار لەسەر ئاشتیو دیموکراسی.

ب- وتاری ڕەخنەییو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی: ڕەخنـەگرێکی هەڵکـەوتوو بوو، کۆمەڵێك وتاری ڕەخنـەیی و لێکۆلینـەوەی ئـەدەبی نووسـیوەو لـە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاویکردووتەوە.

٣. **چـیرۆك:** چیرۆکنووسـێکی بـە توانـابووە، چـەند کورتـە چـیرۆکی نووسـیوە، وەك: (ئـاوازو کـەباب، گـای پـیرۆز، شـەتڵ، جـەژنێکی شادی، نامەی سەرسنور، سەر لەبەیانی نەورۆزێك).

شێخ مارف ڕوناکبیرێکی چالاکی سەردەمەکەی بوو، زمانی عـەرەبیو تورکیو ئینگلیزی زانیوە، گەلێك بابەتی ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو سیاسـی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لــه مەيـدانی ڕۆژنامەگەريـدا وەك ڕۆژنامەنووسـێكی شـارەزا ئەنـدامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بوو.

شـــێخ مـــارف بەرهەمـــەكانی بـــەناوی (پشـــكۆ) يـــان (شـــوان) بڵاوكردووەتەوە.

لـــه ســـاڵی (١٩٩٣)ز بەرهەمـــەكانی كۆكراونەتـــەوەو لـــه كتێبێكـــدا چاپكراون بەناوی (سەرجەمی بەرهەمەكانی مارف بەرزنجيی شەهيد)

ئەلفو یێ

لە ئەلفەوە تا یێ، هەموو شتێکی لێپێك دێ، نامانەوێ هەر بە وتن بێ بەڵکو کردارمان ئەوێ، لەم دەرگایەوە لە گێروگرفتی گوزەرانی ژیانمان دەدوێین:

ئا- ئاو: کەمایەی ژیانە گەلێ جار ئەبێ بەهۆی زیان، وەك لافاو، ئەڵێن دەریای دەستکردمان بۆ دروست ئەکەن، یەك لە دەربەندیخان، ئەوی تری لە دوکان. وڵاتەکەمان ئەمەی کەم بوو بۆ سەیران و ڕابواردن، بەڵام بەراوە خواکردەکانی شارەزوورو بتوێن و ڕانیەمان ڕۆ. دیارە بوون بێ چوون نابێ. کە دەریامان بوێ ئەبێ بەراومان بچێ. جا بڕوانە ئاوی چاوی خاوەن بەراوەکان کە ڕوویان ئەکا بە بەراو، داخەکەم ئاوەکە سوێرە، ئەترسم شەکری کارخانە دەس پێ نەکراوەکەی شارەزووریش بەر ئاو بکەوێ.

ئاگر: کە ئاومان وت ئەبێ ئاگریش بڵێین، یادی بەخێر ئاگری خەڵوزو گڕی داربەڕوو بەهەرزان و بە ئاسان دەستمان ئەکەوێ، بەڵام ئێستا عەلادینمان لێ بووە بە چرای عەلادین، ڕووی بەفر سپی بێ ئەگینا چەقەی ددان وەك تەقەی دەنووکی لەقلەقی بەهار وا ئەبوو. وابزانم بەفر هەر بەشی کوردستانی ئێرانمان ئەکا. وەك بوویێ بە کفنی کەس و کارە لەناو چووەکانمان بەدەس بوومەلەرزەو سەرماوە.

ئاسایش: كه ئاوو ئاگر هەبوو پێویستی ئاسایشین، بێ ئەم، ئاگر ئەبێ بە ئاگری ژیان، ئاویش بەروبوومی ڕەنجو كرداری هەمووان ئەبا. لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆر ئاوا ئەڵێن ئاسایش.

كوردیش ئەڵێ: (شەڕ مەكەنو بێ داواش دامەنیشن).

ب- بێ: ئەگەر بۆم بێ، یا بۆم بهاتایە وانە ئەبووم، زۆر كەس وا ئەڵێ، بابا گوڕ گوڕ یاخوا هەر گڕ بێو گوڕەی بێ، نەوتەكەی خوێنی گەشی ژیانمانە بینایی چاومانە، بێ ئەو دنیامان تاریكو ماڵمان وێرانە.

برادەر: زۆرترین برادەری ئەمڕۆ هەر زمانییە، تا لەڕووبن برادەرن، پاشملەی یەكتری شتی ترن، یا هەر برادەری پۆكەرن، خۆزگە بێ درۆو دوو ڕوویی، لەسەر بناغەیەكی ڕاستیو پاك برادەرایەتیمان پێك ئەهێنا، ئەوسا ئەماندی برادەر لە برا باشترە.

ت-ترس: خەریك بووم بنووسم ترس باش نییە، بەلام چاك بوو زوو دەستم گرتەوەو بیرمكەوتەوە، كە دەردی ئێمە نەترسانە ترسان نییە.

خوانە خواستە نالێم نەترسانەكەمان لەسەرچاوەیەكی ئازایەتییەوە هاتووە، بەڵكو نەترسانەكەمان منالانەیە، گەلێ جار ئەگاتە ڕادەیەك لەوانەیە ناوونیشانو شوێنو شێوەمان لەناو بچێتو بسڕێتەوەو گەلێكمان لەبەر پێنەزانین پێچاكە. بۆیە ئەمەوێت بلێم: برا گەل بترسن، ترسان زۆر كەڵكی هەیە. ئەگەر ترس نەبێ قوتابی كۆشش ناكاو لە تاقیكردنەوەدا سەرناكەوێ، هەروەها لە ترسی برسێتی نەبێ كەس فرمان ناكا، میللەتێكیش لە نەمانو لەناوچوونی خۆی نەترسێ، ناكەوێتە هەوڵی خۆپاراستنو بەهێزبوونو پێشكەوتن، لە هەموو كەس زۆرتر كورد

ئەبێ بترسێ، پێویستە لە هەموو خشەیەك ڕاچڵەكێت، چونكە ماران گازە.

ح- حكوومەت: وەكو (ژان ژاك ڕۆسۆ) ئەڵێ: ئەو دەسگایەیە كە دەڵێن لە سەرەتادا خەڵك بە ئارەزووی خۆیان بۆ پارێزگاریكردنی ژیانو ماڵو سەربەستییان دایان مەزراندووە، كەچی لە پاشاندا ئەو بە ئارەزووی خۆی لە گەلێ شوێندا خەڵك لێ ئەخورێ. لە ڕاستیدا ئەبێ هەموو ئامانجو تێكۆشانی حكوومەت بۆ كامەرانیو خۆش گوزەرانیی خەڵك بێو بەیەك چاو سەیری هەمووان بكا. كە ئەو ئامانجەی لەبیر كردوو بوو بە بەردی سەر ڕێگای پێشكەوتنی خەڵكو دڕكو ئازار بۆ ژیانیان، وەیا چینێك بۆ چینێ چەوسانەوە، ئەوسا شایانی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی لێ بستێنرێتەوەو بدرێ بە دەستەیەكی ڕاستو دڵسۆزتر بۆ خەڵك.

د- دەردو دەرمانو دەستی بێگانە: خەواڵووی وامان هەن هێشتا خەو بەوەوە ئەبینن كە لەناكاوا بێگانە بێ دەردی گەورەمان تیماربكا، كورد ئەڵێ: (دەستی بێگانە هەر بۆ مار گرتن باشە). وە هەر كەسێك دەستی بۆ دەمی خۆی نەباو هەر كەسێكیش بە هیوای كاسەی ماڵ هاوسێ بێ، بەبێ شێو سەر ئەنێتەوە. كەوابوو هەر ئەبێ بە هیوای دەستی خۆمان بین بۆ تیماری برینەكانمان، بەڵام كوا ئەو دەستە دڵسۆزە بەهێزە نە لەرزۆكە تا لە دەستە گۆجو لەرزۆكو چەپەڵەكان ڕزگارمان كا؟

ڕ- ڕێگا: هەموو شتێك ڕێگای هەیە، كەون، ئاسمان، ژیان، زانست، سیاسەت، جەنگ، ئاشتی، ڕۆژنامەچێتی، ڕزگاری، ئەمانە هەموو لەسەر

دەستووری تایبەتی بەندەو بۆ دۆزینەوەو لێگەیشتن‌و پێگەیشتنی ڕێگای تایبەتیی خۆی هەیە.

ئادەمیزاد بەپێی پێویستی‌و داماوی خۆی لەگەڵ شوێن‌و کات‌و پلەی پێشکەوتنیا ئەم ڕێگایانە یەك لەدوای یەك ئەدۆزێتەوە بۆ کامەرانی خۆی، بەلاّم ئەو ڕێگایەی ئادەمیزاد بڕیویەتی لە پێناوی ڕێگا دۆزینەوەدا زۆر دوورو سەختە، بەناو لافاوی خوێن‌و عارەقا، بەسەر بەر دەبازی ملیۆنەها کەللەی مرۆڤی لە پێناو چوودا، گەیشتۆتە ئەمڕۆمان. بۆ دۆزینەوەی ڕێگا، ڕێگای هەر شتێك، یا بلّێین ئاشتی، یا ئازادی، یا نزیککردنەوەی هاتوچوو، پێویستی چەند مەرجێکن، ئەبێ ژیانمان گەیشتبێتە ڕادەیەك، داماوی دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیە بین، وەك گوتوویانە داماوی‌و پێویستی دایەی دۆزینەوەن، تا زۆرترین خەڵك نەکەونە ئاخ‌و ئۆف‌و خۆزگە خواستی بۆ شتێك بیر ناکەوێتە کار بۆ دەس خستنی.

(شیخ مارف بەرزەنجی)

(تەنها بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
نامانەوێ	:	مەنەڤێت، ئەم ناخوازین
دەرگا	:	قاپی – دەری – دەرگەهـ
گیروگرفت	:	تەنگو چەڵەمە، دژواری
مایە	:	هۆکار
زیان	:	زەرەر
کەم	:	کێم
بەراو	:	بەرئاڤ
خواکرد	:	خودێ کری
خاوەن	:	خودان
سوێر	:	شۆر
خەڵوز	:	ڕەژوو، ڕەژی
دەنوك	:	نکلێ
بەروبووم	:	بەرهەم
هەمووان	:	هەمیا
پاش مله	:	قسەکردن بەخراپە دەربارەی یەکێك کە خۆی لەوێ نەبێ
خۆزگە	:	خۆزی، خۆزیا، بریا، کاشکی
بناغە	:	بنچینە
ناڵێم	:	نابێژم

بسڕێتەوە	:	لابات، نەهێلیت
منالٚ	:	مندالٚ، بچوك، بچیك، زارۆ
تاقیکردنەوە	:	ئەزموون
مارانگاز	:	مارانگەستی
لە بیرمە	:	تێتە بیرامن
دەسگا	:	ئامێر
ئارەزوو	:	خۆزگە
ناکاو	:	کوتوپڕ
هاوسێ	:	دراوسێ
برین– بریندار	:	زام– زامدار
مەرج	:	شەرت

قەدری جان

١٩١١- ١٩٧٢ز

ناڤێ وی (عبدالقادر عزیز جان)ە ل سالا (١٩١١)ێ ل كوردستانا باكور ل گوندێ (دێریك) ل ڕەخ باژێرێ (ماردین) ڤە ژ دایكبوویە. ل هەمان گوند دەست ب خواندنێ كرییە هەتا گەهشتییە قۆناغا (خانەی مامۆستایان) ل باژێرێ (ئەزمیر)ێ ب دوماهی ئینایە، دناڤبەرا ئەسكەندەرونەو ئەنتاكیێدا بوویە مامۆستا. ل سالا (١٩٣١)ز ژبەر ڕەوشا سیاسی چوویە جزیرێ، چەندەك ژ ژیانا خۆ ل وێرێ برە سەر، پاشی چوویە دیمەشقێ‌و ئامودەو قامیشلۆ، ل قامیشلۆ بوویە مامۆستاو پاشی هاتییە ڤەگوهاستن بۆ وەزارەتا پەروەردێ ل دیمەشقێ وەكو فەرمانبەر، ل دوماهیێ بوویە سەرپەرشت. هەر دڤێ قۆناغێدا دگەل نڤیسەرو ڕۆژنامەنڤیسێن ناڤدار (د. كامیران بەدرخان‌و نورەدین زازاو جگەر خوێن‌و ئۆسمان سەبری) كەفتییە كاری‌و دەست ب بەلاڤكرنا گۆڤارا (هاوار) كرییە. د سالا (١٩٣٦)ز هۆزانڤان قەدری جان ئێكەمین هەلبەستا سەربەستی نڤیسییە و بەلاڤكرییە، بڤی چەندێ دبیتە سەركێشێ كاروانێ هەلبەستا هەڤچەرخا كوردی، ئێك بوویە ژ وان هۆزانڤانێن هەردەم نویكرن د تۆرێ كوردیدا كرییە. ل

سالا(١٩٥٥)ز دەست ژ كارێ وەزارەتا پەروەردێ بەردایە، ژیانا وی پڕ نەخۆشی بوویەو چەندین جارا كەفتییە زینداناـ. ل سالا (١٩٥٧)ز دگەل شاندێ لاوێن كورد ژ سوریێ چوویە موسكۆ ژ بۆ پشكداریكرنێ د ڤیستەڤالا شەشێ یا لاوێن جیهانیدا، بارزانیێ نەمر ژی دیت.

جارەكا دی ڤەگەڕیا سەركارێ میری و ل سالا(١٩٧١)ز هاتە خانەنشینكرن. ل ڕۆژا ١٩٧٢/٨/٩ز د ژیێ (٦١) سالییێدا كۆچی دوابیدەكاتو ل گوڕستانا (خالد نەقشبەندی) ل دیمەشقێ دهێتە ڤەشارتن.

(قەدری جان) دوو سروود ب بارزانیێ نەمر گۆتینە ل ژێر ناڤێ (سەرداریێ كوردان بارزانی)و (شێرێ وەلات... بارزانی هات).

(قەدری جان) د زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەدا هەڵبەست بەلاڤكرینەو پشكداری د دانانا چەندین پەڕتوكێن فێرگەهادا كرییەو زۆر هۆزانێن چاپ نەكری هەنە، شارەزایی د زمانێ توركیو عەرەبیو فرەنسیدا هەبوو، زێدەباری زمانێ كوردی ب هەردوو زاراڤێن (كرمانجی سەروو)و(كرمانجی خواروو).

بەرهەمێن قەدری جان:

١. داستانەك ب هۆزان

٢. ئەلفوبێیا كوردی

٣. دیوانا هەلبەستا(١٩٥٧)

٤. رۆمانا (شڤانێ كورد) یا عەرەبێ شەمۆ ژ فرەنسی وەرگێرایە سەر زمانێ كوردی، سالا(١٩٤٧)ز ب پیتێن لاتینی ل بەیروتێ چاپكرییە.

راڤەكردنی پەیڤەكان

پەیڤ		واتاكەی
ب رەخ باژێرێ (ماردین)ڤە	:	لە نزیك شاری (ماردین)ەوە
ب دوماهی ئینایە	:	تەواو كردووە، كۆتایی پێهێناوە
د ناڤبەر	:	لەنێوان، لە مابەینی
ژ بەر رەوشا سیاسی	:	لەبەر بارودۆخی رامیاری یان سیاسی
هاتییە ڤەگوهاستن	:	گواسترایەوە، گوێزراوەتەوە
ب ڤی چەندی	:	بەم رەنگە، بەم شێوەیە
هەلبەستا هەڤچەرخا كوردی	:	هەڵبەستی هاوچەرخی كوردی
هەردەم نویكرن دتۆری كوردیدا كرد	:	هەمیشە نوێكردنەوەی لە ئەدەبیاتی كوردیدا دەكرد.
شاندێ لاوێن كورد	:	وەفدی لاوانی كورد

بەگێ ئاخر زەمان

(قەدری جان)

دۆستێ من
دوژمنێ پۆستی من
بەگێ ئاخر زەمان
ئەڤ زەمبیلا تە پێ هات
نەمە داتێ ژ ئاسمان
بەنێ وێ ڕزییا
لە ناڤا ڕێ قەتییا
ئو... کەت
کەتە ناڤ دەریا سۆر
دەریا سۆر ژێڕا بوو گۆڕ
دەریا سۆر ژ فیرعەونو
چەند خودێ بچوکڕا بووکەفەن.

** ** **

مووساو موریدێن وی
هەمی
بێ پرو بێ گەمی
ژ وێ دەریایێ دەرباز بوون
ژ جەورو جەفایێ خەلاس بوون
مووسا ل سەر ڕەقسی
فیرعەون ل ور فەتسی
نەمروودێ بچوك
مە ب ئاگر دترسینە

پڤ مەشکا ڤالا

ئەی کەڤنارەیێ سالا

باوەڕیا دلێ مە

تاقەتا ملێ مە

ژ ئیمانا ئیبراهیم

پێترە، نەکێم ترە

ڤیا بزان

ئەی پێغمبەرێ دزان

دۆستێ من

دوژمنێ پۆستێ من

بەگێ ئاخر زەمان

ئەڤ زەمبیلا تە پێ هات

نەمەداتێ ژ ئاسمان

★★ ★★ ★★

مەزناتی

نە ب پارەو مالە

نە ب گۆڕینا کالە

مەزناتی

ب جەوهەرێ ئینسانە

ب عیلمو عیرفانە

بەلێ... ئەم خەزانی مالن

لێ زەنگینێ کەمالن

زەنگینێ ئیدیالین

دۆستێ من

دوژمنێ پۆستێ من

بەگێ ئاخر زەمان

ئەڤ زەمبیلا تە پێ هات

نەمەداتێ ژ ئاسمان

★★ ★★ ★★

کۆشکا تەیە هیم ڤالا

یا ب نینۆکا پالا

ئین ب خوون

ئین برین

گەلەك ڕەبەن ژ برچیتیا کوشت

تە ئاڤا کر دبندا ڕوونشت

ئەوێ ل سەر سەری تە هەلوەشە

گەر چی دلێ مە ب تە نائێشە

لێ ئەم دخازن

ب دل دبازن

زارۆیێن تە ئێ بێ گونەھ

کو ب هێژمار هەنە نەھ دەھ

ژ وی تالووکێ خەلاس بکەن

ب ڕێیا ڕاست دا دەرباس بکەن
ڕێیا ڕاست، ڕێیامە
ئەوە باوەریا مە
زنجیر شکاندن
ئارمانج گهاندن
★★ ★★ ★★
با بلیسکا بیستان
دیرۆکا ڕاستان
دبێژە
ببێژە
گوهـ مەدە ئەفسانەیێ دێوان
ب شۆندا نەمینە ژ کاروان
کاروانێ مەدەنیەت
گروهێ بەشەرییەت
خولاسە
پێشییێو پاشییا فەلسەفە
فەلسەفە یامە
ئەڤە
دین، مەزهەب ئیمان
ببە ئینسان ببە ئینسان
★★ ★★ ★★

(کۆپلەی یەکەم بۆئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
پۆست	:	پێست
ئەڤ	:	ئەو
زەمبیل	:	زەمبیلە، سەبەتە
تەپێ هات	:	تۆپێی هاتیت
نەمەداتێ	:	ئیتر دانابێ، ڤێجا نادادی، ئیتر نایەتە خوارەوە
ژ	:	لە
بەنێ وی	:	بەنی ئەو
ل ناڤارێ	:	لەناوڕێدا
قەتیا	:	پچڕا
ناڤ	:	ناو
ژێرا	:	بۆ ئەو
خودێ	:	خودا
موریدێن وی	:	موریدانی ئەو
پر	:	پرد
گەمی	:	بەلەم، کەشتی
ژ وی	:	بۆ ئەو
دەرباسبوون	:	ڕزگاربوون، ڕابوردن
لوڕ	:	لەوێ
فەتسی	:	تۆپی

ڕەقسی	:	هەڵپەڕی، سەمایکرد
مەشکا ڤالا	:	مەشکەی بەتاڵ
کەڤنارە	:	کۆتەردار، پیرەدار
پێترە	:	زیاترە
نە کێم ترە	:	کەمتر نییە
ڤیا بزان	:	ئەوە بزانە
مەزناتی	:	گەورەیی
گۆرین	:	گۆرانی
گۆڕێن	:	قەبرانی، کۆی (گۆڕ) بە مانای (قەبر) دێ
کال	:	باپیر
خەزان	:	هەژار، بەلام لە کرمانجی خواروودا واتای پاییزە
لێ	:	بەڵام
ئیدیال	:	بیر، هزر
هیم	:	بناغە
ڤالا	:	بەتاڵ
پالا	:	کرێکار
ئەڤن	:	ئەوانە
ڕەبەن	:	هەژار، بەسەزمان
برچێتی	:	برسێتی
ئاڤاکر	:	ئاوەدانکردەوە
دبندا	:	لە بنیدا، لەژێریدا

ڕونشت	:	دانیشتی
ئەوی	:	ئەو
دخازن	:	مەدقێت، دەمانەوێت
دبازن	:	ئارەزوومانە
زارۆیێن تە	:	بچوکێن تە، منداڵانی تۆ
زارۆ	:	منداڵ
تالووکێ	:	تالووکە، مەترسی
ئارمانج	:	ئامانج
بابلیسك	:	سەدە
بابلیسکا بیستان	:	سەدەی بیستەم
دیرۆك	:	مێژوو، ڕابردووو
بە شۆندانەمینە	:	دوامەکەوە
گروھ	:	بار، کاودان، بارودۆخ
دۆز	:	کێشە

ژێدەر:

١. هەفتەنامەی پەیمان ژمارە (١٥٤).

٢. کتێبی زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی چاپی سێزدەهەم ساڵی ١٩٩٦.

بێکەس

١٩٠٥-١٩٤٨ز

ژیانی پڕ لەدەردەسەریو کولو کۆڤانو مشەختیو دەربەدەری بووە، بە هۆی ئەوە(فایق عەبدوڵڵا بەگ) نازناوی (بێکەس)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو لەناو خەڵك هەر بەو ناوە ناسراوە. (فایق) لە ساڵی ١٩٠٥ز لە گوندی (سیتەك) کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سولەیمانی لەدایك بووە لە منداڵییەوە لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی. ماوەی چەند ساڵێك لە بەغدا ژیاوە، پاشان باوکی ڕوو لە تورکیا دەکات، دایکیشی دوای ئەوە هەر لەبەغدا کۆچیدوایی دەکات، بۆیە فایق لە ساڵی (١٩١٨)ز دێتەوە سولەیمانی لای مامیو لەوێ دەچێتە بەر خوێندن. دووبارە لە(١٩٢٤)ز دەچێتەوە بەغداو دوای یەك دوو ساڵ دەگەڕێتەوە. ماوەیەك لە (ئەشغال) کاردەکات، ئینجا دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکان.

بێکەس شاعیرێکی کوردپەروەرو وڵاتپارێز بووە، چەند جار لەبەر بزاڤی ڕامیاری تووشی گرتنو لە کار دەرکردن بووە، چاو نەترسو ئازا بووە، بەشداری لە ڕاپەڕینەکەی (٦)ی ئەیلولی(١٩٣٠)ز بەر دەرکی سەرا لە سولەیمانی کردووەو تیایدا بریندار بوو، هیچ کاتێك گوێی بە پلەو پایەو پارەو پوول نەداوە، نزیك بووە لە بزاڤە ڕامیارەکانی ئەو کاتە وەك

بزاقـی (ژ.ك)[1] پاشـان (پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان). شـیعرەكانی بـۆ خزمـــەتكردنی گـــەل‌و نیشـــتمانەكەی تـــەرخانكردووە، بەشـــی زۆری هۆنراوەكانی باس لە كوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری دەكەن، بێجگـە لـەوە بابەتەكانی كۆمەڵایەتی پانتاییێكی فراوان داگیردەكەن.

لە دیوانەكەی كۆمەڵە سرودێكی زۆر خۆشی بـۆ منـداڵان دانـاوە، كـە سـەردەمانێكی دوورو درێـژ قوتابییـانی سـەرەتایی بـە ئـاوازی خۆشـەوە هەموو بەیانییەك لە قوتابخانەكانیان دەیانگوت لەوانە:

١. خوایە وەتەن ئاواكەی ٢. شاخی ڕەنگاو ڕەنگی گۆیژە

٣. ئەی دلێران بێچووە شێران‌و... گەلێكی تر

لە ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١٨ز لە هەڵەبجە كۆچی دواییكردو لـە گۆرسـتانی گردی سەیوان لە سولەیمانی بە خاك سپێرراوە.

لـــە ڕۆژی ١٩ی حـــوزەیرانی ١٩٤٧ز كاربەدەســـتان‌و دەســـەڵاتدارانی حكومەتی عێراق چوار ئەفسەری كوردپەروەریان لـە سـێدارەدا، ئەوانـەی بەشـداریان لـە دامەزرانـدنی كۆمـاری مـەهاباد كردبـوو، چـوار ئەفسـەرە شەهیدە جوانە مەرگەكە ئەمانە بوون:

(عیزەت عەبدولعەزیز)، (محەمەد مەحمود قودسی)

(مستەفا خۆشناو)، (خەیروڵلا عەبدولكەریم)

بێكەس ئەم پارچە هۆنراوە بە سۆزەی لە پێشـوازی ئـەو شـەهیدانە گوتووە، كە تەرمی دووانیان لە بەغداوە بۆ سولەیمانی براوە.

---

[1] – (ژ.ك) كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان
بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بەخەندەو پێکەنین
قەومی وا نامرێ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ
ساحیبی ڕۆڵەی نەبەردە، خاوەنی عەزمی مەتین
ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگەی نیشتمانا بەخت ئەکا
پێی مەڵێن مردوو، شەهیدە، وا لە فیردەوسی بەرین
لاوی کورد مەردە، لە مردن قەتعییەن باکی نییە
پەندی پێشینانە، ڕاستە (بەرخی نێر بۆ سەربڕین)
وا وەتەن دیسان بە مەحزوونی ئەڵێ: ئەی لاوەکان
بۆچی وا ماتو مەلوولن، بەسیەتی شینو گرین!
ڕۆژی تێکۆشانە، سادەی هیممەتێ تاکو زووە
بەشکو لەم حالە نەجاتمان بێو لە دیلی دەربچین!
گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگو گیرفان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین
پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەومو وڵاتی خۆی هەبێ
ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکەنین

** ** **

(سێ دێر بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
مشەخەتی	:	ئاوارە
ساحیبی ڕۆلەی نەبەردە	:	خودانی ڕۆڵەی ئازایە
بەخت ئەکا	:	فیدادەکات، دەبەخشێت
ماتو مەلوولن	:	بێدەنگو خەفەتبارن
سەر ئەنێتە سەرسەرین	:	سەر ئەخەنە سەر بالیف
هەر سەرسەرین	:	هەر هیچو پوچو بەدڕەوشتن
سەرەتایی	:	بنەڕەتی

ئەمین زەکی بەگ

١٨٨٠-١٩٤٨ز

مێژوونووس و ڕوناکبیرو ئەدیب و گەورە پیاوی کورد ناوی (محەمەد ئەمین زەکی عەبدولڕەحمان مەحمود)ە، لە ساڵی (١٨٨٠)ز لە شاری سولەیمانی لەدایکبووە، لە ساڵی(١٨٩٢)ز چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی و ئینجا دوای ساڵێك چووەتە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ئامادەیی عەسکەری لە بەغدا، پاشان خوێندنی عەسکەری لە ئەستەمبۆڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تەواودەکات و لە لەشکری شەشەم لە ساڵی(١٩٠٢)ز دەبێتە ئەفسەر، لە سوپای عوسمانیدا گەلێك پایەو پلەی جۆراوجۆری پێسپێراوە، لە جەنگی گەورەی یەکەم لەبەرەکانی جەنگ لە عیراق و فەلەستین و قەفقاسیا، لە کۆمەڵەی دەست نیشانکردنی سنوور لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ هەر یەك لە ڕوسیاو بولگاریا ئەندام بووە.

لە (١٩٢٤)ز هاتووەتەوە عیراق و بووە بە مامۆستای قوتابخانەی عەسکەری، چەند جارێك پۆستی وەزارەتە جۆراوجۆرەکانی پێسپێراوە، هەروەها لە پەرلەمانی عێراقدا بووەتە نوێنەری شاری سولەیمانی، لە ساڵی (١٩٤٢)ز دەستی لە وەزارەت کێشاوەتەوە، تا تەمەنی (٦٨) ساڵیدا بە ئەندامییەتی ئەنجومەنی پیران ماوەتەوە، لە (١٠)ی

تـەمووزی(١٩٤٨)ز کۆچـی دواییکـردووەو لـە شـاری سـولەیمانی گـردی سەیوان نێژراوە.

ئەمین زەکی بەگ هـەر لـە منداڵییـەوە خولیـای مێـژوو و شـوێنەواری کۆن بووە، بەهرەیەکی زۆری لە زانستەکانی عـەرەبی، تـورکی و فارسـی وەرگرتبـوو، شـارەزایەکی زۆری لـە زمانـەکانی ئینگلیـزیو فەرەنسـی هەبوو، دەیان پەرتوکی بەزمانی تورکی لە بارەی کاروباری سەربازییەوە داناوە. بە زمانی کوردیش کۆمەڵێك پەرتوکی مێژووی داناوە، وەك:

١. خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان
٢. ناودارانی کورد (مشاهیر الکرد) بـە زمـانی کـوردی لـە دوو بەرگـدا دایناوە.
٣. تـاریخی لیـوای سـولەیمانی بـە کـوردی لـە(١٩٣٧)ز لـە بەغـدا چاپکراوە.

ئەمەش نمونەیەکە لە نووسینەکانی:

(زمـانی کوردی)

نـەك زۆری خـەڵك بـەڵکو بەشـی زۆری عولـەماو موتەفـەکریش لـە خوسوسی کونهو ماهیەتی زمانی کوردییەوە یان بە تەواوی بـێ خەبـەرن وەیان زۆر خراپ تێگەیشتوون. کە لەبابـەت ئـەم زمانـەوە پرسـیاریان لێ ئەکەی ئەڵێن: ئەم زمانی کوردییە لەهجەیەکی تێکەڵو پێکەڵی فارسییەو ئەسڵو ئەساسێکی سەربەخۆو ڕێكو پێکی نییـە !. زاهـر وایـە سـەبەبی جێگیربـوونی مشـابەهەت لـە بـەینی بـەعزێ کـەلماتو ئـەلفازی کـوردیو

فارسیدا، وە دووەمیش ئیستعمال کردنی بەعزێ کەلماتی فارسی لە کوردیدا، ئەگەر باش سەرنجی لێ بدەین ئەبینین کە لەیەك چوونی هێندێ کەلمەی کوردی لە فارسی نەتیجەی خزمایەتییەکی بە قووەتی ئەم دوو زمانەیەو ئەم نەوعە مشابهەتە لە بەینی زمانە خزمەکانی تریشدا هەیە، ئینگلیزیو جەرمەنیو لاتینی چونکە هەموویان لە ئەسڵێك- زمانی ئاری قەدیم) هاتوونەتە خوارەوە، ئەبینین، کە زۆر لەفزو کەلمەیان لەیەك ئەچنو ئەم لێکچوونە هیچ ساحب مێشکێکی شارەزای تووشی غەلەتێکی وا نەکردووە کە بڵێ ئەسڵی ئینگلیزی جەرمانییە وەیا لاتینییە بەڵکو ئەڵێ: سەبەبی ئەم مشابهەتە دەلالەت لەوە ئەکا کە هەموو ئەم زمانانە لە ئەسڵێك- کە زمانی ئارییە- هاتوونە خوارەوەو کەلماتی متشابهەیان کەلماتی ئەسلیەن وە لە هەموویانا ماوتەوەو کەمێك زۆرێك تەلەفوزەکەیان گۆڕاوە.

نازانم بۆچی (متفکرین) لە باسی زمانی کوردیو فارسیدا لەم حەقیقەتە لائەدەنو کوردییەکەمان ئەکەنە بێچوویەکی لەڕو لاوازی زمانی فارسی؟!.

ئەگەر بە ئینساف لێکی بدەینەوە ئەبینین کە بەشی زۆر زۆر کەلماتی کوردی لە شکلو تەلەفوزدا لە فارسی ناکاو سەربەخۆیە، (برژانگ، سك، دایك، باوك، کچ) واقعا لە بەینی (تووك، لووت، چەناگە، کوری)ی کوردیو (موو- بینی) (زنخ- زنخدان)، (مژە)، (شکم)، (مادر)، (پدر)، (دختر)، (پسر)ی فارسیدا هیچ مشابهەتێکی لەفزی نابینرێ، جا کەوا بوو ئەم کەلماتانە ئەبێ لە دوای جوێ بوونەوەی

قـەومی کـوردو فـارس ڕەنگـە ئـەم حادسـەیە لـە عەسـری نۆهـەم وەیـا دەهەمی پێش میلاددا واقع بووبێ‌ — ئیجاد کرابێ، ئەو پێـنج مشـابهەتەی (تەلەفوزی، ئەساسی، شکلی، تەسریفیو نەحوی) کە لەبـەینی کـوردیو فارسیدا ئەبینرێ دەلیلی ئەوەیە کە ئەم دوو زمانە لە ئەسلێکی مـەعلوم، کـە لـەپێش هجرەتیانـا بـۆ تـەرەفی غـەرب زمـانێکی موشـتـەرەك بـووە، هاتووتــە خــوارەوەو هــەر وەك زمــانی ئــەقوامی ئــاری تــر بــەرە بــەرە فەرقێکی کەمو زۆری تێ کەوتووە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
عولەما	:	(علماء) کۆی (عالم)ە، واتە زانایان
متفکرین	:	خاوەن بیران، خودانێت هزرو بیرا
لە خوسوسی	:	لە بابەت، لەبارەی
ماهیەت	:	جەوهەر، بنەڕەت
کەلیمە	:	وشە، پەیڤ
ئەسلێك	:	ڕەگەز، بنچینە
مێشك	:	مژی
غەڵەت	:	هەڵە، چەوتی
حەقیقەت	:	ڕاستی
تووك	:	موو، می
لوت	:	کەپو، دفن
چەناگە	:	چەهـ ، ئەرزینگ
برژانگ	:	مژیلانگ
حادیسە	:	ڕووداو
عەسر	:	سەدە، بابلیسك
کونهو ماهیە	:	ڕەچلەك، ڕەگوریشە

ئەسیری

١٨٩٠-١٩٦٢ز

نــــاوی (عەبـــــدولخالق حوســــێن نەقشبەندی)یە، نازناوی شیعری (ئەثـیری-ئەسیری)یـە. لـە سـالّی (١٨٩٠)ز لـە شـاری کـەرکوك لــە گــەڕەکی (ئــەخی حوسـێن) لەدایکبووەو چـاوی بـە دیمەنـە جوانـەکانی کوردســـتان کراوەتـــەوەو لـــەناو گـــولّزاری خوێندنو زانیاریو ئەدەبدا خونچەی ژیـانی پشکووتووە، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە بۆ خوێندن چووەتە حـوجرەی مزگەوت، گەلێك شوێنی کوردستان گەڕاوە بـە دوای زانسـتو فێربووونـدا، وەك (سولەیمانی، بانە، سەقز، سـنە، کرمانشـان، هەمـەدان) لـە دواییـدا گەڕاوەتە شاری کەرکوك لە ماوەی خوێندنیدا فێری گەلێك جۆرە زانسـت بووە، وەك: (ڕێزمـانی عـەرەبی، ڕەوانبێـژی، مـەنتیق، ئوسـولّی کـەلام). ئیجازەی زانستیی لە مەلا (عەلی حیکمەت سیامەنسوری) وەرگرتووە.

ئەسـیری بـە نیـازی دیـدەنی نەجمـەدین ئەفەنـدیی بـرای، خـۆی گەیاندۆتــە ئەســتەمبۆل، لــەوێ چــاوی بــە شــێخ عەبـدولقادری شـێخ عوبەیـدوڵلای نـەهری کـەوتووەو جموجـۆڵو چـالاکییەکانی بزوتنـەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردی دیوە، کە لەلایـەن کۆمـەڵێك لـە ڕۆشـنبیرانی خوێن گەرمی کورد لەو شارە دەکرا. ئەمە کارێکی گەورەی کردۆتە سـەر ئەسیریو عەشقی نیشتمانپەروەری لە دڵیدا پەیدابووە.

بـه بیسـتنی هـەواڵی کۆچـیدوایی بـاوکی لەگـەڵ بڕانـەوەی جـەنگی یەکـــەمی جیهـــان لـــە ســـاڵی (١٩١٨)ز گەڕاوەتـــە کـــەرکوك بـــۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری تەکیەو ماڵو خێزانەکەیان.

- ماوەیـەك لـە دادگـای شـەرعیەی کـەرکوك بـە نووسـەری یەکـەم دامەزراوە.
- لە ١٩٥٨/١١/١ز خانەنشینکراوە.
- لـە ڕۆژی ١٩٦٢/٦/١٨ز کۆچـی دواییکـردووەو لـە گۆرسـتانی شـێخ محیـەدین لـە کـەرکوك نێـژراوە. ئەسـیری شـاعیرێکی زانسـتپەروەر بووە، خەڵکی هانداوە بۆ ئەوەی بچن بـۆ قوتابخانـەو فێـری زانسـت ببن.

لـە هۆنراوەکانیـدا داوای یارمـەتیو کۆمـەککردنو یـەکێتی ڕیزەکـانی نەتەوەی کوردی کـردووە، چـونکە زانیویـەتی کـە گـەل بـەبێ هاوکـاریو یەکێتی لە کاروانی خەباتو تێکۆشاندا بە ئامانجە ڕەواکانی ناگات.

ئەسـیری وەك شـۆڕە سـوارێکی مەیـدانی ئـەدەبی نەتـەوەی کـورد لەنێوان ساڵەکانی (١٩٢١- ١٩٣٤)ز دلێرانە ئەسپی شـیعری شۆڕشـگێری تاوداوەو هۆنراوە ئاگرینەکانی، وەك مەشخەڵی گڕی ئاگری بـاوەگوڕگوڕ تـــاریکی کوردســـتانی ڕوناککردۆتـــەوە، لەبـــەر ئەمـــە بـــە شـــاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری کۆیی دادەنرێت.

ئەسیری شەیدای دیمەنە جوانەکانی کوردستان بووە، وێنەو نەقش‌و نیگاری کوردستانی ڕەنگین، وەستایانە لەناو تابلۆی هۆنراوەکانیدا دەکێشێت وەك لەم هۆنراوەیەدا:

بێرە کوردستان

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بت بەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
سەیری ئەو خێڵانە، کە نیشتونە داوێنی چیا
با بچین بۆ ماڵی کوردی گەر تۆ خوێشانت دەوێ
بت بەمە پای تاقی لای سەر پیل‌و سەر میل‌و کرند
پێت نیشاندەم سەد هەزار ئاساری ساسانت دەوێ
ئاوی ساف‌و ڕۆشنی داوێنی چەشمەکانی چیا
لێی بنۆشە دەم بە دەم، گەر ئاوی حەیوانت دەوێ
لاوی کوردی من، لە بەرکە شاڵی زاخۆو ئامێدی
گەر تۆ سەد چاتر لە ڕەنگی شاڵی کرمانت دەوێ
هەڵسە گەشتی چیمەن‌و گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لە بۆ دەردی دەروونت داو و دەرمانت دەوێ
ڕوح‌و ماڵت سەرفی ڕێگەی میللەتت کە ڕوحەکەم
گەر لە خوا لوتفی عەمیم وجودو ئیحسانت دەوێ
ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بشمری لام وایە قەبری گردی سەیوانت دەوێ

(سێ دێر بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
مەنتیق	:	ژیربێژی، لۆژیك
بێرە	:	وەرە
سەیری ئەو خێلانەکە	:	تەماشای ئەو عەشیرەتانە بکە
نیشتوونە داوێنی چیا	:	لە داوێنی چیا خێوەتو ڕەشماڵیان هەڵداوە
خوێشانت دەوێ	:	خزمانت دەوێ
پای تاقی	:	ناوی جێگاییێکە
سەرپیلو سەرمیلو کرند	:	ناوی سێ شوێنە
چەشمەکان	:	سەرچاوەکان، کانییەکان
لێی بنۆشە	:	لێی بخۆوە، ژێ ڤەخۆ
ئاوی حەیوان	:	ئاوی حەیات
لەبەرکە	:	بپۆشە، بکەبەرخۆ
چاتر	:	چێتر، چاکتر، باشتر
گەشت	:	گەریان، سەیران

دڵـــدار

١٩١٨- ١٩٤٨ز

یونســی مــەلا ڕەئــووف لــە ٢٠ی شــوباتی ســاڵی ١٩١٨ز لــە کۆیــە لــە دایك بووە، بۆ یەکـەم جـار لـە ڕانیـە دەچــێتە قوتابخانــەو لــە خوێنــدن بەردەوام دەبێت، تا لە ساڵی (١٩٤٥)ز کۆلێـژی مـاف (حقـوق) لـە بەغـدا تەواو دەکاتو دەبێتە پارێزەر.

دڵـدار هۆزانڤانــەکی نیشـتمانپەروەر بـوو، شــەیدای سروشـتی جـوانی وڵاتەکــەی بــوو، هۆنراوەکـانی (حــاجی قــادری کــۆییو نــالیو عــەونیو وەفــاییو کــوردیو بێکــەسو پیرەمێــرد) سەرچــاوەی ئیلــهامی شــیعری دڵــدارن، هــەروەها سروشـــتی جـــوانو ڕەنگینـــی کوردســـتان، هۆیـــەکی سەرەکی بوو لە بەهرەی شیعری دڵدار، سەرەرای ئەمەش باری ناخۆشی ژیانی خۆیو ئەو بارودۆخەی کە گەلی کورد تیایدا دەژیـا، ئەمانـە هـەموو پێکەوە هـەوێنی شـیعری دڵـدار بـوون، ئەگـەر مـەرگ کۆتـایی بـە ژیـانی کورتی نەهێنابا بێگومان بـووین لـەوەی، کـە دڵـدار دەبـووە لوتکەیـەکی بەرزی ئەدەبیاتی کوردی.

یەکەم پارچە هۆنراوەی لـە سـاڵی (١٩٣٥)ز لـە ژمـارە (٢)ی گۆڤـاری (ڕۆناکی) بڵاوکردووەتەوە.

دڵدار لە هۆنراوەکانیدا تواناو بەهرەیێکی زۆری پیشـانداوەو خـاوەنی فەلسـەفەیەکی بـەرزیش بـووە، شـەیدای بیروبـاوەری کوردایـەتی بـووە،

هۆنراوەکانی سادەو ڕەوانو پڕ سۆزن، بەشی زۆریـان بـە دەوری بابـەتی نیشتمانپەروەری‌و کۆمەڵایەتیدا دەسوڕێنەوە، دیـوانێکی چـاپکراوی بـە ناوی (دیوانی دڵدار)، لەگەڵ دەیان گوتاری بەنرخی ئـەدەبی، ڕامیـاری و ئـابوری لـەدوای خـۆی بـە جێهێشـتوە لـە ١٩٤٨/١١/١٢ز لـە شـاری هـەولێر ماڵئاوایی لە کوردستان کردو هەموو ئاواتەکانی بەو تەمەنە کورتـە بـردە ژێـر خاك.

نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان

تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان

چاوم پشکوتووی شاخەکانتە

فێری ژیانی باخەکانتە

دەنگی شمشاڵی شوانەکانت

زریق‌و باقی جوانەکانت

قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت

خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت

ئەمانە هەموو گوێیان کردمەوە

هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە

نەو نەمامێ بووم لەم خاکە ڕووام

بە خۆشەویستی وڵات ئاودرام

بەڵێ کوردستان تۆ منت خوڵقان

تۆ منت خوڵقان پێت بەخشیم ژیان

خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە

ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە

چونکە کوردستان، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی، دڵی بێگومان.

(سیٚ دێر بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان:

پەیڤ		واتاکەی
پارێزەر	:	بەرەڤان، محامی
شەیدا	:	عاشق
هەوێن	:	هێوێن، خمیرة
پشکوتوون	:	کراوە، ڤەکری
زریقو باقی	:	دەنگی یاریکردنو گەمەکردن
گوێیان کردمەوە	:	گوهێن من ڤەکر
نەونەمام	:	نەمامی تازە، شتڵەداری تازە
پێت بەخشیم	:	پێتدام، تەدایە من

ساڵح یوسفی

١٩١٨- ١٩٨١ز

ناوی (ساڵح عەبدوڵڵا یوسفی)یە، یەکێك بوو لە ڕوناکبیرو تێکۆشەرانی گەلەکەمان، لە ساڵی(١٩١٨)ز لە گوندی (بامەڕنێ)ی سەر بەقەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆك ژ دایك بوویە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بامەڕنێ دواناوەندیشی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٤٣)ز لە کۆلێژی (شەریعە) لە بەغدا دەرچووە. شاعیر دەورێکی گەورەی گێراوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ئەندامێکی چالاکی حیزبی (هیوا)و ئینجا (پارتی دیموکراتی کوردستان)بووە لە پاشان دەستەی دامەزراندنی(حیزبی سۆشیالیستی کوردستان) بوو، هەروەها ڕۆژنامەوانێکی لێهاتوو بووە، لە بواری ڕۆشنبیریدا خزمەتی زۆری هەیە، سەرنوسەری گۆڤاری (ئەستێرە)و (ڕۆژی کوردستان) بووە. زۆربەی هۆنراوەکانی باسی کوردایەتی دەکەن و بە هۆنراوەی سیاسی دادەنرێن.

هەروەها داوایکردووە، کە بیری ئازادی سەر هەڵبداتو گەشەبکات.

لە ساڵی (١٩٨١)ز بە پیلانێکی ڕەش لە بەغدا شەهیدکرا.

ئەمەش نمونەیێکە لە هۆنراوەکانی:

ڕۆژا مێرو خورتا هەلات	**هاتن ژ هەوارێ تە، وەلات**
ژیێ لاوەتی‌یە، خەلات	**جانێ خۆ دکەینە قەلات**

ئەڤرۆ ڕۆژا مە مێرانە | هەولی خورتو عەگیدانە
گۆری کرن خۆش سەیرانە | د ڕێکا وەلاتیدا قوربانە
ئەم پلنگی زەند ئاسنین | شێرێت وەلاتی مەزنین
سنگ چیاینە، عەرد درنین | نەهەنگێت شەرێ بێ بنین
نەیارا هەمیا دێ سوژین | دا بسەربەستی هونەر بژین

(سێ دێر بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
بزاڤ	:	بزوتنەوە
مێر	:	پیاو
ژیێ لاوەتی	:	تەمەنی لاویەتی، تەمەنی گەنجیەتی
جانێ خۆ	:	گیانی خۆمان
ئەڤرۆ	:	ئەمرۆ، ئیرۆ
عەگید	:	ئازاو خورت
گۆریکرن	:	خۆ کردنە قوربانی، خۆبەختکردن
دڕێکا	:	لە ڕێی، لە ڕێگای
نەیارا	:	نەیاران، دوژمنان.
هەمیا	:	هەمووان
دێ سوژین	:	دەسووتێنین.

کامیران ئەمین عالی بەدرخان

١٨٩٥-١٩٧٨ز

دکتۆر کامیران ئەمین عالی بەدرخان لە سالّی (١٨٩٥)ز لە ئەستەمبۆلّ لەدایك بووە. ژ بنەمالاّ بەدرخانیانە، خوێندنی لە ئەستەمبۆلّ بە دوماهی هینایە، پاش سەرکەوتنی شۆرشی کەمالستەکانو حاشاکردنیان ژ هەموو مافێن کوردان، سەرۆکێن کوردان ژ وەلات هاتن دوور خستن، ئەمین عالی بەدرخانو کورێ وی (ئەحمەد ثورەیا) چوون ل میسرێ ئاکنجی بوون، کامیرانو جەلادەت ژی چوونە ئەلّمانیاو دەست ب خاندنا بلند کر ل کۆلێژا حقوقێ باوەرنامە (دکتۆرا) وەرگرت، پاشان لە زانکۆی (سۆربۆن)ی فەرنسی باوەڕنامەی بلّندی فەلسەفەو ئادابی وەرگرت. لە ئەوروپا تێکەلّی لەگەلّ زۆر لە ئەدیبو نڤیسەرێن ناڤدار پەیداکرد وەك (لوسی پۆل مارگرێت، مارگرێت ڕۆدینکۆ). گوتاری بە زمانی کوردیو زمانی تریش لە گۆڤاری (هاوارو ڕۆناهی) بلاّوکردووتەوە، هەروەها هەلّبەستێن نیشتمانی لە ژێر ناوی (گەڕۆك) بلاّوکردووتەوە.

لە دەستپێکی سالّی(١٩٤٣)ز ل بەیروتێ حەفتەنامەی (ڕۆژانوو)ی وەشاندووە هەر لە(١٩٤٣)ز گۆڤاری (ستێر)ی دەرخست. لە(١٩٤٧)ز چووە فەرەنساو لەوێرێ (سازگەها لیکۆلّینێ کوردی) داناو گۆڤارەك بناڤێ (بولتەنا مەرکەزا لێکۆلینێ یا کورد) دەرخست. دوازدە سالاّن

بـەبێ پـارە خزمەتـەکا زۆری زمـانی کـوردی لـە پەیمانگـەی (زمانـە زینـدووەکان) کـردووە. خزمەتـەکا زۆری یـا زمـانو ئـەدەبو دۆزا کـورد کرییە. لە(١٩٧١)ز بووە بە ئەندامی کارای کۆری زانیاری کورد لە بەغدا. لـە سـاڵی(١٩٧٨)ز لـە پـاریس دەچـێتە بـەر دلۆڤانیـا خـودێو لەسـەر وەسیەتاوی ماڵەکەیو بۆ دامەزراندنی دەزگەیێکی چاندنی- زانسـتی بـە ناوی (بەدرخان- کوردستان) تەرخانکرا، پاش مردنـی کتێبخانەکـەی درا بە (ئەنیستیتۆی کوردی) لە پاریس.

دکتـۆر کـامیران بـەدرخان تێکۆشـەرێکی سیاسـیو ڕونـاکبیرێکی ژێهـاتیو مـەزن بـوو، بێجگـە لـە کـوردی، تـورکیو عـەرەبیو ئـەڵمانیو فەرەنسیو یۆنـانیو ئینگلیـزیو پۆلـۆنی دەزانـی. بەرهـەمی زۆری هەیـە لەسـەر (ڕێزمـان، چـیرۆك، پەخشـان، ئـەلفۆبێ... هتـد)، هـەروەها فەرهەنگی (کوردیو فەرەنسی)، (ئەڵمانی و کوردی) داناوە.

لاوکێ من

گاڤا کۆ فـەرمانا کـوردان ڕابـوو ئـەم هێـژ نـوو زەوجـی بـوون. شـەڤەکێ تـۆ پـڕ درەنـگ مـایو گاڤا تـۆ هـاتی مـال، ددەسـتێن تـە دە تڤەنگەکە نوو و چەند سەد بەرك هەبوون. دلێ من ترسـیاو ڕەجفـی، من ژ تەرە ب دەنگەکی لەرزی دگۆت.

- گورگین... دیسان چ هەیە؟

تـەل مـن هیڤینـا چاڤانو ب کەسـارا دلان مێزەکـر، پاشـی ب دەنگەکی خورت ل من ڤەگەڕاند.

- داومت دەست پێ دکە.

دوەلاتی دە شەش مەهـ شەڕەکی زۆر چێبو، ژن بی بـوون، زارۆك سێوی مان، کورد دەسپێکێ دە دوژمن شکاند، لێ، پاشی ب بێ بـەختی هاتنە شکەستن.

گاڤا تو دشەڕ دەبوویی، مـن ژ تـەرە کوڕکـەك ئـانی ئێڤـارکێ، ئـەز لبەر دەریێ مالێ سەکنی بووم، چاڤێن مـن لێ ڕێ بـوون. مـن دیـت تـو هاتی، هەردوو دەستێن تە بخوین بـوون، دسـەر سـینگاتە دە برینەکـە کـوورو ڤـەکری هـەبوو، تـە... ئـەز همێـز کـرمو تـەگۆت عەسـکەرێن دوژمن دسـەر شـۆپا مـن دە نـە، باوڕکـە نهـۆ ئـەوێ بـێنو مـن بگـرن، مەگری!!!

تنێ ڤی دەمـی ژبـیرا مەکـە. پاشـی تـو ب گـاڤێن لـەز چـویی سـەر دەرگۆشا کۆڕێ خوە ئێ پێنـج مەهی (تاجین)و تـە ئـەو هلانـیو ژیـرا گۆت.

- تـاجین!! دلێ تـە ژ بـوو نـا ئاریکارییـا کوردسـتانێیە. خویناتـە ژبوونا شەڕو ڕژاندنێیە. تە کـوڕێ خـوە دکـر نـاڤ دەرگۆشـێو عەسکەرێن دوژمنان دکەتن هندرێ مالێ...

لاوکێ من! ئیرۆ پێنـج سال قەد یاینە کـۆ ئـەم ژ هـەڤ دوور هاتنـە ئێخستن. تۆ نهۆ دکۆرتالکێ دە ب سەد جامێرێن کورد ڕا دکەڤی.

خوە دزانە... چەرمێ ڕووو وسینگاتە پرچڤیو لاشێ تەڕزییایە.

لێ، گـورگین. بزانـە کـۆ هـەر شـەڤ بـەری هـەرە ڕاکـەڤا کـوڕێ تـە تاجین زەنـدو دەسـتێن خـوە ئـێن تـەڕ داڤێـژە سـەر سـتۆیێ مـن و ب

چاڤێن خوه ئێ زەلوول و ب کەسەر ل من مێزه دکه، من ماچ دکه ژمن ڕه دبێژه.

- دایێ!... دایکا من باڤێ من ڕه بنڤیسینه کۆ مەزن بوومه. دلێ من ژ بۆ هەژکرنا کوردستانێیه، خورتییا ژ بوونا ئاریکارییا کوردستانێیه، خوینا من ژبۆ شەرو ڕژاندنێیه!!!

له (د وەلاتی ده شەش مەهـ شەرەکی زۆر چێبوو) لەبەر دەکرێ تا (تەکورێ خوه دکر ناڤ دەرگۆشێو عەسکەرێن دوژمنان دکەتن هندرێ مالی)

دکتۆر. کامیران ئەمین عالی بەدرخان
گۆڤاری هاوار ژماره (٤) ڕوو پەل٦
٣ێ تیر مەهێ- ئێك شەمب- ١٩٣٢ز

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
شۆپ	:	دەوس: شوێن پێ
همێز	:	هەمبێز: باوەشکرن، ئامێز
دەرگۆش	:	لاندك، لانك
پرچفی	:	چرمسی، سیس بوو
کەتن هندرێ مالێ	:	هاتنە ژوورڤە
هندر: داخل:	:	هندور: هوندور
ژن بی بوون	:	بێوەژن
مەگری	:	نەکە گری
کۆرتالك	:	کەند
هلانی	:	ڕاکر، بەرزی کردەوە، هەلگرت
ئاریکاری	:	هاریکاری
قەدیاینە	:	بۆرینە/ تێپەڕینە
بولتەنەك	:	گۆڤارەك وەرزیی
مێزەدکە	:	دنێڕیت، سەیری دەکات
زەلوول	:	خاشع چاودا گرتوو
داڤێژە	:	ئاڤێتە ، دهاڤێتە
خورتی	:	گەنجی، لاوێتی
باڤ	:	باب، باوك
هەژکرن	:	حەژێ کرن، حەز لێکرن

کاردۆخی

۱۹۱٦- ۱۹۸۲ز

ناوی (محەمەد ئەمین کاکە شێخی تەوێڵەیی)یە کە هەر لە تەوێڵەی هەورامان لە ساڵی (۱۹۱٦)ز لەدایکبووە. سەرەتا خوێندنی لەلای باوکی دەست پێکردووەو ئینجا چووەتە قوتابخانە، بەردەوام بووە لەسەر خوێندن تا لە ساڵی (۱۹۳۹)ز بووە بە مامۆستای سەرەتایی.

کاردۆخی، هەر لە خۆیدا خاوەنی بەهرەو توانایێکی باش بووە، بۆ ڤەهاندنو هۆنینەوەی شیعر، بەلام شاعیر، وەك هۆزانڤانەکانی دی کەوتووتە بەر کاریگەرییەتی چەند هۆیەك، کە ئەو بەهرەو توانایەیان بەهێزترو پتەوتر کردووە، جگە لەوەش، خۆشەویستیو ئەڤینی، سەرچاوەو ژێدەرێکی تری هەڵقوڵینی کانیاوی هەڵبەستی بووە، سەرەڕای ئەمانە، جوانی سروشتی کوردستان بۆ سەرچاوەگرتنی شیعری کاردۆخی هۆکارێکی گەورە بووە .

کاردۆخی لە هۆنراوەدا ڕێچکەی نیشتمانپەروەریو دڵداری گرتووە، بە دوو شێوە زار هۆنراوەی هەیە، بە کرمانجی خوارووبە هەورامی. دیوانێکی چاپکراوی هەیە بەناوی (دیوانی کاردۆخی)، لە ساڵی (۱۹۸۲)ز کۆچی دواییکردووە، لەکاتی بینینی تەرمی شەهیدەکان لە حامیەی

سلێمانی شیعرێکی داناوە بەناوی (پیرێکی زانـا)، کـە بـە هـەردوو شـێوە زاری هەورامیو کرمانجیی خواروو لە دیوانەکەیدا هەیە.

پیـریـێوی زانـا

پیرێو ڕیش چەرمە، دونیا دیدەو ڕاس
زاناو فامیدە تەمام پیا خاس
ئاماو، دیش وەچەم، کەشو کۆو سارا
قەبرۆ شەهیدا، جەدەگاو شارا
دیم، هەرەش پیما، تا واچی فری
گرەویو ناڵێ، دەنگی بەرز چڕی
بە کام نەیاوێ چی کوردستانە
یەکجار فرێنی چی گۆڕستانە
خەفەتی فرەم پەی ئانیشانە
بە دەستو وێما، نریەی نیشانە
ئازاو گەنجێما، زیاد جەسەدی
کرێی دارەرە، بەدەستو بەدی
پیرە ئی شیعرا وانێو گرەوێ
تا سۆش بیەوە، چاگە مەرد شەوی

(لەسەرەتاوە سێ دێری بۆ ئەزبەرکردنە)

دیوانی کاردۆخی: چاپی یەکەم ١٩٧٨ بەغدا

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
فرێ	:	زۆر، پتر
گرەوێ	:	دەگریا، شیوەن
چڕی	:	هاوارکردن
نەیاوێ	:	نەگەییو
پەی	:	بۆ ئەو
ئانیشانە	:	بۆ ئەوانە
وێما	:	خۆمان
نریەی	:	دانرا
گەنجێما	:	گەنجی، لاوی
کرێی دارەرە	:	کران بە دارا
بەدی	:	خراپی
تاسۆش	:	سوێی بووەوە، لەهۆش چوو
چاگە	:	لەوێ
مەرد	:	مرد

سادق بەهائەدین

١٩١٨- ١٩٨٢ز

لە ساڵی (١٩١٨)ز لە شاری ئامێدی لەدایکبووە، سەرەتا بە خوێندنی ئایینی دەستی پێکردووە، لە پاشان چووەتە قوتابخانە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، لە خانەی بڵندی مامۆستایان لە بەغدا وەرگیراوەو لە ساڵی(١٩٤٤)ز دەرچووەو لە قوتابخانە ناوەندیو ئامادەییەکان بووە بە مامۆستا. ماوەیەکی زۆر لەگەلێك شاری عیراقدا مامۆستا بووە.

ئەم نووسەرە زۆر لەمێژ بوو خەریکی خوێندنەوەی گۆڤارەکانی (هەوار)و (گەلاوێژ) بوو، ئەم گۆڤارانە زۆر کاریان کردە سەر ڕەوشی ڕوناکبیریو سەرچاوەی هاندانی بوون بۆ نووسین، گەلێك گوتارو نووسینی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردەوە، ئەندام بوو لە کۆڕی زانیاری کوردو ماوەیەکیش وانەبێژ بوو لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، لە ساڵی (١٩٨٢)ز کۆچی دواییکرد، بەرهەمێکی زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشت گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١. ئیدیەمێت کوردی ١٩٧٣.

٢. دیوانا مەلایێ جزیری ١٩٧٧.

٣. دیوانا پەرتەیێ هەکاری ١٩٧٨.

٤. نەوبەهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی ١٩٧٩.

٥. هۆزانڤانێت کورد ١٩٨٠.

٦. خانو مان ١٩٨١.

٧. مەولیدا مەلایێ باتەیی ١٩٨٢.

٨. ڕێزمانا کوردی.

ئەڤە ژی نموونەییێکە لەنووسینەکانی:

(سیامەند بازرگانەکێ مەزن بوو، گەلە لێ ب ڕاها فێر بوو. خەلکی بازێری ب جارەکی سەر تێ دکر، هەمی پێ تڤییێت خۆ ژێ دکرین ژ بەرکو مرۆڤەکێ ڕاستەگۆ، چاڤ قسەکری، ئاخافتن خۆش، دەستگر، خێرخازو جامێربوو. دلێ کەسی نەدەهێلا، دەست گرتن دگەل ژارو دەست کورتان دکر، ژبەر ڤێ چەندێ گەلەکێ ژ جهێ خۆدا ناڤدار بوو، بەلێ لسەر جامێریو خۆش مرۆڤیا وی ژی ڕا، خودێ ژ ڕەنگ نەدیتبوو چو بچویك نەبوون).

(تەنها بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان:

سەر تێ دکر : سەریان تێ دەکرد، ڕوویان تێ دەکرد

پێ تڤێیت خۆ : پێویستیەکانی خۆیان

دلێ کەسێ نەدهێلا : دڵی کەسی نەدەشکاند

ژبەر ڤێ چەندێ : لەبەر هەندێ، لەبەر ئەوە

لسەر جامێریێو خۆش مرۆڤیاوی ژی ڕا : سەرباری جوامێریێو پیاو چاکی ئەو

ژار : هەژار

سوارەی ئێلخانی زادە

١٩٧٦ -١٩٣٧

ئـەم شـاعیرە نوێخـوازەی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان نـاوی (سـوارە ئەحمـەد ئاغـای ئێـلخانی)یـە، لـە شـاری بۆکـان هاتۆتـە دنیاوە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەنـدیی لـە سەقزو بۆکانو تاران تـەواوکردووەو پاشـان چووەتە کۆلیجی حقوقی زانستگەی تاران.

سـوارە تـەنیا تەمـەنی منـداڵی بەخۆشـی بردووتـە سـەر، دوای ئـەوە نەخۆشـیو ژێـر دەسـتەیی نەتەوەکـەی هەراسـانیکردووە، لـە سـاڵی (١٩٦١)ز بۆتە ئەنـدام لـە یـەکێتی خوێنـدکارانی کـورد لـە زانسـتگەکانی ئێران، لە پەلامارێکی گەورەی گرتنو ڕاونانی دەزگای پۆلیسـی (شـا)وە، سوارەش کەوتە بەندیخانـەی تارانـەوە لـە بەشـی گرتووخانـەی سیاسـی ئێران.

لە یادی دە ساڵەی کۆچی دوایی ئەم شاعیرەمان، یەکێ لـە نـزیکترین هاوڕێو خۆشەویستی سوارە، بەم جۆرە نووسیویەتیو دەڵێت:

لـە خـۆ شـاردنەوەو هـەڵات هـەڵاتی منداڵانـە ڕا هـەتا خۆشـاردنەوەو هەڵات هـەڵاتی سیاسـەتو کوردایـەتی، لـە بـووکی جـوانی کوردسـتان ڕا هەتا شاری بە گرمـەو دووکـەڵ... چـەند جـارو چـەند سـاڵ پەککـەوتنو تێهەڵچوونەوە، پێشمەرگایەتی منو گیرانی ئەو، گیرانی منو کرمانـەوەی

ئەو لەبەشی کوردیی ڕادیۆی تاران‌و بە ناچاری لە دووتوێی سەد پەردەی ڕەمزو ڕازدا پێدا هەڵگوتن بە ئازادی‌و بە ڕابەری‌و بەختەوەری ئینسان شیعرو وتاری سیاسیی نووسیوە.

شـــــــار

کوڵم، دڵم پڕە لە دەردو کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم لە دەردی ئینتیزارەکەت
وەرز بوو گیانی من لە شارو هارە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش‌و تاویادی شەو

★★ ★★ ★★

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بە دڵ دژی گزەم
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن‌و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست‌و پێم
ئەوەی کە تێل‌و تان‌و ڕایەڵە، کەلەبچەیە

ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە

لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە

کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند

بە دارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت

ڕانەهاتووە لەشم

بناری پڕ بەهاری دێ

ڕەنگی سوورو شین ئەدا

لە شیعرو عاتیفەی گەشم

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم

(تەنها سێ دێری یەکەم بۆئەزبەرکردن)

لێکدانەوەی وشەکان:

پەیڤ		واتاکەی
گوڵم	:	خۆشەویستەکەم
نوێخواز	:	ڕێبازی نوێ، لادان لە ڕێبازی کۆن
زانستگە	:	زانکۆ
هەراسان	:	پرزەی لێبڕیوە، بێتاقەتی کردووە
کوڵ	:	ئازار، حەسرەت
تاویاد	:	تاو لەرز
نیئۆن	:	گڵۆپی نیۆن

شەوارە : تیشکێکی بەهێزە کە شەو بۆ ڕاوکردنی باڵندە بەکاری دەهێنن لێرەدا بە واتای ڕوناکییەکی بێئەندازەیە کە چاو لەبەری هەڵنایە.

بزێتە : دەرکەوێ، دەرکەڤی

بزە : خەندە، خۆشیو شادی

ئەوین : ئەڤین، عەشق

غەوارە : بێگانە، نەناس

کرمانەوە : ماتبوون، گیرسانەوە

گرتووخانە : بەندیخانە، حەپسخانە

هەڵات هەڵات : ڕاکە ڕاکە

تێل : تەل

داوەڵ : کەلاشێکی گەورەو ناقۆڵا

کەمەند : زنجیرێ، گوریسێ کە خەڵکی پێبگرێ (ناوقەدی مرۆڤ)، لێرەدا مەبەستی دووکەڵەکە بۆتە کەمەند بۆ شاری تاران

عاتیفە : هەستو شعور

ئەحمەد دڵزار

نـاوی (ئەحـمـەد مسـتەفای حەمـە ئاغـای حەویزی)یە، لە ساڵی (١٩٢٠)ز لە شاری کۆیـە هاتۆتە ژیانـەوە، هـەر لەسـەرەتای ژیانیدا بـە خوێندنـەوەوە زۆر خـۆی خـەریککردووە، لـە تەمـــــەنی لاویـــــدا کەوتۆتـــــە خـــــەباتی نیشتمانپەروەرییەوە، لـەم ڕێگەیـەوە زینـدانو ئازارو ئەشکەنجەی زۆری دیوە شـاعیری خـەباتو ژیـان زۆر بـاش لـەوە گەیشتووە، کە دەبێـت خـەبات بـۆ کۆمـەڵانی فراوانـی گـەل بێـت، لەبـەر ئەوە دەبینین شیعرەکانی دەخاتـە چوارچـێوەیەکی ئـەوتۆی شـیعرەوە، کە بەشێکی زۆر لە زەحمەتکێشان تێیبگـەنو بیکەنـە گـۆرانیو سـرودی کاروانی خەباتی خۆیان، وەك دەڵێت:

کارگەرین جەنگاوەرین **ڕەنج بەرین تێکۆشەرین**

شیعرەکانی مێژوویەکی خوێناوی ڕێکخراوی چـینی کرێکـارانی عـیراق بە گشتیو کـورد بەتایبـەتی باسـدەکات، چـونکە دڵـزار لـەناو ئـەو ژیانـە سەختەدا پەروەردە بووە، دڵزار دەستێکی باڵای هەبووە لە وەرگێڕانـدا، ئەمەش لە ئەنجامی زیرەکیو شـارەزایی شـاعیرە لـە زارەکـانی کـوردیو ئەدەبی بێگانەدا، بەڵگەشمان بۆ ئەوە:

١. **گەنجینە**: کۆمەڵە چوارینەکانی بابە تاهیرە کە لەشـێوەی لوڕییـەوە کردوویەتی بەزاری کرمانجی خواروو.

٢. **پێکەنینی بەهار**: کە بەشێکە لە وەرگێرانی شیعری شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی (ڤیکتۆر هیگۆ) بۆ سەر زمانی کوردی، کە سەرەتاکەی دەڵێت:

وا گەڕانەوە ڕۆژە درێژەکان   بەجۆش و خۆشی ڕووناکی پەخشان
ئەمەیە بەهار ئازارو نیسان   هاتن پێکەوە ڕووخۆش خەندان

ئەحمەد دڵزار دوو بەرهەمی بە چاپ گەیشتووە بەناوی (ئاوازی ئاشتی)و (خەبات و ژیان). دڵزار هەر ئەو شاعیرە نییە کە شیعرەکانی، هەر بۆ مەبەستی سیاسی تەرخان کردبێت، بەڵکو شاعیر سروشت و بەهارو دیمەنی کوردستانی جوانیشی کردووە بە هەوێنی شیعرەکانی، ئەم هەستە ناسکەو سۆزە بەرزەی شاعیر لە شیعری (مانگی گوڵان)دا دەردەکەوێت:

مانگی گوڵان

مـــانگی گوڵانـــە گـــوڕەی بـــەهارە
زەمـــین ســـەراپا بـــاخ و گـــوڵزارە
مـــافووری ســـەوزی هـــەردان گـــوڵ گوڵـــە
گوڵشـــەن بـــە جـــارێ پـــڕ لـــە بولبولـــە
ســـەراپا شـــاخ و بـــاخ و دۆڵ و دەشـــت
چـــاو ئەنـــدازێکن لـــە باخچـــەی بەهەشـــت
پـــۆلێ کەنیشـــک و دەســـتەی دڵـــداران
هاتوچـــۆیانە لـــەنێو گـــوڵزاران
منـــداڵی ورد وێنـــەی کـــارژۆڵان
پـــەرت و پەخشـــانن لـــەناو مێرگـــوڵان

گەلـــەی گـــاکێوی و کەروێشـــك و ئاســـکان
پـــەرتانن بـــە دەم هەڵـــدێرو باســـکان
ئـــاوی کانیـــاوی ســـاردو ســـازگار
لـــە ژێـــرو قـــەدی کێـــوان دێتـــە خـــوار
لـــە لایـــێ شـــەپۆڵ شـــڵە شـــڵپ ئـــەکا
لـــەلایێ ئـــاگر کڵپـــە کڵـــپ ئـــەکا
لایـــــەکیش گـــــردو هـــــەورازو ڕازە
دامێنـــــی جێگـــــەی یـــاریی ســـێبازە
وردو درشـــــــتو کـــــــچو ژنو ژاڵ
منـــــداڵو گـــــەورە، پیـــــاوو کوڕوکـــــاڵ
گشـــتی سەرخۆشـــی جـــوانیی سروشـــتن
بەرانبـــەر نەغمـــەی بولبـــولان وشـــتن

(سێ دێری بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
مانگی گوڵان	:	دووەم مانگی بەهارە (نیسان)
گوڕەی بەهار	:	جۆش و خرۆشی بەهارە
چاو ئەندازە	:	دیمەنێکی دڵرفێن
پۆلێ کەنیشك	:	پۆلێ کچ
پەرتو پەخشان	:	بڵاوبوونەتەوە
ئاسکان	:	ئاسك، مامز
باسکان	:	باسك، باسکی چیا، قەدی چیا
کڵپەی ئاگر	:	گڕی ئاگر

سێباز	:	یارییەکی کوردەوارییە
سەرخۆش	:	سەرمەست، خۆشییەکی بێ ئەندازە
وشتن	:	هەستیارن، حەساسن، گوێکراوەن.
هەردان	:	هەرد، زەوی
گوڵشەن	:	گوڵزار
گەلە	:	ڕەوە، ژمارەکا زۆر
پەرتانن	:	بڵاون
شلپە شلپ	:	هاژە هاژی ئاو

بــۆ زانــین:

ناوی مانگە کوردییەکان ئەمانەن:

١. **وەرزی بەهار**: نەورۆز، گوڵان، جۆزەردان.

٢. **وەرزی هاوین**: پووشپەڕ، خەرمانان، گەلاوێژ.

٣. **وەرزی پاییز**: ڕەزبەر، گەڵاڕێزان، سەرماوەز.

٤. **وەرزی زستان**: بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمێ.

ئەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی هەردوو بابەتی ڕێزمان و ئەدەب سوودیان لێوەرگیراوە:

١. ڕێزمانی کوردی- ناو- د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف

٢. ئاواو دەستوورا زمانێ کوردی،جگەرخوێن

٣. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد

٤. ڕێزمانا کوردی، صادق بهاوالدین

٥. ڕێزمانی کوردی پ. کوردۆییف، د. کوردستان موکریانی لە ڕوسیەوە کردوویە بە کوردی.

٦. ڕێزمانی کوردی، نوری عەلی ئەمین

٧. دیوانی پێنجوینی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی/ ئومێد ئاشناو عبدالکریم موفتی.

٨. یادی موفتی، کوکردنەوەی بورهان قانیع.

٩. ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی، قۆناغی دوای حاجی قادری کۆییە، جەبار جەباری.

١٠. سەرجەمی بەرهەمەکانی: شەهید مارف بەرزنجی، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی و عمر معروف بەرزنجی.

١١. دیوان دلْدار.

١٢. دیوانی کاردۆخی.

زۆر سەرچاوەی تریش....

﴿بەشی خوێندنەوە﴾

١. شێخ مەحمودی نەمر.

٢. هەمیشە بەدەم ژیانەوە پێبکەنە.

٣. زانست شتی سەیر دەدۆزێتەوە.

٤. مۆسیقا

٥. چۆن دەخوێنیتەوەو چی دەخوێنیتەوە.

٦. ئەشکەوتی شانەدەر.

٧. ئەدیسۆن.

٨. یەکی ئایار

٩. هەڵەبجەی شەهید

١٠. شۆرشی مەزنی ئەیلولی ١٩٦١ز

١١. خێزانێکی ئاوارە

١٢. بەردە قارەمان

١٣. دهۆك

١٤. ئافرەتی کورد

١٥. میـــدیا

شێخ مەحمودی نەمر

نامـــەوێ ژینـــی ئەســـارەت، بەسمـــە عـــومری گـــومڕەهی
نـــای کەمـــە ســـەرخۆم بەدەســـتی مـــودەعی تـــاجی شـــەهی
قـــەت بـــە ئـــەمری دوژمنـــانم نامـــەوێ فەرمانـــدەهی
نوربەخشی[1].

((... لەناوچەی پیلانو پڕۆژەی چەپەڵی بێگانەدا، کە وەك دومەڵی تەقیو لەم سەر بۆ ئەو سەری وڵات زوخاویان لێدەتکا، ئەو وڵاتەی کە شەرو چاوچنۆکیی ئەوان لە پەلو پۆی خستبوو، هەمیشە بەبێ ئاسودەگیو حەسانەوەو چەمانەوە تێدەکۆشاو بێوچان بۆ پێشەوەترو بەبێکۆڵدان بەرەو ئامانجی پیرۆزی خۆیو گەلەکەی کە ئازادکردنی کوردستانی ئازیز بوو هەنگاوی دەناو پەلی دەهاویشت، بێ ئەوەی بسڵەمێتەوە، هەر بەو باوەڕەوە حەفتا ساڵی بردە سەر، کە مێژوو شاهیدی لاوچاکیو هونەرمەندیو قارەمانی ئەو ساڵانەی خۆیو گەلەکەیەتی.

بپرسە لە سوپێرەکانی (ناڵەشکێنی) لە بۆکانو ئێسکو پۆستی سۆلداتی قەیسەری ڕوس، بپرسە لە هۆڕاو و دەشتەکانی شوعەیبەو لاکی بۆگەنی تۆپیوی ئینگلیسی نەگریسی نامەرد. بپرسە لە پیرانو مەریوان. بپرسە لە سورداش، ئەشکەوتی جاسەنەو فرۆکە ڕەشەکە. بپرسە لە

(١) (نوربەخشی) تەخەلوسی شاعیرانەی شێخ مەحمودی نەمر بوو، بە کوردیو فارسی شیعری هەیە.

دەربەندی بازیان‌و دەشتە تاڵ‌و گرێزەو کەناروێ‌و ئاوباریك. بپرسە لەو بۆمبە هەرە گەورانەی ئەو زەمانە. بپرسە لە شاخ‌و کێو و دۆڵ‌و شارو دارستان‌و ئەشکەوتەکانی کوردستان‌و مێژووی دوژمنانی خوێنڕێژ وەڵامت دەدەنەوە، بۆتی دەردەخەن کە چ پاڵەوانێك بوو، چ ڕۆلەیەکی کورد بوو، کە کوردستان شانازیی پێوەبکات، تاکو ماوە ناحەق نییە. ئەگەر وەڵامت وەرنەگرتەوە بپرسە لە (بەردەقارەمان)، لە هیندستان‌و کوێت‌و بەغداو ناسریەو ڕومادی‌و داریکەلی، کە تا چ ڕادەیەك تواناداروو لێبڕاو و خۆڕاگرو نەچەماوە بوو. بپرسە لە ساڵی (١٩١٨)، قارەمانی سۆڤێتی مارشال (بۆدیۆنی) وەڵامت دەداتەوە، کەوا بۆچی پەناو هانای بردە بەر شۆڕشگێرانی ئۆکتۆبەری مەزن، کە داوای یارمەتی‌و کۆمەکی لێکردن، پێت دەڵێت، بۆ ئازادکردنی کوردستان بووە.

بپرسە لە کارەساتی موسڵ، بۆت دەگێڕێتەوە کە ئەو خوێنە پاکانە چۆن لە ڕێی ئازادیی کوردستان‌و سەربەخۆیی و وڵات پەرستیدا بەدەست دوژمنی نارەزا بەو باوەڕە بە ناحەق ڕژێنرا.

بپرسە لە سەرۆکی دادگای سوپای ئینگلیز لە ٢٥ی تەمووزی (١٩١٩)دا، بۆت دەگێڕێتەوە بۆچ فەرمانی بە خنکاندنی ئەو قارەمانە نەمرە دا. پێت دەڵێت لەبەر ئەوەی داوای ئازادیی کوردستانی دەکردو ڕێگەی نە دەدا سوپای ئینگلیزو خوێن مژەکانی دەم بنێنە سامانی وڵات‌و ناو جەرگی گەلی کوردەوە.

بپرسە لە مەیدان‌و بانەو دۆزەخ دەرەوە نەڵێن‌و کۆنەشارو خۆیێ‌و سەلماس‌و چاریەو دەشتی مەرگەوەرو تەرگەوەڕو لاجان، بلێ بۆچی

ماڵو منداڵی شێخ مەحمود گەیشتنە لای ئێوە؟ وەڵامت دەدەنەوە، ئەگەر هەر نەبوو زێوەری شاعیری کورد ئامادەیە وەڵامت بداتەوە، چونکە لەگەڵیان بوو.

پێت دەڵێت لەبەر داواکردنی ئازادیو سەربەخۆیی خواستنو ڕازینەبوونی داگیرکەرانی ئینگلیز بوو وامان بەسەرهات.

بپرسە لە نەخۆشخانەی بەغداو بڵێ: بۆچی ئەو قارەمانەتان بە پیریو چوونە ساڵی عومرەوە کوشت؟

(بپرسە لە ڕژێمو نۆکەرو یاساوڵ کە بۆچ تەرمی نازداری ئەو ڕابەرەتان گوللە باران کردو بە مردوویی بریندارتانکرد؟). بۆت دەگێرنەوە کەوا (لە ژیانو مردندا) ترسێکی گەورەو کۆسپێکی سەخت بوو لە ڕێی ئازاردانو چەوساندنەوەی بێنەوایانی کورد، کەوایان دەزانی بەوە ڕێیان بۆ بەرەڵلا دەبێت، دەتوانن بکەونە جلیت بازی. بە بیریانا نەدەهات کەئەو زنجیرە دەپچڕێتو ئەلقەکانی لەیەك دەترازێنو شۆڕشی چواردەی تەموزی دێتە بەرەوەو تەختو تاراجیان تێکدەدات.

بەڵێ قارەمانی نەمر، ڕۆڵەی نەتەوەی کوردی نەبەزو چقڵی چاوی دوژمنان، ئاوێکی ڕشتی کە تا وڵاتێکی ئازادو گەلێکی شادی پێدەگات وشك نەبێتەوە، مێژووی کوردی سەربڵندو خاوێنکردەوەو هیواو ئایینی گەلی تازە کردەوە.

ئەگەر بەهۆی زوڵمو زۆرداریی داگیرکەرانو نا تەواو و خۆپەرستەکانی ناوخۆی نۆکەرو هەڵکەوتی جوگرافیی وڵاتەکەیەوە سەرنەکەوتبێتو نەگەیشتبێتە ئامانجو بە غەدرلێکراو سەری نابێتەوە. هەرگیز غەدر

ناتوانێت له شەخسیەتی ئەو کەم بکاتەوەو ئاڵایەك، کە هەڵیکردووە بینەوێنێت. ئەو ئاڵایە هەمیشەو بە درێژایی ژیانو مێژووی کوردستان بە بەرزییەوە دەشنێتەوەو بە شانازیو سەربڵندی بەهیواو سروودی خۆشنودی کورد دەلەرێتەوە.

تا کوردیش ما بێت، یادی (شێخ)ی نەمرو قارەمان لە دڵیدا دەمێنێتو کە سەیری شاری هەڵمەتو قوربانی دەکات، دێرە شیعرەکەی (حەمدی) دەڵێتەوە:

وەك مەدینە بێ نەبی بێ، یا نەجەف بێ بێ عەلی

شاری (غەزنە)ش ئێستە بێ مەحمودە وەك داریکەلی

لە وتارێکی (مەحمود ئەحمەد)

بە دەستکاری

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

ناوچە	:	هەرێم، دەڤەر
چەپەڵ	:	چڵکن، پیس، قرێژ
بێگانە	:	بیانی
تەقیو	:	پەقی
چاوچنۆکی	:	ڕژد، ڕەزیل چاوبرسی
ئاسودەگی	:	تەناهی
چەمانەوە	:	کوڕبوونەوە
بێوچان	:	بێپشو، بێوەستیان
بۆ پێشەوەتر	:	پێشڤەتر
ئامانج	:	ئارمانج
هەنگاو	:	شەقاو، پێنگاڤ
پەل	:	دەست
بسڵەمێتەوە	:	ڤەچنقی
پێوە بەستراو	:	پێڤە گرێدای
ئاین	:	ڕێگە، ڕەوشت
سوپێر	:	سەنگەر
ئێسك	:	ئێسقان، هێسك، هەستی
پۆست	:	پێست، چەرم
سوڵدات	:	سەرباز (بەڕووسی)
لاك	:	کەلاك، کەلەخ

تۆپیو	فەتسی، مردارەوەبوو.
واشە	مەلێکی گەورەیە لە باز دەچێت.
برسی	برچی، ورسك
فرۆکە	باڵەفڕ
شاخ	کێو، کەژ، چیا
دۆڵ	نهال، شیو
شار	باژێر
ئەشکەوت	شکەفت
خۆڕاگر	خۆگرتی
کۆمەك	یارمەتی، ئاریکاری
بڵێ	ببێژە
ئامادەیە	حازرە
تەرم	جەندەك، جەنازە
بێ نەوایان	بەلەنگازان
هەڵکەوت	بار، وەزع
لەپەلوپۆی خستبوو	شپرزەی کرد، جوڵەی لێبری
بۆتی دەردەخەن	بۆ تە ئاشکرادکەن
وامان بەسەر هات	ئۆسا ب سەرا مە هات
جلیت بازی	جۆرە یارییەکە

گفتوگۆ:

١. لەم باسەدا ناوی گەلێك شوێن هاتووە، هەندێکیان لەکوردستانی عیراقن و هەندێکیان لە خوارووی عیراق و هەندێکیان لە کوردستانی ئێران و هەندێ شوێنی تر. پەیوەندی ئەم ناوانە بە مێژوو و خەباتی شێخی مەزنەوە چییە؟ لە مامۆستات بپرسە.

٢. شیعری کام شاعیرت لەبەرە کە باسی شێخ مەحموودی نەمر بکات؟ لە کتێبخانەی شارەکەتدا بۆیان بگەڕێ.

٣. نووسەر لەم باسەدا فەرمانی (بپرسە) دەخاتە پێش ڕستەوە، لە کاتێکدا کە بەپێی ڕێزمانی کوردی دەبێت بکەوێتە پاشەوە. دەزانیت بۆچ؟. بۆ ئەوەی گرنگی بدات بە پرسیارەکە با مامۆستات باشتر تێت بگەیەنێت.

هەمیشە بەدەم ژیانەوە پێبکەنە

ئەگەر ڕووخۆش بیتو بەدەم ژیانەوە پێبکەنیتو هەمیشە ڕوناك بین بیت، هیوا بەهاتنەدیی ئامانجەکانت پەیدا دەکەیتو پشتت بەسەر کەوتن قایم دەبیتو بۆ خێرو خۆشی خۆتو خەڵك باشتر بیر دەکەیتەوە، بەڵام ئەگەر ڕووترشو مۆن بیتو وا بزانیت دنیات بەسەرداکەوتووەو هەمیشە تاریك بین بیت. ئارەزوو و ئامانجەکانت یەك بەدوای یەکدا دەمرنو هەمیشە پەککەوتەو وزەلێبڕاو و سەرلێشێواو دەبیت، ئەوسا نە خۆت خێرو خۆشی لە خۆت دەبینیتو نە خەڵکیش سودت لێوەردەگرن. بەڵێ ئەوانەی هەمیشە بەدەم ژیانەوە پێدەکەنن، کاری گەورە گەورەیان لە دەست دێت چونکە نە لە تەنگوچەڵەمە سڵدەکەنەوەو نە باری گرانی ڕۆژگار ئەژنۆیان دەشکێنێت.

بڕوابکەن ئەگەر ئێستا لێم بپرسن تۆ پارەو ماڵی دنیات دەوێت یان دڵنیاییو دڵو دەرونێکی دەم بە پێکەنین، یەکسەر بێ سێو دوو لێکردن دەڵێم دڵنیاییو دڵو دەرونێکی دەم بە پێکەنینو گەشاوە، چونکە پارەو ماڵی دنیام بە پەستیو مۆنییەوە بۆ چییە؟ چی لە پایەی بەرز بکەم ئەگەر هەمیشە پەستی دایگرتبمو بەری دڵم گیرابێتو وەکو پاپۆڕەکەم نوقم بووبێت وابم.

ئێوە سەیربکەن دایکێکی گرژومۆن لە ماڵدا، ماڵەکە دەکات بە دۆزەخ کەچی دایکێکی ڕووخۆشو دەم بە پێکەنینو دڵو دەروون فراوان ناوماڵ دەکات بە بەهەشتو وەکو گوڵاوی پیادا بپرژێنێت ئاوایە.

ئێوه سەیری گوڵو گوڵزارو کارژۆڵەو بەرخۆڵەی قەدپاڵو جریوەو جووکەکەی بولبولو باڵدارو ئێسکی سوکی منداڵانو هاوارو هاژەی تاڤگەو قەڵبەزەو شەپۆڵی پەڵە گەنم بکەن، ئەگەر سەیرکردنەکەتان بە ڕوویەکی خۆشو دەم بە پێکەنینەوە بوو ئەوا ئەم دیمەنانەتان جوان دێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر پەستو خەمبارو لێوبەبارو تاریکبین بن ئەوا ئەو هەموو جوانییانە نابینن.

ئەگەر دەتەوێت ڕووخۆشو دەم بە پێکەنین بیت، دەبێت هەمیشە بەرەنگاری پەستیو دۆشداماان ببیت، ئەوەش بزانە هەر کاتێك بکەویتە خۆت بۆ کارکردنو کاروبار جێبەجێکردن، ماوە هەیەو دەرگای سەرکەوتن لەسەر پشتە، ئەگەر دەتەوێت هەمیشە بەدەم ژیانەوە پێبکەنیت، دەبێت ماوە بدەیت بەخۆتو بهێڵیت کە خونچەی هیوا لە دڵو دەروونتا چەکەرە بکات، تا وردەوردە دەم دەکاتەوەو دەگەشێتەوە، دەبێت هەمیشە چاوەڕوانی کاری باش بیت نەك خراپ.

ئەگەر وا بزانیت کە هیچ نیتو هیچت لەدەست نایەت ئەوا دوادەکەویتو هیچ بەهیچ ناکەیتو ناتوانیت بەدەم ژیانەوە پێبکەنیت، بەڵام ئەگەر وا بزانیت کە شتت لەدەست دێتو هیچت لە کەس کەمتر نییە، ئەوا هەر لە خۆتەوە هەست دەکەیت کە بەکارو بە توانایتو هەموو شتێکت لە باردایەو چاوت لە ئیش ناترسێتو دەتوانیت کێو ببڕیتو هەمیشە زەردەخەنە لا لێوتی گرتووە. تۆ ئەو مەبەستو ئامانجەی خۆت دەستنیشان بکە ئیتر با دوورو گرانیش بێت، هەر دەیگەیتێ، چونکە هەر ڕۆژە هەنگاوێکی بۆ دەهاوێژیت.

ئـەو دڵەو دەروونانــەی بـەدەم ژیانــەوە پێدەكـەنن، كـە كـاریگرانو سەخت دەبینین پێكـەنینیان دێت، هەركـە دەست دەدەنـە كارەكـە تـا ئەنجامی دەدەن ڕوویان خۆشەو هەمیشە دەم بـە پێكـەنینن. بـەڵام ئـەو دڵەو دەروونانەی تاریكو پەستن هەر لەگـەڵ بینینـی كارێكدا دەتـۆقێنو هێزی ئەژنۆیان دەشكێت.

بەڕاستی هەندێك هەن زۆر سەیرن، حەز بەسـەركەوتن دەكـەن، بـەڵام بە مـەرجێك بۆیـان هیچـی تێنەچێتو هـیچ خۆیـان هـیلاك نەكـەن وایـان دەوێت هەموو شتێكیان لـە ئاسمانـەوە بـۆ بكەوێتـە خـوارەوەو یـا لـەبن زەوەیدا كوپەڵەی زێر بدۆزنەوە، ئەگەر ئەمانەیان بۆ نەبوو پەستی دایان دەگرێـتو خۆیــان لــە زەردەخەنــەو پێكــەنین دەتــۆرێننو لــچ دەدەن بەیەكدا.

ئەی قوتابی خۆشەویست هەمیشە بەدەم منداڵی ناو بێشـكەو بـەدەم كرێكـارو جوتیــارو پــیرو لاو و كــەسو كــارو خوشــكو بــراو ناســیاوەوە پێبكەنە، ئەگەر گرفتێك هاتە ڕێگات سەری دنیات لێنەیەتەوە یەك بەڵكو زەردەخەنە بتگرێت. لەسەر كەوتنو سەرنەكەوتندا هەر پێبكەنە، بەهـەر چـوار لای خۆتـدا پێكـەنین وەك گـوڵاو بپرژێنــە، چـونكە دەبێتــە هـۆی سەركەوتنو گرەو بردنەوەت[1].

---

(١) لە كتێبی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتییەوە وەرگیراوە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتا
پەککەوتە	:	کەڤنار
وزەلێبڕاو	:	بێوەج
تەنگوچەڵەمە	:	ئاستەنگ
دۆشـداماں	:	دەست کێلەك
چەکەرە	:	شینبوون
بپڕژێنە	:	برژێنە

گفتوگۆ:

١. بۆچی ئارەزوو و ئامانجەکانی مرۆڤی ڕووترش‌و مۆن دەمرن؟

٢. هەندێك کەس هەیە، کە ڕقیان هەڵدەستێت یان گاڵتـەیان لـە شـتێك دێت بە تەوسەوە زەردەخەنەیەك لالێویان دەگرێت، ئایـا دەتوانیـت ئەو زەردەخەنەیە لە زەردەخەنەیـەکی تـر جـودا بکەیتـەوە، کـە لـە دڵخۆشی‌و خۆشەویستییەوە هەڵقوڵابێت.

٣. دەڵێن لە کاتی سەرنەکەوتنیشدا هەر دەبێت پێبکەنین، ئایا تۆ ئـەم قسەیە بە ڕاست دەزانیت؟ پێکەنینی مرۆڤـی سـەرنەکەوتوو سـودی چییە؟

٤. دەبێت بە چ شـێوەیەك بـەدەم کـاری گـران‌و گـیرو گرفتەکانمانـەوە بچین؟

زانست شتی سەیر دەدۆزێتەوە

زانست هەموو ڕۆژێك شتی نوێ دەدۆزێتەوە، دەگەڕێتو دەپشکنێتو ورد دەبێتەوە شتی وامان پیشاندەدات سەرمان سوڕدەمێنێت، شتی وا کە هەر نەمان بیستبوو یان بە هەڵە بۆی چووبووین، ئەم شتانە زۆرن گەلێك جۆرن ئێمە هەندێکی دەخەینە پێش چاو.

ڕووەك هەیە مۆسیقای بۆ لێبدەیت هەڵدەپەڕێت:

دوو زانای هیندی دکتۆر (سنگ)و دکتۆر (پانیاها)، ئەمەیان دۆزییەوە، هەموو بەیانییەك بۆ ماوەی بیستو پێنجو دەقیقە مۆسیقایان بۆ هەندێك ڕووەك لێدەداو لەگەڵ مۆسیقا لێدانەکەشدا سەیری پرۆتۆپلازمی ناو سێلی ئەو ڕووەکانەیان دەکرد. سەیریانکرد تا مۆسیقاکە لێبدرێت ئەو پرۆتۆپلازمە خێراتر دەجوڵێتەوە مۆسیقا نەما پرۆتۆپلازمەکە وەکو خۆی لێدێتەوە.

ئەو ڕووەکەی تاقییان دەکردەوە پێیدەڵێن (مومـوزا) دووان لەو مومۆزانەیان لەیەك ڕۆژدا ڕواند خاکی هەردووکیان وەك یەك بوو، وەك یەکیش خزمەت دەکران، بەڵام ئەوەندە لەیەك دووربوون، کە مۆسیقایان بۆ یەکێکیان لێدەدا، دەنگەکە نەدەگەیشتە ئەوەکەی تریان، لە دواییدا کە ڕوانو گەورە بوون، سەیریانکرد ئەوەیان، کە مۆسیقاکەیان بۆ لێدابوو، ئەوەندەو نیوی ئەوەیان، کە مۆسیقای بۆ لێنەدراوە درێژ بووە.

به ڕووەکدا دەزانین ژێر زەمین چ کانزادێکی تیادایە گیایەك هەیە پێیدەڵێن (ئەفسنتین) ئەمە ئەوەیە، کە (ئیبنول بەیتار) ناوی نابوو (دەمەسیسە) ئەمە لە هەر ناوچەیەکدا بڕوایە، مانای وابوو ئەو ناوچەیە (مەنگەنیز)ی تێدایە، هەندێك ڕووەکی تر هەن لەهەر شوێنێکدا بڕوێن، مانای ئەوەیە ئەو شوێنە ئاسنی هەیە.

دەستەیەك لە جیۆلۆجییەکانی کازاخستانی وڵاتی سۆڤێت، شوێنێکیان دۆزییەوە پڕ بوو لە گوڵە وەنەوشە، وای بۆ چوون، کە ئەو شوێنە نەوتی ببێت، دوای ئەوە دەستیانکرد بە گەڕانو زەوی هەڵکەندن، لە ئەنجامدا بۆیاندەرکەوت، کە بۆچوونەکەیان ڕاستەو نەوتیان دۆزییەوە.

وە نەبێت ئەم دۆزینەوەیە شتێکی ڕێکەوت بێت، چونکە ئەوی ڕاستی بێت، لە نێوانی ڕووەكو کانزادی ئەو خاکەدا، کە ڕووەکەکەی تێدایە، پەیوەندییەکی گەورە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ڕووەك بۆ نەشونماو گەورەبوون پێویستیی بە کانزادە، ئەگەر ئەو کانزادە پێویستە لە خاکی ڕووەکەکەدا ببێت، ئەوا ئەو ڕووەکە باش دێتە بەرهەمو جوان دەبێتو سەرنج ڕادەکێشێت.

زیندەوەر یارمەتی یەکتر دەدەن:

ئەوەی تا ئێستا سەرنجمان داوە ئەوەیە، کە زیندەوەر پەلاماری یەکتر دەدەنو یەکتر ونجرونجر دەکەن، بەڵام ئەوەی زاناکان دۆزیویانەتەوە پێچەوانەوەی ئەم سەرنجەی ئێمەیەو مەرج نییە هەموو

زیندەوەر وابێت، ئەو زانایانە دەڵێن هەندێك زیندەوەر هەن لە ژیانو گوزەراندا یارمەتیی یەکتر دەدەن، بۆ نمونە دەڵێن باڵدارێکی بچوك هەیە کاتێك کە نەهەنگ لمۆزی لەئاو دەردێنێت ددانەکانی جیردەکاتەوە، ئەم باڵدارە بچوکەیە دێت بە دەنووك بەردەبێتە ئەو خۆراکەی لەنێوان ددانەکانی نەهەنگەکەدایەو دەیخوات، بەم کارە خۆی تێردەکاتو ددانەکانی نەهەنگیش پاکوخاوێن دەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەم باڵدارە ئەم کارەی پێ خۆشەو نەهەنگەکەش ڕازییە، بۆیە تەواو ددانەکانی بۆ جیردەکاتەوەو نقەی بۆ ناکات تا باڵدارەکە لەکاری خۆی دەبێتەوە.

زاناکان لەم دواییەدا جۆرە پێکەوەژیانێکی بەخۆشیو ئاشتییان لەنێوان دوو جۆر زیندەوەری جیاوازدا دۆزییەوە، یەکەمیان مێرووولەیە، کە پەلاماری چرۆ زەبەندەکانی ئەمریکای ناوەند دەداتو چیی بەر چنگ بکەوێت دەیخواتو دەیماشێتەوە، جۆرەکەی تریان باڵدارێکە، کە لەپێش ئەو جۆرە مێرووولەیەدا پەلاماری ئەو ناوە دەداتو جرو جانەوەری دەخوات، بەڵام سەیر ئەوەیە دەست بۆ ئەو جۆرە مێرووولەیە نابات ئەگەرچی تا بڵێیت بۆ ئەو باڵدارە خۆراکێکی نایابە. هەروەها ئەو مێرووولەیە بەلای ئەو باڵدارەدا ناچێتو هەقی نییە بەسەرییەوە لەگەڵ ئەوەشدا، کە پەلاماری هەموو زیندەوەرێك دەداتو هەموویان پەریشان دەکات.

چاو لە ئاسماندا:

مانگە دەستکردەکان چاوی دەستکردی هەستداریان پێوەیە، ئەم مانگە دەستکردانە بەهۆی ئەو چاوانەوە دەتوانن وێنەی هەموو شتێك لەسەر زەوی بگرن، هەرچییەك هەبێت لەسەر زەوی لە سوپاو لە فڕۆکەخانەو شوێنی موشەك تەقاندنو وێنەی هەموویان دەگرێت.

ئەوە شتێکی دیارە، کە زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، هەروەها مانگە دەستکردەکانیش بە دەوری زەویدا دەسوڕێنەوە، لەبەر ئەوە ئەم مانگە لەیەك شوێندا نینو بە هەموو شوێنێکی زەویدا تێپەڕ دەکەن ئەو چاوە دەستکردانەی بەو مانگانەوەن وێنەی هەموو شتێکی سەر زەوی دەگرن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەو وێنانە لەوێوە دەنێرن بۆ ئەو زانایانەی لەسەر ڕووی زەوییەوە سەرنجیان لێدەدەنو چاودێریان دەکەن.

لە کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی،

پۆلی دووەمی بنەڕەتییەوە وەرگیراوە

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پشکنین	:	لێگەڕمان
وەنەوشە	:	بە نەفش
کانزاد	:	مەعدەن
نەهەنگ	:	حوت

گفتوگۆ:

١. بە چ تاقیکردنەوەیەك زانرا هەندێك جۆری ڕووەك بە مۆسیقا نەشونمادەکەن؟

٢. چۆن بە هەندێك ڕووەکدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو خاکەی ڕووەکەکەی تیادا نێژراوە، چ جۆرە کانزادێکی تێدایە؟

٣. ئایا دەتوانیت یەك دوو نمونە لە یارمەتیو پێکەوە ژیانو گوزەرانی زیندەوار بهێنێتەوە؟

٤. هەندێك سودی مانگی دەستکردمان بۆ باس بکە؟

مۆسیقا

ئـەی مۆسـیقا پـێم نالـێیـت تـۆ چـیت؟ تـۆ سـروودی سروشـتـی یـان بەستەی گەردوونی؟ من نـازانم تـۆ چـیت، هـەر ئەوەنـدە دەزانم ئاوازێـك دەڕژێتە گوێمەوەو یەکسەر بە هەموو ئەندامەکانی لەشمدا دەگـەڕێت لـە تـەوقی سـەرمەوە دەست پێـدەکاتو لـە کەڵەموستی پێمـەوە دەچـێتە دەرەوە، ئاوازێك بـە گوێمـدا دەدەیـت دەمـارم لـە خۆشـیدا سـڕدەکاتو دەمخاتە سەر شەپۆلی تەزووی خـۆش خـۆش. بەخـەیاڵی خـۆم لـە تاڵـە ناسکەکانی ئەو ئاوازە قالیچـەیەك دەچـنم تـانوپۆی هـەموو سۆزو لـەرە بێـت ئینجـا هـەر بـە خـەیاڵ سـواری ئـەو قالیچـەیە دەبمو دەمبـاتو دەمبات...

ئەی مۆسیقا تۆ جریوەو جوکەی بولبولی، کە گیان دەسمێـتو خـوێن دەمژێت[1]. یان هاوارو هـاژەی کـەف چـوڕینی چـەمیت کـە لای لایـەی[2]. خەمە بۆ تـەنیایی شەو.

---

(١) گۆران لە (بۆ بولبول) دا دەڵێت:

چۆن توخوا چۆن ئەی بولبول

ئەی باڵداری بەهرە زل

ئەو گەروو بچکۆلانە

ئەو نەغمە بەرزو جوانە

چۆن دێتەدەر، چۆن ئەرژێ

وا گیان ئەسمێ، خوێن ئەمژێ

(٢) گۆران لە گەشتی هەوراماندا دەڵێت:

هاوارو هاژەی کەف چورینی چەم   بۆ تەنیایی شەو، لایە لایەی خەم

ئەی مۆسیقا: تۆ ئەو لای لایەیت، کە دایك بۆ کۆرپە ساواکەی دەکات یا لاواندنەوەی کیژۆڵەیەکیت لەسەر گۆڕی کاکی کوژراوی؟ تۆ ئەو دەنگەیت کە لە تکەی دڵۆپە ئاوەوە بەرزدەبێتەوە یان ئەو نوزەیەی کە سنگی مرۆڤی بە ئاستەم نوزەتیاماوەوە دێیتە دەرەوە؟ تۆ هۆرەی جافیت یا لاوكو حەیرانی؟ تۆ تەوژمی بەستەی حەسەن زیرەکیت یان سۆزی خالقیت؟ بۆ دەنگی تاق تاق کەرەیت یان قاسپە قاسپی کەویت؟ تۆ دەهۆڵو زورنای ڕۆژی جەژنی نەورۆزیت یان سۆزی شمشماڵەکەی دەروێش عەبدوڵایت[1]؟ تۆ زەردەخەنەی منداڵیت یان تریقەی پێکەنینی خێزانێکی بەختیاریت؟ تۆ شەقەی داری کێو کەژەکانیت یان هۆهۆی جوتیاری پێدەشتەکانیت؟ دە پێم بڵێ ئەی مۆسیقا تۆ چیت؟ تۆ چیت؟

دەڵێن ڕۆژێك کاکەی شوان ڕانە مەڕەکەی برد بۆ لەوەڕ، لەو سەرەوە درەنگی لێکردو شەو داهات، ناچار بوو لە دۆڵێکدا لای جۆگەو ئاوێك، کە خوارەکەی قامیشەڵان بوو مەڕەکەی مۆڵداو خۆشی لەولاوە پاڵی لێدایەوە، گوێی هەڵخست دنیای زۆر کپو بێدەنگ هاتە بەرچاو، ئەوەندەی پێنەچوو شنەبایەکی خۆش لەسەردا هاتو بەناو دۆڵەکەدا کشاو چوو بە گەرووی قامیشەکانداو ئاوازێکی سەیری لێبەرزبووەوە، کاکەی شوان بە دڵ حەزی دەکرد گوێی لێبگرێت، بۆیە بۆ بەیانی

(١)درەوێش عەبدوڵا شمشاڵ ژەنێکی هەڵکەوتوو بوو، گۆرانی شاعیر شیعرێکی بۆ وتووە دەڵێت:

بە ڕەنگی زەردو شێوەی دەستو کزا، دەروێش

حەزمکرد بەستەیەك ببەم سەراسەر حوزنو ماتەم بێ

لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرت کێش

وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ...

بەرزبووووەوە، کاکەی شوان بە دڵ حەزی دەکرد گوێی لێبگرێت، بۆیە بەیانی هەستا چوو قامیشێکی بڕیو چەند کونێکی تێکردو فوی پیادەکرد، ئەوە یەکەم ئالەتی مۆسیقا بوو.

ئەی مۆسیقا تۆ دڵی ڕەق نەرم دەکەیت، دڕندە ماڵیدەکەیتو بێچووەکانی دەهێنێتە هەڵپەرکێو سەما، مار کە گوێی لە دەنگی تۆ بێتو ملی قووت دەکاتەوەو خۆی دەلەنجێنێت.

ئەی مۆسیقا تۆ چیت؟ تۆ گڤەی بارەشی شەوانی تۆفی زستانی کوێستانەکانیت یان سروەی بای هاوینی گەرمیانیت، تۆ گیزەی گوللەی ئازادی خواهانی یان ترپەی پێی کوڕ کاڵانی، ئەی مۆسیقا تۆ هەموو ئەمانەو لەمانەش گەلێك زیاتریت.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتا
قاڵیچە	:	مافورك
دەسمێت	:	دەسمت
ئاوارە	:	دەربەدەر، پەناهەندە.
تەوژم	:	گوڕ
تاق تاق کەرە	:	جۆرە باڵدارێکە لە شەودا خەوتن لە هەناسەدانەوەدا دەنگێك دەردەبڕێت کە وەك (تاق تاق) وایە
قامیشەڵان	:	ئەو شوێنەیە کە لەڤەنی لێ شیندەبێت.

گفتوگۆ:

١. هیچ کاتێك مۆسیقا کاری تێکردوویت؟

٢. چ دەنگێك لە ژیانتا وەك مۆسیقاو ئاوازی خۆش وابووە بەلاتەوە.

٣. یەکەم ئالەتی مۆسیقا چۆن دۆزراوەتەوە؟

٤. بۆچی میسریەکان نەقشی ئالەتی مۆسیقایان لەسەر دیوار هەڵکەندووە؟

چۆن دەخوێنیتەوەو چی دەخوێنیتەوە؟

هیوادارین ئێستا بە تەواوی فێری ئەوە بوویێت، کە بێدەنگ بخوێنێتەوەو دیسان هیوادارین کە فێری ئەو نەریتە نەبوویێت، کە لێوت بجوڵێنیت لە کاتی خوێندنەوەداو ورتەورتی بۆ بکەیت، چونکە بەڕاستی نەریتێکی خراپەو هەرچی زەوق هەیە تێیدا نییە، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەبێتە کۆسپ لە ڕێگای خوێندنەوەی خێراداو دواتدەخات، کەوابوو تۆ ئێستا هەر بەچاو دەخوێنیتەوە، وشە بە وشە ناخوێنیتەوە بەڵکو برگە بە برگە دەخوێنیتەوەو هیچ ناوەستی مەگەر لە برگەیەکدا کە باش تێینەگەیت. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بەڕاستی خوێندنەوەی خوێندەواران‌و تێگەیشتووانە، چونکە ئەگەر وانەکەن لەبەر ئیش‌و کاری زۆریان، فریانەکەون ئەوەی دەیانەوێت بیخوێننەوە.

بەڕاستی خوێندنەوە خۆشی‌و چێژی زۆرە چونکە خوێندنەوە دەرگای شارەزایی وامان بۆ دەخاتە سەر گازی پشت، کە لەوەو پێش نەک هەر بیرمان لێنەکردۆتەوە بەڵکو بە خەیاڵیشماندا نەهاتووە. خوێندنەوە یەک جۆر نییە، هەیە چیرۆک‌و ڕازە، هەیە شیعری ڕازاوەو کاریگەرە، هەیە لە بیروباوەر دەدوێت، هەیە باسی مێژوو دەکات‌و دەدەوێت، دیسانەوە کتێب هەیە باسی میللەتانی جیهان دەکات، کە خوێندومانەوە تێدەگەین، کە لە جیهاندا هەر ئێمە نین بەڵکو گەلێك میللەت هەیەو هەر یەکەش وەك ئێمە ئاوات‌و ئامانجی خۆی هەیە.

جیهانی خوێندنـەوەو کتێـب جیهـانێکی فـراوانو بـێ سنورە. تـۆ لـە خوێندنەوەدا پێویستیت بە یارمەتی هاوڕێکانت هەیـە بـۆ ئـەوەی کتێبـی باشت بۆ هەڵبژێریت بۆ خوێندنەوە، هاوڕێکانت زۆریان پێخۆشـە کـە لـەم بارەیەوە یارمەتیت بدەن، دیارە تۆش پێت خۆشە، کە یارمـەتیی ئـەوان بدەیت. بەڵام کە وردەوردە لـە خوێندنـەوەدا پێشـکەوتیت ئـیتر هـەر لـە خۆتــەوە ســەیردەکەیت، کــە پێویســتیت بــە کــەس نییــە کتێبــت بــۆ هەڵبژێرێت بۆ خوێندنەوەی، چونکە خۆت ئەو نووسەرانە دەناسـیت، کـە نووسینەکانت بە دڵە.

مرۆڤــی خوێنــدەوار هــەموو جــۆرە کتێبێــك دەخوێنێتــەوە تەنانــەت ئەوانەش کە ناوەڕۆکەکانیان هیچو پوچ بـن، ئەگـەر گووتـت باشـە تـۆ چ سوودێکت وەرگرت لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ناوەرۆك پوچـە؟ یەکسـەر وەڵامت دەداتەوە، دەڵێت سوودی ئەوەم وەرگرت، کە تێگەیشـتم هـیچو پووچە؟

ئەوانەی کە کتێبی هەڵبژێراویان دەدەنـێ بـۆ خوێندنـەوە وەکـو ئـەو گـەدە نەخۆشـانە وان، کـە خواردەمـەنی هەڵبـژێراویان دەدەنـێ چـونکە گەدەی ساخو دروست هەموو جۆرە خواردنێك دەهاڕێتو هەرسـیدەکاتو شتە بە کەڵکەکانی بۆ لەش لێ هەڵدەگرێت هـەروەها خـاوەنی مێشـکێکی ڕونـاکیش هــەموو جــۆرە کتێبێــك دەخوێنێتــەوەو چــی بــە کــەڵك بێــت وەرپیدەگرێت.

ڕۆژێك لاوێکی تازە پێگەیشـتوو لـە (مـازنی)ی نووسـەری بـەناوبانگی عەرەبی پرسی، کە ڕێگای پیشانبدات بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە نووسـەرێکی

گەورەی وەکو ئەو، (مازنی)ی لە وەڵامدا وتی: (تەنیا یەك ڕێگا دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە بخوێنیتەوە).

ئەوانەی هەمیشە بەردەوام نەبن لە خوێندنەوەدا وردەوردە ڕێزو قەدریان لای خەڵك کەم دەبێتەوە، چونکە جیهانو زانستو ویژەو بیروباوەر هەمیشە لە گۆڕانو تازەبوونەوەدان. ئەوەی ئێستا بەڕاستی دەزانیت چەند ساڵێکی تر وا دەرناچێت، ئەگەر پێ بە پێی ئەم گۆڕانە نەڕۆیتو لە کاروانی پێشکەوتنو تازەبوونەوە دوابکەویت گاڵتەت پێدەکەن دەڵێن ئەمە مێشکی بەستوویەتیو هیچ وەرناگرێتو شان بەشانی پێشکەوتن ناڕوات. دیارە خوێندنەوەی کتێبو گۆڤاری نوێ باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی شان بەشانی پێشکەوتن بڕۆیتو دوانەکەویت. ڕەنگە بڵێیت من ئێستا لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیمو لە کوێ پێمدەکرێت لە ئێستاوە کتێبو گۆڤاری نوێ بخوێنمەوە، بەڵام با بەڕاستی پێت بڵێین ئەگەر ئێستا دەست پێنەکەیتو نەتوانیت، کە گەورە بوویتو چوویتە ساڵیشەوە هەر ناتوانیت.

لە کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی،

پۆلی دووەمی ناوەندییەوە وەرگیراوە

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

ورتەورت	:	منجە منج
کۆسپ	:	ئاستەنگ
چێژ	:	تام

گفتوگۆ:

١. بۆچی چێژ لە خوێندنەوە وەردەگرین؟

٢. (مازنی)ی چیی بەلاوە تازە پێگەیشتووەکە وت؟

٣. بۆچی ئەوانەی ناخوێننەوە، قەدرو ڕێزیان لای خەڵك نامێنێت؟

٤. چۆن دەتوانیت شان بەشانی پێشکەوتنو گۆڕانو تازەبوونەوە بڕۆین؟

٥. بۆچی وا باشە کە بەچاو بخوێنینەوە نەك بە لێو؟

ئەشکەوتی شانەدەر

کوردستان وڵاتێکی شاخاوی‌و سەختەو شاخەکانیشی گەلێك کون‌و کەلەبەرو دەربەندو ئەشکەوتی تیادایە، کە هەریەکەیان شایەتی ئەوەن، کە لە زۆر کۆنەوە لەم وڵاتەدا ئینسانی تێدا ژیاوەو پەناوی بۆ ئەو ئەشکەوت‌و کەلەبەرانە بردووە، لەوانە ئەشکەوتی (هەزارمێرد) نزیك سولەیمانی‌و ئەشکەوتی شانەدەر یا شانیدەر لە برادۆست‌و گەلێکی تر.

دێی شانەدەر، کە لە دەشتێکی تەسکی زورگاوی دایەو (٢٦)کم لە پردی خەلانی سەر زێی خەلان کە لقێکە لە زێی گەورەو (٤٣)کم لە شارۆچکەی خەلیفانەوە دوورە ئەشکەوتی بەناوبانگی (شانەدەر)ی[1]. لێیە لە قەد شاخی (برادۆست) کە (٢١٠٠) پێ لە ڕووی دەریاوە بەرزە. لەبەر سەختی شوێنەکەی تا ئێستا ڕێگای ئوتۆمبێلی نییە، بەڵام مرۆڤ بە پێ یا بە وڵاخ بە (٤٠) دەقیقە لە بنی شاخەکەوە دەگاتە ئەشکەوتەکە، کە (٩٠٠)پێ بەرزە.

دەمی ئەشکەوتەکە بەرەو باشوورە، لەبەر ئەوە هەتاو دەیگرێتەوە بە تایبەتی لە زستاندا، شوێنەکەی‌و بوونی ئاو تیایداو نزیکیی لە ڕوبارو زێوە وای لێکردووە، کە لە سوورە بەردینەکانی کۆنەوە شوێنی ئینسانی کۆن بێت‌و تێدا ژیابێت. ئەم ئەشکەوتە گەورەترین ئەشکەوتە، کە لە ژووری وڵاتدا. ئەشکەوتەکە شێوەیەکی سێ سوچی هەیە پانی دەمەکەی

(١) مامۆستای بەڕێز تکایە سەیری لاپەرەی (٢١) گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی ژمارە (٣، ٤)ی ساڵی (١٩٧١) بکە.

(٨٢) پێیەو بەرزیشی (٢٦) پێیە، لە ناوەوە پانییەکەی دەگاتـە (١٧٥) پێ، لە ناوەراستیدا بەرزییەکەی دەگاتـە (٤٥) پـێو نزیکـەی (١٣٠) پـێ قوڵـەو تـەواو دەبێـت، ئەگـەر چـی لـەم دواییـەدا لـە سـاڵی(١٩٦٠) ز دەرکەوت، کە دوای ئـەو قوڵییـەی شـوێن دەمێکـی داخـراو هەیـە، بـەڵام هێشتا دەربارەی ئەمـە پشـکنینی تـەواو نـەکراوە. سـەرەتای پشـکنین‌و گـەڕان لـەم ئەشـکەوتەدا لـە سـاڵی(١٩٥١)ز بـۆ ماوەیـەکی کـەم لەلایـەن بەڕێوەبـەری گشـتی دێرینـەوە دەسـتیپێکرد، دوای ئەمـە (ئامۆژگایـەکی ئـەمریکایی) بـە سـەرۆکایەتی (ڕاڵـف سـەلیکی) بەشـێوەیەکی پچڕپچـڕ دەستیکرد بە گەڕان‌و پشکنین، لە ئەنجامی لێکۆڵینـەوەی خـاکی زەوی ئەشـکەوتەکە بۆیـان دەرکـەوت، کـە لـەم ئەشـکەوتەدا لـە زۆر کۆنـەوە مرۆڤـی تێـدا ژیـاوە، چـونکە ئـەو بـەردو کەلوپـەل‌و ئێسـک‌و چلۆچـێوی مرۆڤانەی لەوێدا دۆزرایـەوەو بـە پێـی چینی زەوییەکـە، کـە کردیـان بـە چوار بەشەوە دەرکەوت، کە لەبەشی یەکەمـدا دۆزراوەکـان دەگەڕێنـەوە بۆ (٧٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا، لەبەشی دووەمدا بۆ (١٢٠٠٠) ساڵ و لە ژێر چینی دووەمدا بۆ (١٧٠٠٠) ساڵ مرۆڤی تێدا نـەژیاوە و لـە (٢٩٠٠٠) سـاڵ تا (٣٤٠٠٠) ساڵ، کە سێیەم چینە خۆڵەمیش‌و کەلوپـەلی بـەردینی وەکـو هینی دەوری بەردینی زۆر کۆن وایە، کە پێیدەڵێن (ئۆرکینشـی)و چـینی چوارەم بۆ (٤٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠) ساڵ پەیکەری ئێسکی مرۆڤی کە بە مرۆڤی (نیاندرتاڵ) بەناوبانگە دۆزرایەوە لەگەڵ پەیکـەری ئێسـکی منـداڵێك، کـە هـی نیاندرتاڵـە، ئـەم جـۆرە ئینسـانە زۆر جیایـە لـە ئینسـانی سـوڕە نزیکـەکان، وێنـەی کـۆنترین ئینسـانە، کـە لەعیراقـدا تـا ئێسـتا

دۆزراوەتەوە، جگە لەمانە گەلێك گژوگیاو ڕووەكو گوڵی ئەو دەورانەی تیادا دۆزرایەوە، کە زۆریان تا ئێستا لەسەر شاخەکانی زاگرۆسی کوردستان هەنو سەوز دەبن.

کەواتە دەبێت بزانین کە ئەشکەوتی شانەدەر پارێزگاری پاشماوەو پەیکەری هەر کۆنترین مرۆڤە، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لە زۆر کۆنەوە وڵاتی کوردستان ژیانو مرۆڤی تێدا بووەو پەنای بۆ شاخو ئەشکەوتەکانی بردووە، کەواتە تۆش بەڕێزەوە تەماشای بکە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	:	واتاکەی
ئەشکەوت	:	ئەشکەفت
دەربەند	:	گەلی
تەسك	:	تەنگ
زورگاوی	:	دەشتێکی پڕ لەبەرزیو نزمیو گردو تەپۆلکە
باشوور	:	خواروو
سور	:	دەور، چاخ
سێ سووچ	:	سێگۆشە
پشکنین	:	گەڕانو جستوجۆ
ئامۆژگا	:	خوێندنگە، پەیمانگە
پچڕ پچڕ	:	متقطع
پەیکەری ئێسك	:	هێسکە پەیکەر
بەردین	:	بەردی

گفتوگۆ:

١. بۆچی ئینسانی کۆن خۆی بۆ ئەشکەوت کوتاوە؟

٢. ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە کێوە؟

٣. ئەو شتانەی لە شانەدەر دۆزراونەتەوە چین؟ وە چی دەردەخەن؟

٤. ئینسانی (نیاندرتاڵ) چ جۆرە ئینسانێك بووە؟ لە کوێ دۆزراوەتەوە؟

٥. ناوی چەند ئەشکەوتێك بڵێ، کە لە وڵاتەکەتا هەیە؟

ئەدیسۆن
١٨٤٧- ١٩٣١ز

ئـەم نـاوداره لـە سـاڵی ١٨٤٧- ١٩٣١ز لـە وڵاتـە یـەكگرتووەكانی ئەمریكادا لە شاری (میلان ئۆهایۆ) هاتۆتـە دنیـاوه بـاوك‌و دایكـی هـەژار بوون، خۆشی مرۆڤێكی لاوازو پەرپووت بووه، لـە خوێندنـدا زۆر بێكـەڵك بووه، تەنانەت ڕۆژێك مامۆستاكەی گەیشـتە تینـی پێـی دەڵێـت: (نـازانم باوك‌و دایكی تۆ چییان لە تۆدا بینیوه وا تۆیان خسـتۆتە بـەر خوێنـدن‌و هیچـیش فێرنابیـت). ئـەم قسـەیە زۆر كـار لـە ئەدیسـۆن دەكـات و دەگەڕێتەوه بـۆ لای دایكـی‌و قسـەكەی بـۆ دەگێڕێتـەوه، دایكیشـی دڵـی دەداتـەوەو دڵنـەوایی دەكـات‌و بـە دڵ بـە تـەواوی دەسـتدەداتە بـاڵی كوڕەكەی، لە سایەی دایكییەوه بوو بە ئەدیسۆن، كە لە هـەموو جیهانـدا ناوی دەركرد، هەر لەبەر ئەمە بوو كە سـەروبنی زمـانی گشـت ئـەوەبوو، كە دەیگووت (دایكم منی پێگەیاندووه).

لە تەمەنی یازده ساڵیدا دەستی دایە كیمیاگـەری، لـەم سـەردەمەیدا دەستكورتی تەنگی پێهەڵچنی بـە بـاوك‌و دایكـی گـوت، كـە ڕێیبـدەن بۆ ئەوەی ئیشـبكات، ئەوانیش ڕێیاندا، ئینجا دەستیكرد بە ڕۆژنامـەو میـوه فرۆشتن، لێرەدا تۆزێ بوژایەوەو لە دەست هەژاری كەمێك ڕزگاربوو.

جارێـك كـوڕێكی كـارگوزاری شـەمەندەفەر لەوانـەبوو ببێـت بـەژێر شەمەندەفەرەكەوه، ئەدیسۆن ڕزگـاریكرد، بـاوكی كوڕەكـە لـە پاداشـتی ئـەم ئیشـەدا ئەدیسـۆنی فێـری تـەلگراف كـرد. ئەدیسـۆن لـە ژوورێكـی شـەمەندەفەرەكەدا خـەریكی كیمیاگـەری دەبێـت، شوشـە فسـفۆرێك

دەکەوێت‌و ژوورەکە دەسووتێت، چاودێری شەمەندەفەرەکە زللەیەك دەکێشێت بە بنا گوێیدا، لە ئەنجامی ئەوەوە ئەدیسۆن تا ما هەر کەڕبوو.

لە شازدە ساڵیدا لە تەلگرافخانەی (ستراتفۆرد) دامەزرا بە مانگانەیەکی کەم، لێرە بەدواوە بە ڕۆژ بە کیمیاگەری‌و بەشەو بە ئیشی تەلگرافەوە خەریك دەبوو، بەڵام لە ئیشی تەلگرافخانەیەکدا هەر چەندە گەلێك خزمەتی شایانی پێشاندا لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەر ئیشەکەی نەیان هێشت‌و دەریانکرد، لە تەمەنی بیست‌و یەك ساڵیدا داهێنراوێکی تری داهێنا، لە بیست‌و دوو ساڵیدا لە شاری (نیویۆرك) دەستکورتی بە تەواوی شپرزەیکرد بە ناچاری چووە لای (میستەرلو) بۆ نان پەیداکردن، ئەم میستەر لوە سەرۆکی ئەو هاوبەشییە بوو، کە دەنگوباسی نرخی بەسەر بازرگان‌و گەورەکاندا بڵاودەکردەوە، هاوبەشی لە پاداشی ئەو چاکەیەدا مانگانەکەی بۆ کرد بە شەست لیرە، ئیتر لێرە بە دوواوە ئەدیسۆن کە کاروباری ڕوویکردە چاکە بە تەواوی چووە ژێر ئەرکی داهێنانەوە، داهێنراوەکانی ئەدیسۆن زۆر زۆرن بەڵام بە کەڵکترینی هەموویان (چرای ئەلەکتریك، بزوێنەری ئەلەکتریك، سینەماو گرامافۆن)ن.

ئەم پیاوە پایە بەرزە لەماوەی (٨٤) ساڵی تەمەنیدا گەلێك خزمەتی بەرز بەرزی بەرانبەر بەمرۆڤایەتی نواند، ژیانی ئادەمیزادی سەردەمی خۆی‌و دوای خۆی بەهۆی بەرهەمە داهێنراوەکانیەوە لە تاریکییەوە گەیاندە ڕوناکی، بەهۆی ڕەوشتە جوانەکەی‌و بەهۆی داهێنراوە

جوانەکانییەوە بوو بە یەکێك لە گەورە پیاوانی سەردەمی خۆیو دوای خۆی.

چەند خۆش بوو بۆگێتی ئەو دەمە، کە لە تەمەنی هەشتا ساڵی ئەدیسۆندا سێ سەد کەس لە زاناو داهێنەرانی ئەوروپاو ئەمریکا لەماڵی ئەودا کۆبوونەوە بۆ ئاهەنگێرانی جەژنی لەدایکبوونی، کەچی هەر لەو کاتەدا، وەکو منداڵێکی ساوا دەستیکرد بە پێکەنینو میوانی بەجێهێشتو ڕایکردەوە بۆ ناو کارگەکەی خۆی. زۆر دڵی بەو سوپاسنامەیە خۆش بوو، کە (تۆلستۆی) بۆی نارد، کاتێك کە گرامافۆنی داهێنا، دانەیەکی بەناوی دیارییەوە بۆ تۆلستۆی نارد سەیرتر ئەوەبوو ئەدیسۆن لەگەڵ ئەم هەموو زرنگیو ئازایەتییەدا سەری لە پولو پارەو ژماردنو شتی دیکەدا دەرنەدەچوو... لە گوزەرانو ڕابواردندا شلو شێواو و کەمتەرخەم بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە کارگەو خانوەکەی بەدەم یەکەوە بوون گەلێك جاری وا هەبوو، چەند شەو و چەند ڕۆژ نەدەچووە ماڵەوە؟ کە کۆچی دوایکرد لەسەرتا سەری وڵاتی ئەمریکا دا، تا چەند تاوێك گشت چرا ئەلەکتریکەکان کوژێنرانەوە، ئەمەش لەبەر نەمری ئەدیسۆن بوو، ئەو ئەدیسۆنە، کە بەهۆی داهێنراوەکانیەوە چرای ناوی خۆی ڕوناککردەوە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
ناودار	:	ب ناڤ و دەنگ
هاتۆتە دنیاوە	:	لەدایکبووە
هەژار	:	خەزان، ژار، ڕەبەن
مرۆڤ	:	ئادەمیزاد
لاواز	:	بێهێز
پەرپوت	:	بێکەڵك، هەژار
فێرنابێت	:	هیم نابەت، نا عەلمێت
دەگەڕێتەوە	:	درڤرێ، ڤەدگەڕێ
دڵیدەداتەوە	:	دڵخۆشیدەداتەوە، دڵنەوایدەکات،
دەستکورتی	:	هەژاری
تەنگی پێهەڵچنی	:	هاتەسەری، تەنگاویکرد
میوە	:	فێکی، فێقی
بوژایەوە	:	ژیایەوە
شایان	:	هێژا
پەکی کەوت	:	لەپەلو پۆ کەوت، توانای نەما
منداڵی ساوا	:	بچوکێد ساڤا

گفتوگۆ:

١. چی دەربارەی ژیانی (ئەدیسۆن) فێربوویت؟

٢. ناوی چەند داهێنانو داهێنەری تر بنووسە.

٣. لە چیرۆکی ژیانی ئەدیسۆن چی فێربوویتو چ پەندێکت وەرگرت؟

٤. دۆزینەوەی هێزی ئەلەکتریك (کارەبا)ی چی داهێنانی تری لەدوا هات؟

یەکی ئایار

گۆرانییەکی کوردی هەیە دەڵێت (بەهار مانگی نیسانە) هەر ئەو سترانە کوردییە لە بەهارو نیساندا باسی گوڵو گوڵزارو مێرغوزار دەکات. هەر بەدوای نیسان با بڵێین لە مایسدا دیسان باسی خۆشیو گوڵو سەیران دەکرێت، بەڵکو لە ڕۆژانی دوایی نیساندا هەموو شارێکی سەر ئەم زەمینە خۆی بۆ ڕۆژی یەکی مایس ئامادەدەکات.

ئێستا یەکی مایس لە هەموو جیهاندا جەژنە، شاییە، خۆشییە، میهرەجانی هەمە ڕەنگە، جەژنی کرێکارانی جیهانە جەژنی هەموو کەسو دەستەو چینانەی کۆمەڵە، کە باوەڕیان بە چینی کرێکار هەیە، ئەو چینە بە توانا، بازووهەڵکراوە بە ڕابەڕی گەلان دەزانن، کاروانی خەباتو ژیانو بنیادنانی دوارۆژی پڕ لە شادومانیو بەختیاریو پێشکەوتنو شارستانیەتی مرۆڤایەتین.

بەڵام چۆن یەکی ئایار بووە بە جەژنی کرێکارانی جیهان؟

کە دێینە سەر ئەم باسە دەبێت چیرۆکێکی مێژوویی پڕخوێنی چینی کرێکاری بگێڕینەوە. چیرۆکی ئەم کارەساتەی بوو بە شادی، ئەو شینو ماتەمەی بە جەژن، ئەو زوڵمو خوێن ڕشتنەی شەفەقێکی نوێی ئازادیو سەرکەوتنو خەباتی لێ هاتە ئارا.

لە ساڵی (١٨٨٦)ی زاینیدا لە شاری (شیکاگۆ) لە ئەمریکا کرێکارانی کارگەی (میکرنیك) بڕیاریاندا مانبگرنو ئیش نەکەنو بەو ڕێگەیەدا داوای بەشێك لە هەقی زەوتکراوی خۆیان بکەن. داوای زیادکردنی کرێو باشکردنی شێوەی ژیانو شوێنی ئیشکردنی خۆیان

دەکرد. سەرمایەدارە مفتخۆرە- خوێنمژە- ڕەنجخۆرەکان، ئەمەیان بەدڵ نەبوو، نەیاندەویست دان بە مافی کرێکاران دابنێن، دەست لە بەشێك لەو قازانجەی خۆیان هەڵگرن، کە هەمووی بەری ڕەنجی کریکارەو هەقی کرێکارەو ئەوان دەیخۆن.

کاتێك کە سەرمایەدار بە گورزو گوللەو ئاسنو بەندیخانە بەربەستی خەباتی کرێکارانی پێناکرێت، پەنا دەباتە بەر فرۆفێڵ. هەر بەم جۆرە، نا پیاوانە لەگەڵ کرێکارانی شیکاگۆدا جوڵانەوە، بە فێڵ بانگیانکردن بۆ وتووێژ، هەر لەو شوێنەدا، کە کرێکاریان تیا کۆکردبووەوە. بەکرێگیراوێکی خۆیان هێنابوو. بەرگی کرێکاریان کردبووە بەر ئەو بەکرێگیراوە، دەستی لەو پۆلیسانە کردەوە کە وەستابوون، دەمانچەیەکی نا بۆ پۆلیسێکەوە، بەمە بیانوو کەوتە دەست پۆلیس، بۆ ئەوەی تەقە لە کرێکاران بکەن، گەلێکیان لێبکوژنو لەدوایدا گەلێکیشیان لێبکەن بە داراو مان وگرتنو خەباتی کرێکارانیش بەدناو بکەن. بەڵام زۆری نەخایاند، کە ڕاستی دەرکەوت، دەستی سەرمایەداران کەوتەڕوو، فروفێڵی ئەوان خۆیان بوو.

دادگای پڕدادی مرۆڤایەتی ئەوانی تاوانبار کردو کرێکارانی شیکاگۆی بە بێ تاوان دانا. ئیتر هەر لەو کاتەوە کۆنگرەیەکی کرێکاران داوایکرد، کە هەموو کرێکارانی جیهان ڕۆژی یەکی مایس بە ڕۆژی خۆیان بزانن، ڕۆژی خەباتی کرێکار، ڕۆژی دەرکەوتنی هەقی کرێکارو پاکیو سەر ڕاستی چینی کرێکار، ئەو ڕۆژەی بە خوێنی پاکی، بە ناهەق ڕژاوی

کرێکـارانی شـیکاگۆ ڕاسـتییەك لـە ڕاسـتییەکانی ئـەم سـەردەمەی تێدادەرکەوت، ڕاستیی مافـو کۆڵنەدانو ڕابەرایی چینی کرێکار.

بەدوای کرێکارانی ئەمەریکا زۆر وڵات، ئەم ڕۆژەیان بە جەژنی خۆیـان دانا ئەم ڕۆژەیان کرد بە نیشانە بـۆ یادکردنـەوەی شـەهیدانی شـیکاگۆ و هـەموو خەباتکـەرانی ئـەو چـینە ڕابـەرە. ئـەم ڕۆژە بـوو بـە نیشـانەی تێکۆشـانی کرێکـارانو هاوسـوێندەکانیان بـوو بـە جـەژنی سـەرکەوتنی کارگەرانو زەحمەت کێشان.

ڕۆژ دوای ڕۆژو ساڵ دوای سـاڵ لەگـەڵ سـەرکەوتنە تازەکـانی چـینی کرێکـار، وڵاتـانی تـازە ئـەم ڕۆژەیـان بـە جـەژن ناسـی و کردیـان بـە پشوودان، لـە وڵاتـی ئێمەشـدا دەمێکـە کرێکـاران یـەکی مـایس بـە ڕۆژو جەژنی خۆیان دەزانن. کاتێـك کـە ڕژێمـی کۆنەپەرستی پاشـایەتی بـاڵی ڕەشی بەسەر وڵاتدا کێشـابوو، کرێکـاران بەدزییـەوە ئاهـەنگی جـەژنیان دەگێڕا. بەڵام لە چواردەی تەمووزی(١٩٥٨)دا ئەو ڕژێمە سەرەو بن کـرا، یەکی مایس بـە جـەژن دانـراو کـرا بـە یـەکێك لـەو ڕۆژانـەی پشـوی تێـدا دەدرێت.

لـە یـەکی ئایـاردا کرێکـارانی عیراقـیش، ئاهـەنگ دەگێـڕن، جـەژن دەکەن، بازووی هەڵماڵراو پیشاندەدەنو نیشانەی یەکێتی ڕیـزو خـەباتی خۆیان دەردەخەن، یادی شەهیدانی کاروانی خـەباتیان دەکەنـەوە، بـەم چەشنە دەنگی ئایارو زەنگی کاروانی کارگەران گەیشتە خاکی ئێمەش،

هەروەك شاعیرێكی كورد دەڵێت:

هەر چەند دێوە ورگنەكان

بەری تەقەلاچنەكان

بە فێڵو فڕ

كوژانیانەوە كڵپەی ئاگر

بەڵام ڕۆژی ئایاری سوور

شەماڵ ناوی فڕان بۆ دوور

بوو بە چرا

ئایار بوو بە پشتو برا

كەواتە دەبێت ئێمەش لە ڕۆژی یەكی ئایاردا، هەموومان لەگەڵ چینی كرێكاری وڵاتەكەمان جەژن بكەینو ئاڵای خەباتی سەركەوتن هەڵبكەینو سرودی ئەو چینە ڕابەرەو ئەو ڕۆژە بەرزە بخوێنینەوە هەر لەگەڵ هەموو شاعیرانی شۆرشگێرو ئەو شاعیرەدا ببێژین:

بۆیە ئایار

نەك هەر دەرگای جەور شكێنە

وەك ڕۆژی شەوگاری تار

دوایی بەزۆداران هێنە

ساتۆ ئەی ئایاری ڕەنگین

جەژنی گشت ئازادی خواهانی

بۆ پێش خستنی گیانو ژین

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
گۆرانی	:	ستران
سەر زەوی	:	جیهان، گێتی، دنیا
ئامادە دەکات	:	حازر دەکات
شایی	:	شاهی، داوەت، سویر (سوور)، زەماوەند، گۆڤەند
بەتوانا	:	خورت، بەهێز
بازوو هەڵکراو	:	بازوو فەتلی، دەست هەڵگرتی.
کاروان	:	کارڤان
بنیادنان	:	دامەزراندن، هیم دانان، دانیاندن، بنەڕەت دانان
لێ هەڵهات	:	ژێ ڤەبوو
هەڵگرن	:	ڕاکەن
بە گورز	:	ب گوپال، بەزۆر
بەربەستی	:	بەرگری، ڕێ گرتن
فێل	:	خاپاندن
بانگیانکردن	:	گازیانکردن، گازیێ واکر
وتووێژ	:	گفتوگۆ، گاڵ گالی
کۆکردنەوە	:	کۆمکربوو، گردی کردبۆوە
وەستابوون	:	سەکنیبوون، ڕاوەستان
دەمانچە	:	تەبانچە، شەش دەرب
بیانو	:	بەهانە، حوجەت (عەرەبی)، هەنجەت، بیانگە
لێبکوژن	:	ژوان بکوژن
زۆری نەخایاند	:	گەلێك ل دویڤ نەچوو، زۆری پێ نەچوو
خۆیا بوو	:	ئاشکرا بوو، دەرکەوت
تاوانبار	:	گوناهبار
یادکردنەوە	:	بیرکردنەوە، هزرکردن، بیرانین

دەمێکە	:	گاڤێکە، بێهنێکە، ژمێژڤە
ورگن	:	سك زل
تەقەلا	:	هەول، خەبتین، کۆشش
گوژاندیانەوە	:	ڤەمراندن، تەمراندن
کڵێپە	:	گڕ، گوڕی، گڕە
تار	:	تاری، تاریك
خوێناوی	:	خوێنین، ب خوێن

گفتوگۆ:

١. لە یەکی ئایاردا چ هەستێك دەکەیت؟

٢. ئایا دەزانیت ئەو چەند دێرە شیعرە هی کێن و لەکام دیواندا بلاوکراونەتەوە، بیری لێبکەنەوە ئەگەر نەتزانی سەیری ئەم چەند دێرە بکە بەدوای دیوانەکەدا بگەرێ:

(ئەمە چەند دێرە لەهۆنراوە- یەکی ئایاری- شاعیرێك کە زۆرتر بەناوی (ع.ح.ب) ەوە شیعری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاو کردۆتەوە، خۆی ناوی (محمد شێخ حوسەین بەرزنجییە) سالی (١٩٢٣)، لە بەرزنجە لەدایك بووە، سالی (١٩٣١) هاتۆتە سلێمانیو تا ئێستا لەوێ دەژیت. دیوانە چاپکراوەکەی ناوی (ناسۆرەی دەروون) ەوە دیوانێکی چاپکراوی هەیە).

٣. ئایا شیعری هیچ شاعیرێکی تر دەربارەی یەکی ئایار دەزانیت؟

٤. دە دێر لەم باریەوە بنووسە: (چینی کرێکار پێشرەوی پێشکەوتنو سەرکەوتنی ئاواتی مرۆڤایەتییە)

هەڵەبجەی شەهید

هەڵەبجە شارێکی جوانو خنجیلانەی کوردستانە، کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سولەیمانییەوە، لەنێو باوەشی زنجیرە چیا سەرکەشەکانی هەورامانو شنرویێو بالآجۆ دایە، بە دیمەنی سروشتیو چاو ئەندازەی ڕەنگین ئاوی زۆری سازگار، زەویی بەپیت، زۆری بەرهەمو میوەجات، دارستانی چڕ، فێنکی ئاو و هەوا، کانگای ئاسنو گۆگردو گەچ بەناوبانگە، شارێکی زۆر کۆنە مێژووەکەی بەستراوەتەوە بە مێژووی شارەزووروو میرنشینی بابانەوە، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بنکەو بارەگایەکی گرنگی لەشکری ئەوان بوو، لە ناوچەی هەڵەبجەدا گەلێك گردی شوێنەوارو وێنەو نیگاری جۆراو جۆر دەبینرێ، کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئاشوریەکانو میدییەکان دەگەڕێتەوە.

هەر لە کۆنەوە هەڵەبجەو ناوچەکانی دەوروبەری مەڵبەندی خوێندنو زانست بوون، شوێنی مامۆستایانو زانایانی پایە بەرزی ئایینی بوون. لە بواری ئەدەبیاتدا شاری هەڵەبجە، وەکو ئەستێرەیەکی گەشی پڕشنگدار لە ئاسمانی کوردستان گەشاوەتەوە، گەلێك لە شاعیرە ناودارەکانی کورد لەم ناوچەیە پەروەردە بوونو پێگەیشتوون (مەولەوی، وەلی دێوانە، تاهیر بەگی جاف، گۆران، ئەحمەد موختار جاف، کاردۆخیو...).

هەڵەبجەی شیرین هەمیشە بنکەی ڕاپەڕینو شۆڕش بووە، دالدەو پەنای شۆڕەسوارو شۆڕشگێران بووە. چقڵی چاوی ناحەزان بووە، بۆیە هەر لە دێر زەمانەوە دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستان ڕقو کینەیان

بەرامبـەر ئـەو ناوچـەیە نوانـدووەو هێرشـی دڕندانـەیان بردۆتـە سـەر. ئینگلیزەکان لە ساڵەکانی دوای جەنگی یەکـەمی جیهانـدا لـە سـەردەمی شۆڕشی (شێخ مەحمود)ی نەمردا بە چەند فڕۆکەیەك شاری (هەڵەبجـە)و (عەبابەیلێ)یـان بوردمـانکردو کۆمـەڵێك خـەڵکی بێتاوانیـان شـەهیدکرد. هـەروەها شـاری هەڵەبجـە لـە ڕۆژی ٢٦/٤/١٩٧٤ز کەوتـە بـەر هێرشـی ئاسمانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی هاوکات لەگەڵ بۆردومانکردنی شـاری قەلادزێی خوێناویدا، خەڵکێکی زۆر شەهیدو برینداربوون.

لە بـەهاری سـاڵی (١٩٨٨)ز کـە شـەڕی عـیراق‌و ئێـران لـە ئـارادابوو، ئێرانییـەکان لەشـکری عیراقیـان تێکشـکاندو ناوچـەکانی هەڵەبجـەو خورمـاڵ‌و بیارەیـان داگیرکـرد، ئـەم ڕووداوە بـووە ڕێخۆشـکەرێك بـۆ دەسەڵاتدارانی ڕژێم‌و تۆڵەی لەشکرە بەزیوەکەی لە خـەڵکی بێدەسـەڵات کـردەوە، ڕق‌و کینـەی دڵـی ڕەشـی بـە کـورد هەڵڕشـت، ئـەوەبوو لـە (١٦/٣/١٩٨٨)ز بە دڕندەترین شێوە بە چەکی کیمیاوی پەلاماری شـاری هەڵەبجەو دەوروبەریدا، بەربووە گیانی خەڵکی بێتاوان، هـەزاران منـداڵ‌و ژن‌و پیـاو و لاوی تازەپێگەیشـتووی لـە کـۆڵان‌و شـەقامەکانی شـاری هەڵەبجەدا لە گـەورەترین ڕووداوەکـانی مێـژوودا شـەهیدکرد هـەزارەهای تریشـی ئـاوارەکرد، ئـەم کـارە بێویژدانـەی ڕژێـم لـەم سـەردەمەدا بـێ وێنەیەو زۆر دڕندانەتر بوو لە کردەوەی نازییەکان.

ئـەم کارەساتە دڵتەزێنـە لـە کاتێکدا ڕوویـدا، کـە تـازە بـەهار بـوو. دەشت‌و دۆڵ‌و قەدپاڵی شاخەکانی بـەرگی سـەوزییان پۆشـیبوو، چرۆی درەختەکان پشکووتوو بوون، گوڵ‌و گوڵاڵـەو بـەیبون‌و وەنەوشـەو چـنور

دەست لەملانە لە یەك ئـالاْبوونو ناوچـەكەیان خەملاْنـدبوو. دانیشـتوانی ناوچەكە چـاوەڕوانی سـەیرانو گەشـت بـوون. خۆیـان ئامـادەكردبوو بـۆ جەژنی نەورۆز، بەلاْم بەداخەوە لە جیاتی بۆنی گوڵو گوڵاڵە جوانـەكانو ئاهەنگو خۆشی هەوری نیگبـەت ئاسمـانی هەڵەبجـەی شـیرینی داگـرتو (خەردەل)ی باراند، هەزاران مـرۆڤ و باڵنـدەو مـەروماڵاتی قڕكـردو بوونـە قوربانی ستەمی بەعسی خوێنڕێژ.

كیمیابـارانی شـاری هەڵەبجـەی ڕەنگـین كارەسـاتێكی تراژیـدی بـوو، دەبوو ویژدانی سەرانسەری جیهان بۆی بهـەژێت، چـاوی هـەموو مرۆڤێـك فرمێسكی خوێنینی بۆ بڕێـژێت، بـەلاْم بەداخـەوە حوكومەتـەكانی دونیـا بگرە گەلەكانیش بەرامبەر ئەم كارەساتە بێدەنگ بوون لەبەر بەرژوەندی خۆیـان، لـەكاتی خۆیـدا بـە هانـای گەلـە سـتەم لێكراوەكـەمان نـەهاتن، گوێیـــان لـــە هـــاوارو ناڵـــەی لێقـــەوماوان نـــەگرت، یارمـــەتیی برینـــدارو ئاوارەكانیان نەدا، پشتیوانیان لـە مـافی مرۆڤـی كـورد نـەكرد، دەنگیـان بەرامبەر تاونباران بەرزنـەكردەوەو ڕیسـوایان نـەكردن. گەرچـی هەنـدێك بێزاری دەربڕین هەبوو، بەشێوەی تاكو تەرا، بەلاْم لە ئاسـتی پێویسـتدا نەبوون.

هەڵەبجەی شیرین تۆ بوویت بە هاوەڵی (هیرۆشیما) و (ناكـازاكی) تـۆ بڵێی ئەو ستەمەی لێیانكردیت وا بە ئاسانی لەیاد بكرێت؟ نەخێر هەرگیز چاوەڕوانی ئەمە مەبە، برینێكی قوڵەو وەها زوو سارێژ نابێت، هەتا كورد مابێت لە یادت ناكات، نەوە لەدوای نەوە بە یەكتری دەگەیێنن، كە كورد بە هەناسەكێشان شەهیدبووە.

ئەم کارەساتە گەورەیەو خاپوورکردنی گوندو شارۆچکەکان، زەبرو زەنگی بێ سنوری ڕژێمو ئەنفالو هەموو جۆرە ئەشکەنجەکانی تر، بلیسەی ئاگری شۆڕشی کوردیان خۆشترکرد، ورەو توانای خەڵك بەهێزتربوو، گوڵی هیوا گەشتر بوو، ڕیزەکانی هێزە نیشتمانپەروەرەکان پتەوتر بوو، هێزی گەل هاتە مەیدانو وەکو بوڕکانێك تەقییەوە لە ڕاپەرینە مەزنە شکۆدارەکەی ئاداری (١٩٩١)ز خۆی نواند، دامودەزگە داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمیان تێکشکاندو کوردستان ڕزگار بوو، پەرلەمانو حکومەتی کوردستان هاتە کایەوەو دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنە بە خۆشی تەباییەوە، بەهێزی بازووی لەبن نەهاتووی گەلەکەمان، بە پەنجەی هاوکاری شاری هەڵەبجەی شەهید ئاوەدانکرایەوە، ئاوارەکانو لێقەومان بەزێدی باوكو باپیرانیان شادبوونەوە، ئێستاش گەلی کورد هەموو ساڵێك لە یادی ئەم کارەساتەدا کە شانزەی ئادارە سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدان دادەنوێنێتو چەپکە گوڵ لەسەر گۆڕیان دادەنێت، سۆزو پەیمان تازە دەکاتەوە، کە بەردەوام دەبێت لە خەباتو تێکۆشاندا بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانو بەدەستهێنانی هەموو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، هەوڵدەدات ڕەگ وڕیشەی ناکۆکیو تۆوی دووبەرەکی هەڵبکێشێت، بە یەك دڵو یەك مەبەست لە پێناوی دوارۆژی نەتەوەکەمانو چارەنووسی تێکۆشێت.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
شار	:	بازێر
چیا سەرکەشەکان	:	چیا بڵندەکان، چیایێن بلندو سەرکەش
چاوئەندازە	:	دیمەن
گۆگرد	:	کبریت
داڵدە	:	پەناگە، پەسێو، شوێنی خۆشاردنەوە، جهێ خۆشارتنێ
چقڵ	:	دڕك، ستری، زی
لە ئارادابوو	:	لە گۆڕێ بوو، لەبیرو هزران بوو، لە بەیندابوو
قڕکرد	:	لەناویبرد، نەهێلا، ژناڤبر
بۆی بهەژێت	:	بێتە هەژیان، بۆی بجووڵێ
ڕیسوایان نەکردن	:	ئابڕوویان نەبردن
ستەم	:	زوڵمو زۆرداری
خاپوورکردن	:	تێکدانو ڕماندن، کاولکردن
شکۆدار	:	گەورەو مەزنو پڕ بەها
ڕژێمە داپلۆسێنەرەکان	:	ڕژێمێن تیرۆرست، سەرکۆتکەر

شۆرشی مەزنی ئەیلوولی ١٩٦١

گەلی کورد خاوەنی نیشتمانێکی فراوان‌و بەپیتە، هەزاران ساڵە ئەو گەلە لەسەر ئەم خاکەدا، کە زێدی باپیرانیەتی نیشتەجێیە، دوژمنان هەمیشە چاویان لە سامانی ئەو خاکە بووە، لەبەر ئەوە دڕندانەو نامرۆڤانە هێرش‌و پەلاماریان هێناوەتە سەرو بە زەبری چەك‌و هێز داگیریان کردووە، ئیمپریالیزمی تازەش چونکە پشتگیری لە ستەم‌و زۆرداری دەکات، بۆیە لە دوای جەنگی گەورەی یەکەمەوە بوو بە پاڵپشت بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان‌و نیشتمانی کوردی بە سەریاندا دابەشکرد. کوردستان بوو بە چوار لەت‌و هەر لەتێکی درا بە دەوڵەتێك، ئەو ستەمەی لە گەلی کورد کرا، لەکەیەکی ڕەش بوو لە نێو چاوانی مرۆڤایەتی، ئەو لەکەیەش لاناچێت تا ئەو گەلە ستەمدیدە بە هەموو مافێکی ڕەوای خۆی نەگات بە مافی چارەنووسیشەوە.

بەشێکی گەلی کورد دابەشکراو بەبەر عیراق کەوت، ئەو بەشەی دەیان ساڵ‌و بگرە پتریش، کەوتە هەوڵ‌و تێکۆشان‌و ڕێی خەباتی سەختی گرتە بەر بۆ بەدەست خستنی کەمترین مافی ڕەوای، بەڵام بەداخەوە حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عیراق گوێیان بە خواست‌و ویستی کوردی عیراق نەدەدا، لەبەر ئەوە هەموو جارێك ئاگرو ئاسن بۆ کپکردنی کڵپەی شۆرش بەکاردەهات.

شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ز لە عیراق‌و سەرنگونکردنی ڕژێمی پاشایەتی گرتینی بەبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان ناو ئاسۆی لەبەر دەم کوردی عیراق ڕوناککردەوە، کوردی عیراق ماوەیەك هەناسەی

ئازادی تەناهی هەڵکێشا، بەڵام لە ڕێ لادانی شۆڕش هەموو ئاواتەکانی تێبرد، دەسەڵاتدارانی شۆڕشی تەمموز لە هەموو بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوەو کەوتنە گیانی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، بە ناچاری کورد دەستی دایە چەکی بەرگریکردنو پشت قایم بە چیا سەرکەشەکانو بە بیروباوەڕی پتەوی کوردایەتی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ز هەڵگیرساند، نەك لەبەر ئەوەی کورد حەزی لە کوشتو کوشتارە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو، کە ناچارکرا ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر بۆ بەرگریکردن لە بوونو مافی خۆی. تا دەهات ئاگری شۆڕشی بە گوڕتر دەبوو، دەیان هەزار پێشمەرگەی بە جەرگو بازوو پۆلایین لە کەژو کێوەکانی کوردستاندا بڵاوبونەوە، گرمەی تۆپو گڕەی فڕۆکەو ویزەی گوللە ببوونە سیمفونیای سەردەم، ئەو ڕۆژگارە بوو بە شەوگارو تەومژی ڕەشی جەنگ باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا، دەیان داستانی ئازایەتیو قارەمانیەتی تۆمارکرا، چەند جارێك حکومەتی عیراق بە ناچاری شەڕی ڕاگرتو داوا گفتوگۆی دەکرد، هەموو جارێکیش گەلی کوردە، سەرکردایەتییەکەی بەدەم ئەم داوایەوە دەهاتن، چونکە کورد شەرخواز نییە، بەڵکو ئاشتی خوازو مرۆڤ دۆستە. دواجار گفتوگۆ درێژەی کێشا، دانووستان بەردەوام بوو، تا لە دواییدا بەیانی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ز دەرچوو، کە تیایدا بۆ یەکەم جار حکومەت دانی بە مافی خۆڕێبەرێتی کورد نا، ئاگری شۆڕشی تا ماوەیێك کپ بوو، گرمەی تۆپو گڕەی فڕۆکەکان نەمانو لە جێی ئەوان سازو دەنگی دەهۆڵو زوڕنای کوردەواری لە دۆڵو نیهالەکاندا دەنگی دەدایەوە، لولەی تفەنگو

تۆپــەکان توانــەوەو کــران بــە گاســن‌و پێمــەڕەو بێـڵ‌و بـۆ زەوی کـێڵان‌و ئاوەدانکردنەوە، بەڵام ئەو بارودۆخە زۆری نەخایاند، حکومەتی عێراق لە هەموو بەڵێن‌و بڕیارەکانی پاشگەز بووەوە، پشـتی لـە کـورد کـردو ڕووی لە کۆمەڵێك هەڵپەرسـت‌و مرۆڤـی ناشایسـتە کـرد، لەبـەر ئـەوە شۆڕشـی کورد ناچار بوو دووبارە تێهەڵچێتەوەو لە هـەموو لایـەك ئـاگری شۆڕشـی کڵپە بکاتەوە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
زێد	:	نیشتمان، وەلات
پاڵپشت	:	پشتیوان، پشتەڤان
لەت	:	پارچە
نێوچەوان	:	هەنیە، ئەنی
ستەمدیدە	:	زوڵم لێکراو، زولم لێکری
کپکردن	:	دامرکاندن، ڤەمراندن، ڤەتمراندن.
کڵپەی شۆرش	:	گوڕیێ شۆرشی
پاشگەزبوونەوە	:	پەشیمان بوونەوە
شەوگار	:	شەڤێ درێژو تاری
هەڵپەرست	:	مرۆڤی ئینتهازی

خێزانێکی ئاوارە

ئەو ساڵە هاتێکی باش بوو، وەرزێران هەر یەکە بە ئارەزووی خۆی تەلی ئامانجی بۆ مەبەستەك لێدەدا، کە چەند ساڵێك بوو چاوەنواڕی هاتێکی وا بوون، جگە لەو کەسانە نەبێت، کە بە تەواوی باری ئاڵۆزاوی وڵاتیان دەزانیو دوژمنانی گەلیان چاك ناسیبوو، بە هێماکردنی بێگانان هەڵدەسوڕێن بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەم کۆمەڵگە تێکۆشەرەن، بۆیە بە پیرۆزترین شت سوێندیان خوارد، تا دوا هەناسەو دوا دڵۆپ خوێن وزەو تین بخەنە بەر لاشەیان دژی داگیرکەران بجەنگنو کۆڵنەدەن گەمە بە پرۆژەی زندە بەچاڵیان بکەن.

چەرخی گەردوون سوڕایەوە بە سەر چارەنووسی میللەتدا، دوژمن بە یاریدەی ناپاکان هێرشێکی نارەوای فرە چەشنەی هێنایە سەر ناوچەکە و جوتیارو زەحمەتکێشان کەوتنە بەرگری لەشکری ستەمکاران، ئەوەی سەد ساڵ بوو یەکتری نەویستبوو، لەم شەرە ئابڕوومەندانەیەدا یەکتریان گرت بۆ پاراستنی نیشتمانو ناوچەکەیان، لە دوژمنیان کردە ئاگرباران، شێرانە هاواریان دەکرد:

بژی ئازادی، بژی کوردستان.

دۆستانو برادەرانی گیانی بەگیانی، ئەم بەوی دیکەی دەگوت: ها... قوربانە، قوربانی کوڕان بم، مردن یا سەرکەوتنو زاڵبوون بەسەر دوژمنی کەودەنی...

باوکی پشت کۆماوەی، بە ساڵا چووی گوپاڵ لە دەست بە تاقانەکەی دەگوت: "کوڕم، لە بابتە، مەردانە شەڕکە، دوژمن ببەزێنە،

بەرخی نێر لۆ سەربرین باشە، با دایكو خوشكەكانتان بە دیلی نەكەونە دەست ناپاكان... "لاوە جەمەدانی لەسەرەكان بە گەرووی هیشكو تێنوو دەیان نەڕاند: با گوللەتان ئاراستەی كەللەی دوژمن بكرێتو یەك لەدوای یەك بیان پێكێت، با ئەم خاكە بێت بە گۆڕستانی نەیارو دوژمنانو ببن بە پەندی ڕۆژگار، نەعرتەو قیژەی دایكو خوشكانی كوندە لە پاشۆڵ دەچووە كەشكەشانی فەلەك، تەرمی دوژمنیان دەكرد بە سپێرو، بەناو لورەی تۆپو تەقەی برنۆو قرەی تەنتریۆف، یەك ڕكێب خۆیان دەگەیاندە لەشكرە جەنگاوەرەكانیان، كە بە شەستیرو قۆنداغ بە گڕی ماهوزەرو كچكچاپ دەجەنگان. هەر چەندە لە سەرەتا سەركەوتنێكی ئێجگار گەورەیان نواند، بەلام نەمانی فیشەكو سروشتی ناوچەكەو لەشكری نەپساوەی دوژمن ئابلۆقەیان دانو لە دەوریان ورینو كەتنە سووتنو تالانو كوشتنو برینی بێتاوان... ئەمەو جگە لە گوارە لە گوێی ژنان داپچڕندنو سووتانو ئاگر تێبەردنی هیشكو تەڕی پاش تالانكردنەكە، لە لۆریان كەوتنە كێشانەوەی پیرو پەككەوتووی خواناسەكانی مزگەوت، ماڵو مندالانی دەست نەكەوتووش چەنی خێزانی خانە پاشا ئاسایی وەك كۆترە باریكە پەڕاگەندەو دەربەدەرو لانە لێ تێكچوو! پلكە (ستی)ش یەكێك بوو لەوانەی لەم شەڕەدا لەبەری پەرێز منداڵەكانی (باپیر)ی كوڕی پەسارە دابوون دەربازی كردبوون نەی خستبوونە دەست هێرش هێنەرەكان لە گوندێكی خۆفرۆشەكانی نێزیكیان، لای ناساوێكیان، كە بەناو سەر بە ئەوان بوو، ستارەیگرت، پاش گرتنی (نازداری)ی بووكی لە جیاتی باپیری كوڕی، لەگەڵ چەند

ژنێکـی تـری گوندەکـە درانـە دەسـت زەفتیەکـە کـەس لـە ئاخاوتنیـان نەدەگەیشت، لەم ڕۆژەوە دونیا بـە یـەکجاری لـە داپـیرە سـتی وێکهـات، پەژارە دایگـرت، کـە چـۆن لـە بـەر چ ئـایین‌و بڕوایـەك ئـافرەتی بێتـاوان بخرێتە بەندیخانە، چونکە پیاوەکەی نادات بـە دەسـتەوە؟! باشـە، کـێ دەڵێـت کوڕەکـەی ئێسـتا بـە گیـان مـاوە؟ هـەموو دەم وەکـو مەنجـەڵی شیری بەهار دەکوڵا، فرمێسـکی بـە گـوڕی دەهاتـە خـوار بەتایبـەتی کـە وێنـەی بـاپیری دەهاتـەوە بـەر چـاو، کـە لـەڕەوەزە شـاخێکی سـەخت بریندار بووەو مەرگ باوەشی بۆ کردووتەوە. دەك، جەرگی داکی خراپـێ، چـۆن لەسـەرە مـەرگا بـەو دەسـتی فرچـکی پـێ دایـێ قومـەك ئـاوی نەدایێ!!.

ئێوارەیەکیان مەنجەڵی چێشتەکەی لەسەر سێ کوچکە بچـکۆلانەکەدا تا دەهات پـتر جۆشـی دەسـتاند، ئـاگری سـەرگین‌و قشـپل لەسـەر یـەك کەڵەکەیان دەکـرد، هـەوای هـۆدە ڕەش‌و دوکەڵاوییـە بـێ کولانکەکـەیان گەرم داهێنابوو، جار جارە شیشەیەکی تری دەخسـتە بـن مەنجەڵـە ڕۆخ پسایەکە بەدەستی ڕاسـتیش لانکـی کـوڕەزای دەهەژانـد... (چـەتۆ)یـان کۆخە لـە هـۆرو دۆرخـۆی بردبـوو، سـەری خسـتبووە سـەر ڕانـی چـەپی داپیرەی کە هەردەم لەبەر ئازاری باداری درێـژی کردبـوو، جـار نـا جـارە نوزەیەکی (دایە مردم) لە برسانی لێوە دەهات. (بێرێ) خوشکە گەورەی منداڵان لەوبەری ئاگردانەکەوە، وەکو گـوڵێکی ژاکـاو و ئـاو لێـبڕاو زەردو سیس هەڵگەڕابوو، جلك‌و بەرگێکی شڕووڕی پۆشیبوو. ناشـکوری نـەبێت بەرگی پـەرێز، داوە دەزوویەکت ڕابکێشـایە سـەد پینـە دەکەوتـە خـوارێ،

لەبرسانا کەوانەی کردبوو، چاوە گەلاوێژییە تێکچووەکانی بڕیبووە شۆربای پیرخەنی. لایێك (دایە شیو)، لایێك (دایە نان)، جگە لە واقەواقی ناو لانکەکە، ئەمانە تێکەڵ بە هوڕینەو سەردوولکەی داپیرەی زامداری ڕۆژانی بەسەرچوویی دەبوونو نەخشەی کارەساتێکی ڕەشبینیو ماتەمیی ترسناکیان دەکێشا، بۆیە یادگارەکانی ڕابردووی وەك شریتی شانۆ دەهاتەوە بەرچاو بە دەنگێکی پڕ لە قوڵپی گریانەوە دەکەوتە لای لایەی ساواکەو بە ئاوازێکی تێکەڵاو دەیگووت:

لای لایێ ڕۆڵەی من لای لایێ کۆرپەکەی دایێ لۆ خەوت نایێ؟!

بابی بێ سەرت هیچ دەنگی نایێ خودای هەژاران بە هانام نایێ

سووتامو برژام لۆ خەوت نایێ؟!

لە پڕ یەکێك زۆر لەسەرخۆ، بێ خشپەو خرپە بە ئاستەم:

- داپیرە، لە ماڵێی؟!

(چەتۆ)و (بێری) جولەیان تێکەوتو بووژانەوە!

- کێیە، جەرگی داپیرەی؟

- میوانی ڕادەگرن؟

- ڕۆڵە، بفەرموون، میوان ئازیزە، سەر لە مەیدانێیە یان ماڵ؟!

(پیرۆت) مامۆستای گوند: سەلامو عەلێك

- وە عەلەیکە سەلام،... ئای مامۆستایە، کچێ بێری، لە داکتە، لبادەکەی لۆ مامۆستای بێنە.

لباد شرپ بە عەردی دادراو تۆز ژوورەکەی پڕکرد.

مامۆستا گازی چەتۆی کردو ماچێکی لێکردو سێوەکانی هێنابووی لە کۆشی دانا، پورە ستی پاش بەخێرهاتنی گەرم گوڕ، هەندێ بلێی یەکو دوو شیوەکەی تێکردو یەکو نانیشی لەبەردەم دانان، ئەوان خەریکی خواردنو ئەمانیش کەوتنە دواندنی یەکتر.

پلکە ستی: ئەرێ، بە قوربانت بم، چ دەنگوباسی خۆشت پێ نییە؟ بە مەرقەدی حوسێنی غازی، لە عەزمەتی نازداری داکی مندالآن وەختە شەق بەم! گیان لە جێیەکی قەیمە نایەتە دەرێ! با خۆفرۆشانو دوژمنان دەست خۆیان بوەشێنن، بەو ئالقەی لە مالّی خوای ڕام هژاندییە... با...با پ پ پیر بێتەوە، شیری ئەم مەمکانەی لێ حەرامدەکەم، بەنوێژی نیوەڕانێ نەیانداتە بەر گوللەی ئەو پڕنۆیەی کە بەنانی مندالآن کڕایە!...

مامۆستا: داپیرە، هەموومان (باپیر)ین، کوڕە گچکەی تۆین، ڕۆژەك دێت لەبەر چاوی تۆ دەدرێنە دادگای گەلو سزای تاوانی خۆیان دەدرێتەوە، ئەوە میللەتە– میللەت، لە پۆلا قایمترە، لە دەریای بێ بن فراوانترە، فریزە هەر بیبڕە شین دەبێتەوە! دەڵێن لەشکری ئێمە سەرکەوتن، لەدوای سەرکەوتن وەردەگرن، هەر بزانە مزگێنی ڕزگاریت لۆ هات.

هێشتا وتەکەی لە دەم مابوو بیلێ هەردوو لا ڕوومەتی ماچکرد:

– وەی داپیرەی ڕەقو هیشك لەسەرت گەرێ، (نازدار) لە بەندیخانە دێتەوە؟ لەگەلّ (باپیر) لۆ ناو مالّو مندالّیان بەسەر بلّندی؟!

وەی خوایە دەروویەکمان لێبکەوە، حە خۆ... مەرگی داپیرەی لۆ کوڕە جاحێرە خۆ نەفرۆشەکان بێ...

- داپیرە، من درەنگ مە، ئەو(پێنج) دینارە بگرە، چ پێویستیت هەیە، پێی بکڕە، ئەو(سێ) دینارەش بدە (سێوێ) بەلاّم مەڵێ (مامۆستا) ناردیتی، چونکە ئافرەتێکی دەم پەلە...

- ئای مامۆستا، کەی ئەو چاکانەت بدەمەوە؟

مامۆستا هەڵسا سەرپێیان، نا داپیرە، ئەمە هی میللەتە، کە بەشانازییەوە بۆ ئێوەی دەنێرن (باپیر) لۆ میللەت خۆی کردووتە قۆچی قوربانی. لەسەرخۆ، دوعابوونی خواستو چووە دەرەوە.

سپێدەی بەیان دەرکەوت، پلکە ستی خۆی گەیاندە ماڵی سێوێ:

- ها، ئەوە سێ دینار لۆیان ناردووی.

- هەبی نەبی، کێ ناردیتی؟

- نەم ناسی.

- مامۆستا پیرۆت نەبی، هامووو شۆی پێشتر لەگەڵتان هەبوو؟

لە ژنانم گوێ لێبوو، دەڵێن زۆر باشە.

ستی گوتی: نا هەونیەو، گەڕایەوە.

سێوێ چووە ناو کۆڕی ژنان دانیشتو وتی:

- بەخوا خوشکینە مامۆستا پیرۆت ئەم شەو حەفت دیناری لۆ ناردووم، بچم هەندێ ترێ بکڕم، زۆرم حەز لێیە، بەخوا بابی کەسارو لێقەوماوانە.

هەر ئەو دەمە دەنگ بە سەرۆکی خۆفرۆشەکان ڕاگەیی‌و ئاگاداری سازمانی دوژمن کراو مامۆستایان تێک لولداو خستیانە ناو پیکەپە کەسکەکەو بۆ شاریان برد، لەوێ پاش سێ شەو و سێ ڕۆژ لێدان دارکاریکردن، بۆ ئەوەی ناوی ئەو کەسانە بڵێت کە لایەنگیری شۆڕشگێڕەکان‌و جوێنیان پێ بدات.

بەڵام ئەم مەردانە وەستاو پێیوتن:

من هەر دەکوژن، بەڵام لە تۆڵەی من هەزارانتان لێدەکوژرێت!

پاش ماوەیەک شەڕ ڕاگیراو پێشمەرگە قارەمانەکان بەرەو خێزانەکانیان گەڕانەوە، هەر یەکە منداڵ لە باوەشی، خۆشی شادی سەرتاپای نیشتمانی گرتەوە، (بێری)و (چەتۆ)ش لە دەرگای حەوشە، هەر دەمە بۆ لایەک غاریان دەداو (سەرکەوت)یش بە گاگۆڵە دوایان دەکەوت، چاویان دەگێڕا لە چ لایەک بابیان دەربکەوێت، بەڵام بەداخەوە دەمێک بوو نیشتمانی خۆشەویست لەناو گۆڕا باوەشێنی لێدەکرد!

بەردە قارەمان

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا سوری کیشوەری عوسمانی بەرەو لێژی دەڕۆیشت، هەر کاتە نا کاتێك ئاژاوەو هەرایەك بەرپاردەبوو، چونکە ستەمو زۆرداریی عوسمانییەکان لە سنور دەرچووبوو، لە لایەکی تریش دەنگی زەنگی باوەڕی نەتەوایەتی بەرەبەرە لە وڵاتاندا دەزرینگایەوەو گەلانی ژێر دەستی ئاگادار دەکردەوە، ئەو گەلانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی نالەباری عوسمانییەکان دەتلانەوە، ئاواتە خوازبوون، کە ڕۆژێك بێت ڕزگار ببن لەو بارە ناسۆرەی کە تێدا دەژیان.

کوردیش یەکێك بوو لەو گەلانەی کە هەناسەبڕکەی پێکەوتبوو لەژێر فەرمانی تورکەکانو، هەمیشە ئاواتی دەخواست کە بلێسەی ڕوناکیو ئازادی بەسەر خاکی کوردستاندا هەڵبێت.

هەروەها لە ساڵی(١٩١٤)ز کارەساتی جەنگی گێتیی یەکەم هەڵگیرساو وێنەی سامناکی وردەوردە شاباڵی ڕەشی بەسەر هەموو قوژبنێکی جیهاندا کێشاو هەموو لایەیکی شلەژاندو لە ئەنجامی ئەم جەنگە خوێناوییەدا چەرخی گەردوون ئینگلیزی بەسەرکەوتوویی گەیاندە خاکی دلێران، کە کوردستانە.

ئەو تافیش (شێخ مەحمود) پایەکی بەرزی هەبوو لەنێو کورد، چ لە ڕووی ئاینەوەو چ لە ڕووی نیشتمانپەروەرییەوە، دەیویست کوردستان سەربەخۆ بێتو شێخ مەحمود لەم بارە ئاڵۆزاوەی کۆڵییەوەو وای بە باش زانی کە ئینگلیزەکان ئاگادار بکات، کە ئەم خاکە نیشتمانی

کوردەو دەبێت بۆ کورد بێت، لەبەر ئەمە نامەیەکی بۆ نوێنەری ئینگلیز نارد، کە لە بەغدا بوو، لە نامەکەدا وتبووی:

"سەدەهای ساڵە ئەم خاکە مەڵبەندی کوردە، هیوادارین کە ئێوە مافمان بدەنو ماوەی ئەوە نەدەن کە بەچەك داوای مافی خۆمان بکەین."

ئینگلیزەکان ئەمەیان سەلماندو گوتیان ئێمە مافی کورد دەدەین، ئینجا لە سەر ئەم پەیمانە نوێنەری ئینگلیز (مێجەر نوئێل) بەبێ تەگەرەو ئاستەنگ گەیشتە سولەیمانیو بۆ ڕۆژی دوایی لەبەر دەرگای (سەرای سولەیمانی) لە پێش چاوی هەزاران دانیشتوانی شار چووە سەر کورسیەك گوتی:

"بە ناوی میری بەریتانیا وەك حاکمی گشتی عیراق پێتان ڕادەگەیێنم، کە ئێوە لە یەخسیریو دیلیەتی ڕزگاربوون، ئیتر سەربەستو ئازادنو شێخ مەحمود حوکمداری کوردستانە."

لە پەرۆشی ئەم موژدە خۆشە، گەلی کورد وەکو گوڵ گەشایەوەو شاری هەڵمەتو قوربانی بوو بەپارچەیەك لە بەهەشتی بەرین، وەلێ هەزار مخابن! ئەم خۆشیو شادییە زۆری نەخایاند!! چونکە ئینگلیزەکان لە کامی دڵیانەوە بڕوایان بە مافی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ خۆ چەسپاندن ئەم گفتەیان دابوو!!.

بەم جۆرە بە تەواوەتی لە قسەی خۆیان پاشگەزبوونەوەو دەستیانکرد بەهێنانی بێگانە بۆ کوردستان، لە هەندەرانەوەو تەفرەدانی هەندێك کورد، ئا بەم چەشنە باری کوردستان ڕۆژ بەرۆژ تا دەهات

ئاڵۆزتر دەبوو، هەتا وای لێهات شێخ لە خۆی وەڕسبوو، لە وزەی نەما کە باری وڵات بەم جۆرە بڕوات.

ئەمجا نامەیەکی توندو تیژی بۆ حاکمی گشتی عیراق ناردو داوای جێبەجێکردنی پەیمانەکەی کرد، کە سەربەخۆیی کوردە، بەڵام ئەم داخوازییەش بێ سود بوو، چونکە ئینگلیز بە تەواوی پەشیمان بووەوە لەو گفتەی کە دایبوو. ئینجا شێخ دەستیکرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ دەرکردنی بێگانە لە خاکی کوردستاندا، ئیتر ئاگری جەنگ هەڵگیرساو سوارەو پیادەکانی کورد وەکو پڵنگ لە هەموو لایەکدا هەڵمەتیان دەبردە سەر سپێرەکانی دوژمن، بەڕاستی کارێکی ئەوتۆیان بە ئوردوگای ئەوان کرد، کە با بەدەواری شڕی نەکردبێت! کە (تاسلوجە) بوو بە گۆڕستانی سوپای لیقی ئینگلیز.

دوای ئەم سەرکەوتنە مەزنە سوپای کورد لە ژێر فەرماندەیی سەرکردەی حوکمداری کوردستان بەرەو کەرکوك کەوتنە ڕێو لە (دەربەندی بازیان) بارەگای خۆیان دامەزراند، هەروەها ئینگلیزەکانیش دەستیانکرد بە هێنانی هێزێکی زۆر لە موسڵەوە بۆ کەرکوك، ئینجا ئەم هێزە بەرەو بازیان بزوت.

بەم چەشنە کاتێك لەناکاو لەگەڵ سپێدەی بەیاندا سوپای ئینگلیز لە چەند لایەکەوە هێرشی بردە سەر جەنگاوەرە دلێرەکانی کورد بە کوشندەترین چەك، لە زەوی‌و لە ئاسماندا.

سوپای کوردیش وەکو شێر بەرەنگاریان بوون‌و جەنگێکی مەردانەیان کرد، هەتا وای لێهات ڕیزی پێشەوەی سوپای کورد دەست

به خه‌نجه‌ر په‌لاماری دوژمنیان داو که‌وتنه ناویان، ئیتر هه‌ر ئه‌وه بوو، که هیچیان به زیندوویی نه‌گه‌ڕانه‌وه‌و پاش شه‌ڕێکی بێوچان شێخ مه‌حمود زامدار بوو، له ئاکامی ئه‌م جه‌نگه خوێناوییه‌دا سوپای کورد شکاو دوژمن هاته نێو باره‌گاکه‌یان‌و شێخیان به برینداری له‌بن به‌رده‌که ناسییه‌وه، به یه‌خسیری بردیان بۆ به‌غداو جه‌نگ کۆتایی هات.

ئه‌و به‌رده‌ی که بوو بوو به سه‌نگه‌رێك بۆ پاراستنی شێخ مه‌حمود له‌کاتی جه‌نگدا ناویان لێنا (به‌رده قاره‌مان) ئه‌مه‌ش ده‌که‌وێته خوارووی کلکه‌ی ده‌ربه‌ند، ئینجا ناوی ئه‌م به‌رده په‌خش بووه‌وه‌و بوو به وێردی سه‌ر زمانی هه‌موو نیشتمانپه‌روه‌رێکی کورد، ناوی پیرۆزی له لاپه‌ڕه‌کانی مێژووی به‌خوێن نووسراوی گه‌لی کورد تۆمار کراو، به‌ردی ناوبراویش هه‌ر به ئاواته‌وه‌یه، که تۆی دووبه‌ره‌کی‌و خۆفرۆشی‌و ناپه‌سه‌ندی له ڕه‌گوڕیشه‌وه له‌نێو کورددا هه‌ڵکه‌ندرێت، هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: هه‌رگیز متمانه به بێگانه مه‌که‌ن.

دهـۆك

دهۆك له مێژوودا:

بێگومانه، كه دهۆك له شاره كۆنه‌كانی هه‌رێمی كوردسـتانی عێراقـه، پرۆفیسـۆر (فـۆر) ده‌ڵێـت: لـه وه‌ختـی ئاشـوورییه‌كاندا، دهـۆك بـه‌ناو (ئه‌دیان) ناوبانگی هه‌بوو، چونكه پایته‌ختی هه‌رێمی (دیمـوز)ی ئاشـوری كه نزیكی (بیت داكان) بوو. بێگومان دهۆك شوێنێكی گرنگو به‌نرخ بـوو لـه‌لای ئاشـورییه‌كان، چـونكه سـه‌ره رێگـای سـێ ده‌ربه‌نـدی چـیایی شاخاوی: (ده‌ربه‌ندی دهۆك، ده‌ربه‌ندی قه‌شـه‌فرۆ، ده‌ربه‌نـدی ده‌ر گـه‌لی شـێخه‌كان)بـووه. هـه‌موو هاتوچـۆیه‌كی ئاشـورییه‌كان له‌گـه‌ڵ ده‌وڵـه‌تی ئورتو و وڵاتی حیسیه‌كان هه‌موو له‌م سێ ده‌ربه‌نـده‌وه بـووه. كـه‌وا بـوو دهۆك له شاره كۆنه‌كانی كوردستانه، به‌ڵام به‌چـی وا ده‌زانـرێ كـه كۆنـه شاره؟ به‌وه، كه په‌یكه‌رو وێنه داتاشراوی ئه‌شكه‌وته‌كانی ده‌وره‌وبـه‌ری، له‌گه‌ڵ ئه‌و گۆڕه كۆنانه‌دا، كه تا ئێستاش له‌م شاره‌دا ماوه‌تـه‌وه. دهـۆك جگه له‌وه‌ش ناوچه‌یه‌كی گرنگی میرنشینی (داسـنیه‌كان)ی ژێـری بـووه، ئـه‌و میرنشـینه لـه پـێش سـاڵی (٩٦١)ز زاییـنیـدا دامـه‌زراوه، تـا سـاڵی (١٢٣٦)ی زایینی ده‌سه‌ڵاتدارو فه‌رمانڕه‌وا بووه.

میرنشینی داسنیه‌كان كه بێهێزو هه‌ژار بووه، میرنشینی (شێخان) لـه شـوێنی دامـه‌زرا، بـه‌ڵام لـه پـاش ماوه‌یـه‌كی كـه‌م بـوو بـه به‌شـێك لـه میرنشـینی به‌هـدینان، كـه تـا سـاڵی (١٨٤٣)ی زایینـی فـه‌رمانڕه‌واو ده‌سـه‌ڵاتداری لـه هـه‌رێمی به‌هـدینانا ده‌كـرد. مێژوونووسـی بـه‌ناوبانگ هارتمان ده‌ڵێت: له كاتی فـه‌رمانڕه‌وایی (تاسـیوس بیزاسـیوس)دا دهـۆك

بەناوی (جاهۆك) ناو دەبرا، چونكە تا ئێستاش لە ئەشكەوتی (هەلامەتا) لە چیای (شندوخا) بەرانبەر بە گوندی (گەڤەركێ) پەیكەرو وێنەی بەردی هەڵكەنراو بەرووی چیاكەوە ماوەتەوە. وێنەیەك لە وێنە هەڵكەنراوەكانی ئەشكەوتەكە وێنەی پادشای ئاشوری (ئەدرنەرێری)یە. مێژوونووسی كوردی بەناوبانگ (حسین حوزنی موكریانی) دەڵێت: هۆی ناونانی شارەكە بە دهۆك ئەوەیە، كە پادشاهێ یا میرێ لە نیوەی سەدەی چوارەمینی زایینیدا، كە ناوی (ئاخ شندو) بووە، هەر شتێ لە دەغلۆدان، یان بەرهەمی تری كشتوكاڵ، بهاتایە ئەوێ واتە دهۆك، دوو مستی لێیدەستاند بەڵام، هارتمان دەڵێت: "(ئاخشندو) میرنشینێ بووە لە سەدەی دووەمی زایینی لە شندوخا، لەم دواییەدا پاشماوەی گرنگو بە نرخ لە گوندی (ماڵتایێ) كە نزیك شاری دهۆك دۆزراوەتەوە.

شاری دهۆك لە دۆڵێكدا لە بەینی ڕیزە چیای درێژی سپی لە لای باكورەوە، چیای شندوخا لەلای باشورەوەیە. ئەم دۆڵەی كە شاری دهۆكی تیا دروستكراوە، دوو ڕوبار ئاوەدانی دەكەنەوە، یەكەمیان (ڕوباری دهۆك) كە لەسەر ژوورەوە، واتە سەرەوەی شارەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا تێپەر دەبێت، دووەمیان ڕوباری (هشكەرویە) كە بچوكترە لە یەكەمیانو لە ژێر شارەكەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا تێپەر دەبێتو دەگاتە ڕوباری دهۆك لە ڕۆژئاوای دۆڵەكە.

دهۆك وەكو نیمچە دورگەیە، كە كەوتۆتە بەینی هەر دوو ڕوبارەكەوە، بە ئاوی هەردوو ڕوبارەكە باغو باغاتو ڕەزی دەوری

شارەکە ئاو دەدرێت، بە مێوەهاتی نایابو ڕەزو باغەکانی بەناوبانگە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوزەرانی پێدەکەن.

دهۆك لە پاش قیرتاوکردنی ڕێگای بەینی موسڵو ئامێدی، کە لە دهۆکەوە تێدەپەڕێت، کەوتووەتە سەررێگاکانی بازرگانی بەینی قەزاکانی کوردی هەرێمی بەهدینانو موسڵو هەولێریش، لەبەر ئەوە بەرەو پێشکەوتنو ئاوەدانبوون دەڕوات، بەتایبەتی لە پاش بایەخ پێدانی هاوینە هەوارەکانی ناوچەی بەهدینان وەکو هاوینە هەواری:(زاویتە، سیارەتویکا، سەرسنگ، سویلاڤ ، ئەرەدناو، بامەڕنێ). لەم ساڵانەی دواییەدا یەکجار گەورە بووە، چەند قەزای کوردی وەکو ئامێدیو زاخۆی پێوە بەستراون، کە لە پێشدا بە موسڵەوە بەسترابوون. دهۆك پاشەڕۆژێکی ڕوناکی هەیە، چونکە دەبێتە ناوچەیەکی بازرگانی، زانستیو پیشەسازی لە بەهدینان.

ئافرەتی کورد

پایەکی بەرزی کۆمەڵایەتی[1] هەیە لە مێژووی ژیانی کوردەواریدا، بە تایبەتی گەر بێتو سەیری کردەوەی بەهێزو بڵندو پەسندی ئافرەتی کورد بکەین، دەبینین:

دڵــی زۆر خۆشــە بــە مێــردو مــاڵو منداڵیــەوەو بۆیــەش هاوبەشــی مێردەکەیەتی لە خۆشیو تەنگانەداو، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ژنـانی کـورد تـا چ ڕادەیـەك دەسـت ڕەنگیـنن لـە مـاڵو منـداڵ پـەروەردەکردنو یارمەتیـدانی دراوسـێو چـوون بـە دەم مێوانـەوەو خزمـەتکردنی لـە کاتێکـدا پیاوەکەی لە ماڵەوە نەبێت، زۆری واشیان هەیە بەمەندە ڕازی نابێت، بـەڵکو خـەریکی قـاڵیو بـەڕەو خـورجو هەگبـە، یـاخود ماسـتو پـەنیرو ژاژیو دۆو کەرەو فرۆ دروستکردنە، بۆ سـودی خێـزانو بـۆ فرۆشـتن لەلایـەکی تـرەوە، شــان بەشــانی مێردەکــەی لــە شــاخو کێوانــدا لــە دوای قــەزوانو بــەڕوو مازووکردنە، یا خەریکی بارکردنو کێشـەو شـەغرەو بـەراو و تـووتن چاندنو ڕەزو باخ ئاودان، مەڕو ماڵات بەخێوکردن، دارکردنو کـڕینو فرۆشـتن لەگـەڵ مێردەکەیداو یارمەتیدان لەکارگەو کێڵگەدا.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا، جوانی ئافرەتی کوردە، کە جوانییەکی خـوا کردە بەبێ ئارایشو خاڵو نەخشو نیگار ڕشتنە! لـە ڕەنگـدا سـۆرو سـپیو گەنم ڕەنگ، لە چاودا ئێسك سوكو شێوە شیرین، لە قژدا ڕەش یا پیرۆزەیـی ویـا زێـڕینو بـەهۆی پێویسـتی ژیانـەوە سـواری وڵاخ دەبـن دەگـەڕێن لـەناو مێرگو چیمەنو دارستاندا بۆیە شۆرشەسوارو تفەنگچینو لە خۆشـیدا شـایی

(١) بۆ ئەم نووسینە سود لە (ئافرەتی کورد)ی مامۆستا (شاکر فەتاح) وەرگیراوە.

ڕەشبەڵەك دەكەنو سەربەخۆیەكی تەواویان هەیە لە هەندێك شوێنا نەبێت لەباری شوكردنداو دڵداری پاك دەزانن بۆ ئەوەی شوی پێبكەن، داوێن پاكنو لەم بارەیەوە یەكێك لە نووسەرە بێگانەكان كە (جانترە) دەڵێت:

داوێن پیسی لەنێوان كۆچەرانی كورددا نییە، بەڵكو بە دەگمەن ئەم ڕەوشتە ڕواڵەتییە دەبینرێت.

هەروەها (میجەرسۆن)و (میستەر ڕیچ) كە هەردووكیان ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزن لەم بارەیەوە دەڵێن:

(نەتەوەی كورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا یەكەم نەتەوەیە كە داوێن پاكی ئافرەتی خۆی پاراستووە).

لە زۆر وەختیشا ئافرەتی كورد زیرەكیو چوستو چالاكی نواندوە، فەرمانڕەواییو دەسەلاتداری داوە بەدەستاو لە خوانداسو چاكەو نیشتمانپەروەریو زاناییو هونەرمەندیو دڵ تەڕییا لە پیاو كەمتر نەبوو، بەڵكو بۆ نمونە (خاتوو خانزاد– میری سۆران) كە شاژنێكی ئازاو بە جەرگ بوو لە شەڕدا، ژیرو جوامێرو دادپەروەربوو، هەمیشە تێكۆشاوە بۆ ئاوەدانی وڵات، بە كردنەوەی گەلێ قوتابخانەو مزگەوتو نەخۆشخانەو هیچ كاتێك ڕێگەی ژێر دەستیو مل كەچی نەداوە بە دوژمن.

بەڵام (قەدەم خێر)و (قەرە فاتم) دوو نمونەی تێكۆشانی ئافرەتی نەبەزو دلێرو بەناوبانگی كوردستانی ژووروو و كوردستانی ڕۆژهەڵات بوون.

هەروەها (حەپسەخانی نەقیب): سەركردەی ڕاستەقینەی هەموو ئافرەتی سولەیمانی بوو لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوەو لە باشیو كوردپەروەریو مرۆڤایەتیدا، گەلێك لە سەرۆكو پیاوە ناودارەكان ڕاوێژیان پێدەكرد... لە ساڵی (١٩٣٠)ز نامەیەكی دەربارەی مافی نەتەوایەتی كورد نارد بۆ (كۆمەڵی

گەلان)و هەر لەم ساڵەشدا کۆمەڵەیەکی لە سولەیمانی ژنانی دامەزراند، هەموویانی ڕاپێچکرد بۆ خوێندنو تێگەیشتن لە کاروباری کوردایەتیدا. جگە لەوە لە هەموو بارێکا ئافرەتانی سولەیمانی هاندەداو کێشی دەکردن بۆ کردەوەی پەسند، وەك دەستگرتنی داماوانو یارمەتیدانی هەژارانو ڕێزگرتنی زانایان، لە شێوەیەکی ڕێکوپێك، ڕەوشتێکی پاكو بڵندی ئافرەتانی کوردی پێشانی بێگانان دەدا، لەکاتی ڕووکردنیان بۆ شاری سولەیمانی.

دیسان نمونەیەکی تری ئافرەتی ڕەۆشنبیری کورد:

(ڕەوشەن بەدرخان) کە خێزانی (جەلادەت بەدرخان)ە، بۆ پێشکەوتنی وێژەی کوردیو بڵاوکردنەوەی گیانی کوردایەتی تێکۆشاوە.

ئێستاکەش نمونەیەکی جوانی ئافرەتانی زاناو زرنگو سەر بڵندو کردەوە پەسندو نیشتمانپەروەری کوردە لە ناو کوردەکانی ڕۆژئاوادا.

جا ئەمانە کە ڕابەرێکی دڵسۆزی ئافرەتانی کوردستان بوونو هەڵگری مەشخەڵی ڕێگای سەربەستیو ڕزگاری قۆناغی نەتەوایەتی بوون، هەموو هەوڵو کۆششیان بۆ ژنانی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەبوو:(کە ئەرکی هەرە گرنگی سەرشانیان، بەوپەڕی ئازایەتیو دڵسۆزیو خۆ بەختکردن، شان بەشانی برا تێکۆشەرە زاناو ڕۆشەنبیرەکان تێبکۆشن بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوایی کوردو کوردستان. ئەو کاتە دەتوانین بڵێین بەڕاستی ئێوە جێگەی شانازی گەلنو پەروەردەی ئاوی سازگارو بای فێنكو خاکی جوان پڕ پیتی کوردستانن.

میدیا

میدیای کوردی بە گشتی و تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکان بە تایبەتی کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر زمان و ناسنامەی کورد دادەنێن.

کەناڵە تەلەڤیزیۆنە ئاسمانییەکان هەتا (٢٠) ساڵ لەمەوبەر تەنیا لە پاوانی دەوڵەتی نەتەوەییدا بوون و خەونی هیچ لە کوردێکیشدا نەدەهات کورد ببێتە خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی، بەڵام ئەمڕۆ تەلەفزیۆنە کوردییەکان ڕاستینەیەکن لە کوردستان و جیهاندا و هەمان ڕۆڵی تەلەفزیۆنی نەتەوەیی یان دەوڵەتی بۆ کورد دەگێڕن.

سەردەمی ئێستا لە بواری میدیاییدا بۆ کورد دەکرێ وەك سەردەمی گەیشتنی کورد بە ئاسمان لە سەردەمی بەجیهانبوون بناسرێ. یەکێك لە ئاکامەکانی پرۆسیسی میدیا جیهانبوونیش ئەوە بووە، کە بە هۆی تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانەوە، وشیاری نەتەوەیی بەهێزتر بێت و لەو سۆنگەشەوە زمان و ناسنامەی کوردی زیاتر بچەسپێنێت.

یەکەم تەلەڤزیۆنی ئاسمانی، مید تیڤی ڕۆژی ١٥ی مانگی مایسی(١٩٩٥)ز لە لەندەنەوە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، بە شێوەیەکی بەردەوام دەستی بە وەشانکرد و تا ڕۆژی ٢٢ی مانگی مارس ساڵی (١٩٩٩)ز بەردەوام بوو. کوردستان تیڤی لە مانگی (کانونی دووەم) ساڵی(١٩٩٩) دەستیپێکرد، لە ساڵی (٢٠٠٠)ز بەدواوە کۆمەڵێك تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردی دیکەی، وەك:(ڕۆژ،

زاگرۆس،کوردسات، میزوپۆتا،نەورۆز ،گەلی کوردستان ،کەی ئێن ئێن ،نووچە ،ستێرك...) دەستیان بە وەشاندن کرد.

ئەمرۆ چەمکی بەجیهانبوون چەمکێکی جێگرتووی ئەکادمییە و لە نێو باسە سیاسییەکان، ئابورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان و کولتورییەکاندا وەك تێرمێکی ناسراوی لێهاتووە. بەجیهانبوون لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە، لە پاشخانێکی درێژی مۆدێرنەوە سەریهەڵداوە.

لە سنوری بەجیهانبوون تەنها باس لە سنوری خاك و جوغرافی ناکرێ، بەڵکو باسی سنورە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ... دەکرێت بەلام تایبەتمەندییەك، کە هەموو جۆری سنورەکانی سەردەمی بەجیهانبوون لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەگۆڕدرێن. تێکنۆلۆژی و ئامرازەکانی پێوەندی و ڕاگەیاندن لە سەردەمی بە جیهانیبووندا شوێنەوارێکی زۆر گەورەیان لەسەر لاوازکردن یان بەپێچەوانە پتەوکردنی سنورەکان داناوە، بۆ نمونە بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی لای کوردی بە هۆی دەستڕاگەیشتن بە میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهێز بووە. ئەگەر تا دوێنێ بۆ نمونە سنور ڕێگری لە چوونی کتێب و بڵاوکردنەوەی کوردی لە باشوورەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، ئیمرۆ هەمان سنور بەهۆی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی و ئێنتەرنێتەوە سڕاونەتەوەو کامە بەشی کوردستان بێت، جیاوازی ناکات، لە ڕێگەی ئاسمان و ئینتەرنێتەوە لە چالاکییە کولتورییەکانی یەکتری ئاگادارن، ئەوەی کە لە ڕابردوودا وەختێکی چەند ڕۆژەو

تەنانــەت چــەند مانگــەی بــۆ بڵاوبوونــەوەی خەبــەرێك لــە نێــو كــوردان پێویســت بــوو، ئــەمڕۆ هــەمان هــەواڵ لــە چركەیەكدا بــە هــەموو شــوێنێكی كوردستان و دەرەوەی كوردستاندا بڵاودەبێتەوە.

تەلــەڤزیۆن وەك یــەكێك لــە كەرەســتەكانی ڕاگەیانــدن، دەتوانێــت كارێــك بكــات، كــە میــدیاكان زۆرتــر و چــڕتر تێكــەڵ بــە ژیــانی كۆمەڵایــەتی مرۆڤــەكان بــبن، دەتــوانرێ بگوترێــت بــە هــۆی میــدیاوە مرۆڤــەكان پێكــەوە پەیوەنــدی دەگــرن، ســەرەرای ئــەوەی لــە شــوێن وكــاتی جیاوازدا دەژین.

تەلــەڤزیۆن دەبێتــە ئاوێنــەی نەتــەوەیی كــە ژن و پیــاو و پــیر و لاو و پێشــكەوتوو دواكــەوتوو خــۆی و ناســنامەی خــۆی تێــدا دەبینێتــەوە، وەك دەگــوترێ زمــان بــەردی بناغــەی ناســنامە پێكــدەهێنێت، مەبەســت تــەنها زمــانی نووســین و ئاخــافتن و زاراوەكــانی كــوردی نییــە، بــەڵكو مەبەســت ئــەو زمانــە كــەلتوری یــان چڤاكــــی كولتورییــە كــە بــە هــۆی كاریگەری تەلەفزیۆنە كوردییەكانەوە لای بینەری كورد جێدەگرێت. ١

گۆڤاری كۆنفرانسی سالانەی زمانی كوردی، ٢٠١٢، نەتەوەیەك لە ئاسماندا، سیاوەش گۆدەرزی [1]

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	:	واتاکەی
میدیا		ڕاگەیاندن
سۆنگە		ڕوانگە، دیدگە
وەشانکر		بڵاوکردنەوە
ئەکادیمی		زانستی
تێرم		زاراوە
کەلتوری		ڕۆشەنبیری
جڤاک		کۆمەڵ

پێرست

لاپەرە	بابەت	ز
٣	**پێشەکی**	
٤	**بەشی ڕێزمان**	
٥	ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە	.١
١٠	نیشانە تایبەتییەکانی نێرو مێ	.٢
١٧	ناوی نەناسراو ناوی ناسراو	.٣
٢٩	ناوی تاکو ناوی کۆ	.٤
٣٦	ناوی بچوککراو	.٥
٣٩	جێناوی کەسیی لکاو (ئـ)	.٦
٤٣	جێناوی کەسیی لکاو (ب)	.٧
٤٨	جێناوی کەسیی لکاو (پ)	.٨
٥٤	هاوەڵناو	.٩
٥٦	هاوەڵناوی چۆنییەتی	.١٠
٦١	جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی	.١١
٦٦	پلەکانی هاوەڵناوی چۆنییەتی	.١٢
٧١	هاوەڵناوی نیشانە	.١٣
٧٨	جێناوی نیشانە	.١٤
٨٣	جیاوازی هاوەڵنای نیشانەو جێناوی نیشانە	.١٥
٨٧	هاوەڵکار	.١٦

ز	بابەت	لاپەرە
١٧.	جۆرەکانی هاوەڵکار	٨٩
١٨.	گرێی ناوی	٩٤
١٩.	گرێی هاوەڵناویی	٩٨
٢٠.	گرێی هاوەڵکاری	١٠٣
٢١.	کاری تێنەپەرو کاری تێپەر	١٠٦
٢٢.	بەرکار	١١٣
	بەشی ئەدەب	١١٦
٢٣.	موفتی پێنجوینی	١١٧
٢٤.	مارف بەرزنجی	١٢١
٢٥.	ئەلفو بێ	١٢٤
٢٦.	قەدری جان	١٣٠
٢٧.	بێکەس	١٤٠
٢٨.	ئەمین زەکی بەگ	١٤٤
٢٩.	ئەسیری	١٤٩
٣٠.	دڵدار	١٥٢
٣١.	ساڵح یوسفی	١٥٦
٣٢.	کامیران بەدرخان	١٥٨
٣٣.	کاردۆخی	١٦٣
٣٤.	سادق بەهائەدین	١٦٦

ز	بابەت	لاپەرە
٣٥.	سوارەی ئیلخانی زادە	١٦٩
٣٦.	ئەحمەد دلزار	١٧٣
	بەشی خوێندنەوە	١٧٨
٣٧.	شێخ مەحمودی نەمر	١٧٩
٣٨.	هەمیشە بەدەم ژیانەوە پێبکەنە	١٨٦
٣٩.	زانست شتی سەیر دەدۆزێتەوە	١٩٠
٤٠.	مۆسیقا	١٩٥
٤١.	چۆن دەخوێنیتەوەو چی دەخوێنێتەوە	١٩٩
٤٢.	ئەشکەوتی شانەدەر	٢٠٣
٤٣.	ئەدیسۆن	٢٠٧
٤٤.	یەکی ئایار	٢١١
٤٥.	هەڵەبجەی شەهید	٢١٧
٤٦.	شۆرشی مەزنی ئەیلولی ١٩٦١	٢٢٢
٤٧.	خێزانێکی ئاوارە	٢٢٥
٤٨.	بەردە قارەمان	٢٣٢
٤٩.	دهۆك	٢٣٦
٥٠.	ئافرەتی کورد	٢٣٩
٥١.	میدیا	٢٤٢